# ئادابە ئیسلامییەکان

**ناوی کتێب : ئادابە ئیسلامییەکان**

**کۆکردنەوەی : دکتۆر عبداللطیف أحمد**

**وەرگێڕانی : ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان.**

**نۆرەی چاپ : یەکەم**

**ساڵی چاپ : ( ١٤٤١ کۆچی ).**

====================================

**لە بڵاوکراوەکانی**

**﴿ماڵپەڕی بەهەشت ، و ماڵپەڕی وەڵامەکان﴾**

ba8.org walamakan.com

# ئادابە ئیسلامییەکان

**کۆکردنەوەی**

**دکتۆر عبداللطيف أحمد**

**وەرگێڕانی**

**ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی

لەپاش سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار ئەمە بابەتێکی کورتە تایبەتە بە هەندێ لەئادابە ئیسلامیەکان کەڕۆژانە پێویستمان پێی دەبێت .

پێشکەشی دەکەین بەموسوڵمانان وەک فێرکردنی ئەو کەسانەی کەئاگاداری نین و بیرخستنەوەیەکیشە بۆ ئەوانەی کەدەیزانن ولێی بێئاگا بوون ، وە پێویستە لەسەر هەمووومان پارێزگاری لێ بکەین ، سەلەف و پێشینانی ئێمە پێش ئەوەی زانست فێر بن خۆیان شارەزا دەکرد لەئادابەکان .

ئەم ئادابانەم لەچەند کتێب ونوسراوێک دەرهێناوە ، لەوانە :

١- فصل الخطاب في الزهد والرقائق والآداب: محمد عويضة

٢- مهذب في الآداب الاسلامية: علي بن نايف

٣- آداب اسلامية للدكتور: السحيباني

٤- صحيح الآداب الاسلامية: بالي

٥- وە چەند نوسراوێکی تر

د.عبداللطيف أحمد مصطفى

## گرنگی تەربیەت وڕاهێنانی نەفس ودەروون :

ئیمامی ئاجوڕی -رحمه الله- له کتابی ( أدب النفوس) دا ، دەڵێت :

گەر کەسێک بڵێت : چ شتێک بەڵگەیە لەسەر تەربیەت وڕاهێنانی نەفس ودەروون ؟

ئەوا پێ دەگوترێت : قورئان وسوننه وقسەی زانایانی موسوڵمان ، گەر بوترێت : باسی بکە ؟

ئەوا پێ دەگوترێت : بەڵێ إن شاء الله.

خوای تەعالا فەرموویەتی : (( يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قُوَاْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ)) [التحريم:]الآية ٦.

واتە : ئەی باوەڕداران خۆتان و ماڵ و منداڵتان بپارێزن له ئاگرێك کە سووتەمەنیەکەی خەڵکی و بەردە .

دەڵێم : هەرکەسێک گوێی لەمە بێت واجبە لەسەری فێری ببێت و لێی بێ ئاگا نەبێت.

گەر گوتی : ئەوە باس بکە کەئینسان خۆی ماڵ وکەس وکاری پێ دەپارێزێت لەدۆزەخ ؟

ئەوا بڵێ : بەڵێ .

ئیمامی ابن کثیر رحمه الله لەتەفسیرەکەیدا لەعەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە گێڕاویەتیەوە دەبارەی ئەم ئایەتە فەرموویەتی: (( يَأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ قُوَاْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً )) فێری زانست وئەدەبیان بکەن .

وەهەروەها لە ابن عباس رضي الله عنهما گێڕاویەتیەوە : (( قُوَاْ أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً )) دەڵێت: فێری گوێڕایەڵی خودایان بکەن ، وفێریان بکەن دوور بن لەبێفەرمانی خودا ، وەفەرمان بەکەس وکارتان بکەن بە زیکر ، ئەوکات خودا ڕزگارتان دەکات لە ئاگر . أهـ

وە هەر تایبەت بەمانای ئەم ئایەتە ئەم فەرموودەیەمان هەیە کە عبدالله بن عمرو گێڕاویەتیەوە لە صەحیحی ( أبي داوود والترمذي ) دا ، هاتووە پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی : (( مروا أولادكم بالصلاة و هم أبناء سبع سنين و اضربوهم عليها و هم أبناء عشر سنين و فرقوا بينهم في المضاجع )).

واتە : فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژ کردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، وە لێیان بدەن لەسەری ئەگەر نەیانکرد کاتێ تەمەنیان گەیشتە دە ساڵی ، وە جێگای نوستنیان لێك جودا بکەنەوە.

وە ئیمامی مالك رحمە الله دەڵێت :" دایکم پێی دەگوتم : بڕۆ بۆ لای ڕەبیعە فێری ئەدەبەکەی ببە پێش ئەوەی فێری زانستەکەی ببیت .

وە عبد الله بن المبارك رحمە الله دەڵێت: " سەلەف وپێشینان فێری ئەدەب دەبوون پێش زانست .

وەهەروەها دەڵێت : ئەدەب دوو لەسەر سێی زانستە .

وەهەروەها دەڵێت : " سی ساڵ فێری ئەدەب بووم و بیست ساڵ فێری زانست بووم .

وه سفيان الثوري رحمه الله دەڵێت : دوای فەرزەکان هیچ شتێک باشتر نییە لەئەدەب ، وپێشتر پیاو فێری زانست نەدەبوو تاوەکو فێری بیست ساڵ ئەدەب نەبوونایە وخودا پەرستیان نەکردبایە".

وه ابن سِيرين رحمه الله دەڵێت : پێشینان فێری ئەدەب وڕەوشت دەبوون هەر وەک چۆن فێری زانست دەبوون .

وه هەندێ لە سەلەف بەکوڕەکەی دەوت: يا بني، لأن تتعلم باباً من الأدب أحب إليَّ من أن تتعلم سبعين باباً من أبواب العلم " .

واتە : ئەی کوڕی خۆم ، گەر بابەتێک لەئاداب فێر ببی پێم خۆشترە لەوەی حەفتا بابەت لەعیلم فێری ببی.

وەئیمامی زەهەبی دەڵێت : " كان يحضر مجلس الإمام أحمد خمسة آلاف، خمسمائة يكتبون، والباقون يستمدون من سمته وخلقه وأدبه " .

واتە : پێنج هەزار کەس ئامادە دەبوون لەکۆڕ ومەجلیسی ئیمام ئەحمەددا ، پێنج سەد دانەیان شتیان دەنووسی ، باقیەکەی تری فێری ئەدەب وئەخلاق دەبوون .

وه مخلد بن الحسين بە (ابن المبارك) ی دەگوت : " نحن إلى كثير من الأدب أحوج منا إلى كثير من الحديث" .

واتە : ئێمە زیاتر پێویستمان بەئەدەبە فێری ببین تاوەکو فێری فەرموودە ببین .

پاشان تەماشای ئەم فەرموودانە بکە ولێی ورد بەرەوە بەڵکو خودا بەهۆیەوە سوودت پێ بگەیەنێت .

- پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی ( إنما بعثت لأتمم صالح الأخلاق).

واتە : بەتەئکید من نێردراوم بۆ تەواو کردنی ڕەوشتی جوان .

- لە صحیح مسلم دا هاتووە پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی: (( البر حسن الخلق و الإثم ما حاك في صدرك و كرهت أن يطلع عليه الناس )).

واتە : چاکە بریتیە لەڕەوشت جوانی وخراپە وتاوان ئەوەیە کەلەدڵتدا دێت ودەچێت وپێی ناڕەحەتیت ، وپێت ناخۆشە خەڵک بیزانن .

- وە عبد الله بن عمرو گێڕاویەتیەوە هەروەک لە صەحیحی بوخاری موسلیم دا هاتووە دەڵێت : ( لم يكن رسول الله فاحشاً ولا متفحشاً وكان يقول: إن من خياركم أحسنكم أخلاقاً ).

واتە : پێغەمبەری خوا - ﷺ - قسە ناشیرین ودەم پیس نەبوو ، ودەیفەرموو : باشترینتان ئەوانەتانن کەڕەوشتیان لەهەمووتان جوانترە .

- وە صەحیحی ( أبي داوود والترمذي)دا ، هاتووە پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی: (( ما من شيء أثقل في الميزان من حسن الخلق، فإن الله يُبْغِضُ الفاحشَ البذيء )).

واتە : هیچ شتێک بەقەد ڕەوشت جوانی قورس نییە لەمیزاندا ، خودا کەسی دەم پیسی ئازار بەخشی خۆش ناوێ .

-وە لە صحیحی (أبي داود)هاتووە پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی: (( إن المؤمن ليدرك بحسن خلقه درجة الصائم القائم )).

واتە : کەسی باوەڕدار بەڕەوشتە جوانەکەی پلەی کەسێک بەدەست دێنێت کەبەردەوام بەڕۆژوو بێت وشەو نوێژ بکات .

وە ( الحافظ أبو نعيم) لە ( حلية الأولياء) لەزوهریەوە گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : كنا نأتي العالم فما نتعلم من أدبه أحب إلينا من علمه.

واتە : ئێمە دەچووین بۆ لای زانایەک ئەوەی کە لەئەدەب فێری دەبووین پێمان خۆشتر بوو لەزانستەکەی .

وەهەندێ لەزانایان گوتویانە : مِنْ فَضِيلَةِ الأَدَبِ أَنَّهُ مَمْدُوحٌ بِكُلِّ لِسَانٍ، وَمُتَزَيَّنٌ بِهِ فِي كُلِّ مَكَان، وَبَاقٍ ذِكْرُهُ عَلَى أَيَّامِ الزَّمَانِ.

واتە : لەفەزڵ وڕێزی ئەدەب ئەوەیە لەهەموو زمانێکدا مەدح کراوە ، وەلەهەموو شونێکدا خەڵک خۆی پێ دەڕازێنێتەوە ، وناوی لەهەموو زەمانێکدا دەمێنێتەوە .

وە هەندێ لەحەکیمەکان گوتویانە : الأدبُ صُورَةُ الْعَقْلِ فَصَوِّرْ عَقْلَك كَيْفَ شِئْتَ.

واتە : ئەدەب وێنەی عەقڵە ، دەی وێنەی عەقڵتان بەدڵی خۆتان بکێشن .

وەیەکێکی تر لەزانایان گوتوویەتی : الْعَقْلُ بِلاَ أَدَبٍ كَالشَّجَرِ الْعَاقِرِ، وَمَعَ الأدبِ كَالشَّجَرِ الْمُثْمِرِ.

واتە : عەقڵ بەبێ ئەدەب وەک داری بێ بەر وایە ، وە لەگەڵ ئەدەبدا وەک داری بەر وایە .

وە هەندێ لەبەلیغەکان گوتویانە : الْفَضْلُ بالْعَقْلِ والأدب، لاَ بالأصلِ وَالْحَسَبِ؛ لِأَنَّ مَنْ سَاءَ أَدَبُهُ ضَاعَ نَسَبُهُ، وَمَنْ قَلَّ عَقْلُهُ ضَلَّ أَصْلُهُ.

واتە : فەزڵ بەعەقڵ وئەدەبە ، نەک بەبنەماڵەو ڕەچەڵەکە ؛ چونکە هەرکەسێک ئەدەبی خراپ بێت بنەماڵە وعەشیرەتی لەدەس داوە ، وەهەر کەسێک عەقڵی کەم بێت ڕەچەڵەکی ون کردووە .

وەهەندێکی تر لەزانایان گوتویانە: ((الأدبُ وَسِيلَةٌ إلَى كُلِّ فَضِيلَةٍ، وَذَرِيعَةٌ إلَى كُلِّ شَرِيعَةٍ)) .

واتە : ئەدەب وەسیلەیەکە بۆ هەموو ڕێزێک ، ودەبێتە هۆکاری هەموو شتێکی چاک وشەرعی .

## ڕێگاكانی به‌ده‌س هێنانی ته‌ربیه‌تی نه‌فس :

١) ته‌ربیه‌تی منداڵ له‌بچووكیه‌وه :

ئه‌مه‌ش واجبی دایكان وباوكان ومامۆستاكانه له‌ماڵ وله‌قوتابخانه ، عبد الملك بن مروان به‌و كه‌سه‌ی گوت كه منداڵه‌كه‌ی ته‌ربیه‌ت ده‌دا : ( علمه الصدق كما تعلمه القرآن، واحملهم على الأخلاق الجميلة وجالس بهم أشراف الناس وأهل العلم منهم فإنهم أحسن الناس ورعا وأحسنهم أدبا، واضربهم على الكذب وجنبهم شتم أعراض الرجال، واحملهم على صلة الأرحام، واعلم أن الأدب أولى بالغلام من النسب ) لباب الآداب .

واته : فێری ڕاستگۆیی بكه وه‌ك چۆن فێری قورئانی ده‌كه‌یت ، وفێری ڕه‌وشتی جوانیان بكه‌ن ، وله‌مه‌جلیسی باشترین كه‌س وزانایاندا دایان بنیشێنن ، چونكه ئه‌وان باشترین كه‌سن له‌ڕووی ڕه‌وشت و وه‌رعه‌وه وله‌هه‌موویان ڕه‌وشت جوانترن ، وه‌له‌سه‌ر درۆكردن لێیان بده‌ن ، ودووریان بخه‌نه‌وه له‌جوێن دان به‌خه‌ڵك ، وفێری سیله‌ی ڕه‌حمیان بكه‌ن ، بزانه ئه‌ده‌ب له‌پێشتره بۆ منداڵ له‌نه‌سه‌ب .

وه أبو حامد الغزالي رحمه الله ده‌ڵێت : منداڵ ئه‌مانه‌ته له‌لای دایك وباوكی ، خۆ ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر خێر ڕاهێنرا وفێر كرا ئه‌وا له‌سه‌ری ڕادێ وخۆش گوزه‌رانی دونیا ودوا ڕۆژ ده‌بێت ، وه‌دایك وباوك و مامۆستاكانی ده‌بنه هاوبه‌شی له‌خێره‌كه‌یدا ، پێویسته له‌سه‌ر باوك منداڵه‌كه‌ی بپاریزێت ، به‌وه‌ی ئه‌ده‌بی بدات وفێری ڕه‌وشتی جوانی

بکات ، وبیپارێزێت لە هاوڕێی خراپ ، ونابێ ڕایبێنێت لەسەر خۆش گوزەرانی وڕەفاهیەت ، چونکە تەمەنی بەفیڕۆ دەچێت لەبەدەس هێنانیدا .

٢) وەیەکێکی تر لەڕێگاکانی بەدەس هێنانی ڕەوەشت وئەدەب: تەماشا کردنی بەسەرهاتەکانی قورئان وکتێبی فەرموودەکان وبەسەر هات وژیاننامەی پێغەمبەری خوایە صلی اله علیه وسلم .

٣) ئیلتزام کردن بەمەجلیس وکۆڕی ئەهلی حەدیسەوە؛ چونکە ئەوان زاناترین کەسن بەسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ.

٤)هەروەها تەماشا کردنی سیرەی هاوەڵان وتابعین وپێشەواکان ئەوانەی کەمەشهورن بەئەدەب و وەڕع ودین داری ، وگرنگترین کتێبەکان کتابی (سير أعلام النبلاء للإمام الذهبي رحمه الله) .

٥) فێر کردنی خەڵک و بیر خستنەوەیان بەبەردەوامی بەگرنگی دان بەئەدەب لەژیانی ڕۆژانەیاندا ، وترسناکی لەدەسدان وپشت گوێ خستنی ، ئەمەش بە وتار و کۆڕ وموحازەڕات دەبێت لەسەر تەئکید کردنەوە لەسەری بەبەڵگەی ڕاست وصەحیح .

٦) خوێندنەوەی ئەو کتێب ونامیلکانەی کەتایبەتن بە بابەتی ئادابی ئیسلامی ، وکار کردن بۆ بڵاو کردنەوەی لەنێو خەڵکدا .

٧) هاوەڵێتی کردنی کەسانی لێزان و زانایان ئەوانەی کەدەس گرتوون بەئادابەوە .

٨) خۆ پاراستن لەو ئاداب ورەوشتە ناشیرنانی کەبڵاو بوونەتەوە لەنێو تاک وکۆمەڵگادا .

٩) ڕاهێنانی نەفس لەسەر ئادابە شەرعییەکان ؛ هەر بۆیە پێغەمبەر ﷺ دەیفەموو : (" إنما العلم بالتعلم، وإنما الحلم بالتحلم، ومن يتحرَّ الخير يُعطه، ومن يتق الشر يُوقّه )" صحيح الجامع الصغير

واتە : زانست بەهەوڵدان وخوێندنە ، وحیلم ولەسەر خۆیی بەخۆ ڕاهێنانە لەسەری ، وە هەر کەسێک بەدوای خێردا بگەڕێت پێی دەبەخشرێت ،و هەر کەسێک لەشەڕ خۆی بپارێزێت دەپارێزرێت .

وە أبو حامد الغزالي رحمه الله دەڵێت :

هەرکەسێک بۆ نموونە دەیەوێت سەغی ودەس بڵاوی بەدەس بێنێت ئەوا بەوە دەبێت زۆر لەخۆی بکات بەماڵ بەخشین ، وبەردەوام هەوڵ لەگەڵ نەفسی خۆیدا بدات وبەردەوام بێت لەسەری تاوەکو ئەوە دەبێتە تەبعی ولەسەری ڕادێت ودەبێتە کەسێکی سەخی ...بێگومان هەموو ڕەوشتێکی چاک لەشەرعدا بەم ڕێگایە بەدەست دێت .

حەتمەن هەرکەسێک ڕێگای ئەدەبی هەڵبژارد لەگەڵ ئەوەی نیەتی پاک بێت ئەوا خودا تەوفیقی دەدات ویارمەتی دەری دبێت .

## ١. ئەدەب لەگەڵ خودادا :

بەئەدەب بوون لەگەڵ خودادا وا دەخوازێت بەتەنها خودا پبەرسترێت وبەگەورە بزانرێت ، وفەرمانەکانی جێ بەجێ بکرێت وسنوورەکانی نەبەزێندرێت ، وە شەرمی لێ بکرێت ، ئا ئەمانە دڵ وزمان ولاشە دەگرنەوە .

جا دەکرێت بەئەدەب بوون لەگەڵ خودادا لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە :

١) ئیمان هێنان بەدڵ ، وبەزمان دەربڕینی بەوەی : هیچ پەرستراوێک جگە لەخودا شیاوی پەرستن نی یە ، و هاوشێوەی نی یە ، ومنداڵ وهاوڕێ وهاوسەر وهاوبەشی نەبووە .

٢) ئیمان هێنان بەوەی کەخودا وەسفی خۆی پێ کردووە لەکتابەکەیدا ، وەهەروەها بەوانەش کەپێغەمبەرەکەی - ﷺ - وەسفی کردووە ، بەبێ لادانی ماناو لەکار خستنیان ، وە بەبێ چۆنیەتی وشوبهاندنی بەمەخلوقات ولەکار خستنیان .

٣) گەورەترین ئەدەب : بەتاک ڕاگرتنی خودایە ، وەبەتەنها عیبادەت کردنە بۆی ، وەگەورەترین بێ ئەدەبی : هاوبەش بڕیاردانە بۆی وکردنی یەکێک لەعیبادەتەکانە بۆ غەیری خودا ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی -: ﴿ وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ﴾ [الإسراء: ٢٣]،

واتە : وە پەروەردگارت فەرمانی کردووەو بڕیاری داوە کە هیچ کەسێك نەپەرستن تەنها زاتی پیرۆزی الله نەبێ چونکە تەنها ئەو شایەنی پەرستنە .

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦]،

واتە : وە من جن و مرۆڤم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێ بە تاك و تەنها بمپەرستن وە ملکەچی فەرمانی من بن.

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ ﴾ [البينة: ٥]،

واتە : وە ئەهلی کتاب فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێ بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن بە ئیخلاص و دڵسۆزی و نیاز پاکییەوە وە شەریکی بۆ دانەنێن ، وە لە شیرك لادەن و بێنە سەر تەوحید .

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ [النحل: ٣٦].

واتە : وە بەدڵنیایی ئێمە بۆ هەموو کۆمەڵە خەڵك و نەتەوەیەك لە شوێنێك ژیابێتن پێغەمبەرێکمان بۆ ناردوون ، ئیشی هەموو پێغەمبەران ئەوە بووە بە خەڵکەکەیان وتووە: ئەی خەڵکینە بەتاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و شەریك بۆ خوا دامەنێن وە خۆتان دووربخەنەوە لە

تاغوته‌كان وه‌كو شه‌یتان و فاڵچیه‌كان و ساحیره‌كان و بت و هه‌موو كه‌سێك كه‌ بپه‌رسترێت و ڕازی بێت به‌و په‌رستنه‌، یان بانگه‌وازی خه‌ڵكی بكات بۆ په‌رستنی خۆی، یان باوه‌ڕی به‌ حوكمی خوای گه‌وره‌ نه‌بێت و به‌ كۆنه‌په‌رستی بزانێت، یان حوكمێكی تر به‌باشتر بزانێت له‌ حوكمی خوا، یان یه‌كسانی بكات به‌ حوكمی خوا .

٤) به‌ڕاست زانینی هه‌موو ئه‌و بابه‌ته‌ غه‌یبیانه‌ی كه‌خودا هه‌واڵی پێداوه‌ .

خودا له‌باره‌ی خۆیه‌وه‌ فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا ﴾ [النساء: ٨٧].

واته‌ : كێ هه‌یه‌ قسه‌و هه‌واڵه‌كانی له‌ خوای گه‌وره‌ ڕاستگۆتر بێ، واته‌: كه‌س نیه‌.

٥) به‌ڕه‌وشت بوون له‌گه‌ڵ خودادا به‌وه‌ ده‌بێت : مرۆڤ ئه‌حكامه‌كانی خودا قه‌بوڵ بكات وجێ به‌جێی بكات ، وهیچ یه‌كێكیان ڕه‌ت نه‌كاته‌وه‌ ، هه‌ركات شتێک له‌ئه‌حكامه‌كانی خودای ڕه‌تكرده‌وه‌ ئه‌وا بێگومان بێ ئه‌ده‌بی یه‌ به‌رانبه‌ر به‌خودا ، جا جیاوازی نی یه‌ ئینكاری حوكمه‌كه‌ بكات ، یاخود خۆی به‌گه‌وره‌ بزانێت وكاری پێ نه‌كات ، یاخود كه‌م ته‌رخه‌می بكات له‌به‌جێ هێنانیدا ، خوای په‌روه‌ردگار فه‌رموویه‌تی :

﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا ﴾ [الأحزاب: ٣٦].

واتە : وە بۆ هیچ باوەڕدارێكی پیاو و ئافرەت حەڵاڵ نیە كە كاتێك خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله علیه وسلم - بڕیارێك بدەن ئەوان سەرپشك بن لەوەی كە شتێكی تر هەڵبژێرن، بەڵكو پێویستە لەسەریان پابەندی گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا بن - صلى الله علیه وسلم - ، وە هەر كەسێك سەرپێچی خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله علیه وسلم - بكات ، ئەوە گومڕا بووە گومڕابوونێكی زۆر ئاشكرا .

٦) ڕازی بوون بەقەدەری خودا :

بەوەی مرۆڤی موسوڵمان ڕازی بێت لەبەرانبەر قەدەرەكانی خودادا وئارام بگرێت لەسەریان ، وەبزانێت خودا كاتێ شتێكی بەسەردا دێنێت حیكمەتی گەورەی تێدایە .

٧) ملكەچی وخۆ زەلیل كردن بۆخودا ، وەئومێد بوون وترسان لێی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی -: ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ ﴾ [الأنبياء: ٩٠.

واتە : بە دڵنیایی ئەم پێغەمبەرانە دەستپێشخەریان ئەكرد لە كردەوەی چاكدا، وە لێیان دەپاڕانەوەو عیبادەتی ئێمەیان ئەكردو ڕەغبەتیان هەبوو لە خێرو چاكە، وە لە شەڕو خراپە خۆیان پاراستووە،

یاخود بە ڕەغبەتی بەهەشتەوەو لە ترسی دۆزەخدا عیبادەتی ئێمەیان کردووە ، وە بۆ ئێمە ملکەچ و باوەڕدار بوونە.

٨- بەتەنها ترسان لەخودا وپشت بەستن پێی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا ذَلِكُمُ الشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ [آل عمران: ١٧٥]،

واتە : ئەوەی کە داتانئەنیشێنێت و نایەڵێ دەرچن بۆ جیهاد وە ئەتانترسێنێ ئەوە تەنها شەیتانە کە ترسی دۆستەکانی خۆی لە کافران ئەخاتە دڵی باوەڕدارانەوە ، بەڵام ئەی باوەڕداران ئێوە لەوان مەترسن و ترسی کافرانتان نەبێ، ئێوە تەنها لە من بترسن ئەگەر ئیماندارن .

وە هەروەها فەرموویەتی -: ﴿ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ ﴾ [الطلاق: ٣].

واتە : وە هەر کەسێك کارەکانی بە خوای گەورە بسپێرێ و تەوەکول بکاتە سەر خوای گەورەو متمانەی بە خوای گەورە بێت ئەوە خوای گەورەی بەسە بەوەی کە کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات ، بە دڵنیایی خوای گەورە کاری خۆی ئەباتە سەرو جێبەجێی دەکات و هیچ کەسێك ناتوانێ ڕێگری لە خوای گەورە بکات، یان خوای گەورە بێ دەسەڵات بکات .

٩) جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی ، ودوور کەوتنەوە لەڕێگری لێکراوەکانی ، وخودا کردنە حەکەم لەهەموو شتێکدا ، وەهەروەها

مرۆڤ پێویستە ترسی لەتاوانەکانی هەبێت ، و دان بنێت بەکەمتەرخەمیەکانیدا .

١٠) شەرم کردن لەخودا ، و دووركەوتنەوە لەتاوانە قێزەونەکان ، وکەم تەرخەمی نەکردن لەفەرمانەکان ومافەکانی خودادا ، ودانونان بەفەزڵ ونیعمەتەکانی خودادا ، پێغەمبەری خودا - ﷺ - فەرموویەتی : (( الحياء كلُّه خير )) مسلم: ٣٧.

واتە : شەرم کردن هەمووی خێرە .

١١) بەگەووە زانینی دین وشەرعەکەی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی -: ﴿ ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ عِنْدَ رَبِّهِ ﴾ [الحج: ٣٠]،

واتە : وە هەر کەسێك ڕێز لە دروشمەکانی خوای گەورە بگرێ وە بەجوانی جێبەجێی بکات و خۆی لە تاوان بپارێزێت ئەوە بۆ خۆی باشترە لای خوای گەورە، خوای گەورە ئەجرو پاداشتی زۆری ئەداتەوە.

وە هەروەها فەرموویەتی -: ﴿ وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ ﴾ الحج: ٣٢.

واتە :بەم شێوازە هەر کەسێك دروشمەکانی دین و فەرمانی خوای گەورەو حەج کردن بە گەورە بزانێ، یان ئاژەڵی قەڵەو و گەورەو چاك سەربڕێت ، ئەمە نیشانەی تەقوای دڵی ئەو کەسەیە کەسێکە تەقوا لە دڵیدایە.

١٢) سوپاس کردنی خودا بەدڵ لەسەر نیعمەتەکانی ، ودانانان پیایدا ، وبەلاشە گوێڕایەڵی کردنی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ [النحل: ١٨]،

واتە : ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرن ئەوە لە ژماردن نایەن لەبەر زۆری نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە ، بە دڵنیایی خوای گەورە زۆر لێخۆشبوو بە بەزەییە .

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَا بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللَّهِ ﴾ النحل: ٥٣.

واتە : وە هەرچی نازو نیعمەتێکیش هەیە بە هەموو جۆرو شێوازەکانییەوە دینی بێت یان دونیایی بێت هەر هەمووی لەلایەن خوای گەورەوەیە .

وەپێغەمبەری خوا - ﷺ - فەرموویەتی : ((إن الله ليَرضى عن العبد أن يأكل الأكلة فيَحمده عليها، أو يَشرب الشربة فيَحمده عليها )) مسلم: ٢٧٣٤.

واتە : خودا لەبەندە ڕازی دەبێت بەوەی کاتێ خواردنێک خوارد سوپاسی خودای لەسەر بکات ، وە یاخود خواردنەوەیەکی خواردەوە سوپاسی خودای لەسەر بکات .

١٣) بەگەورە دانانی ناوی خودا : بەوەی هەرکاتێک ناوی خودای نوسی لەدوایەوە کەلیمەی : گەورە یاخود پەروەردگار ...هتد ، بنوسێت

، وەهەروها ناوەکانی خودا نەباتە شوێنی پیسەوە مەگەر زۆر زەڕورڕ بێت ، وەهەروەها ئەو وەڕەقانەی کەناوی خودایان لەسەر نوسراوە فڕێ نەداتە نێو تەنەکەی زبڵەوە .

١٤) بەردەوام بوون لەسەر خشوع لەنوێژدا ئەوپەڕی ئەدەبە لەگەڵ خودای پەروەردگاردا .

ابن القيِّم رحمه الله دەڵێت : یەکێک لەئەدەبەکان لەگەڵ خودای پەروەردگاردا ئەوەیە : وەستانە لەبەردەم خودادا لەنوێژدا ، وە دەستی ڕاست لەسەر دەستی چەپ دابنرێت لەنوێژدا ؛ لە [( الموطأ )]ی ئیمام مالیک دا هاتووە لەسەهلی کوڕی سەعدەوە : ( أنه مِن السنَّة، وكان الناس يؤمرون به، ولا ريبَ أنه مِن أدب الوقوف بين يدي الملوك والعظماء؛ فعظيمُ العظماء أحق به)؛ (مدارج السالكين - لابن القيم - جـ ٢ - صـ ٣٦٤).

واتە : لەسوننەتەوەیە ، وەخەڵک فەرمانیان پێ دەکرا پێی ، وەبێگومان لەئەدەبی وەستانە لەبەرانبەر مەلیک وگەورەکاندا ، وەبێگومان گەورەترین گەورەکان کەخودایە لەپێش ترە بۆ ڕێز گرتن لێی وجوان وەستان بەرانبەری .

١٥) لەبەرکردنی باشترین جل لەکاتی نوێژدا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ [الأعراف: ٣١].

واتە : ئەی ئادەمیزاد ئێوە لە هەموو مزگەوتێکدا خۆتان بڕازێننەوە.

وە ئیمام ابن تیمیة رحمه الله دەڵێت : "كان لبعضِ السلف حُلَّةٌ بمبلغٍ عظيمٍ من المال، وكان يلبَسُها وقت الصلاة ويقول: ربي أحقُّ مَن تجمَّلت له في صلاتي".

واتە : هەندێ لەسەلەف جلێكی گران بەهای هەبوو ، لەكاتی نوێژدا لەبەری دەكرد ، ودەیگوت : خودا لەهەموو شتێک لەپێشترە خۆمی بۆ جوان بكەم لەكاتی نوێژەكانم دا .

١٦) گوێڕایەڵی كردنی پێغەمبەرەكەی ﷺ:

یەكێكی تر لەئەدەب بوون لەگەڵ خودادا ئەوەیە مرۆڤم گوێڕایەڵی پێغەمبەر ﷺ بكات ؛ چونكە خودا ناردوویەتی بۆ خەڵک ، وە ڕایسپاردووە بەرنامەكەی بەخەڵک بگەیەنێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَخْشَ اللَّهَ وَيَتَّقْهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَائِزُونَ ﴾ النور: ٥٢

واتە :وە هەر كەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بكات - صلى الله عليه وسلم - ، وە بە زانیاریەوە لە خوای گەورە بترسێ ، وە تەقوای خوای گەورە بكات ، ئا ئەم كەسانە براوەن لە دونیاو قیامەت .

وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ تَوَلَّى فَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴾ النساء: ٨٠،

واتە : هەر كەسێك گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بكات- صلى الله عليه وسلم - بەدڵنیایی ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی كردووەو

سەرفراز دەبێت ، وە هەر کەسێ پشت هەڵکات لە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم - ، ئەوە تۆمان نەناردووە کە کردەوەکانیان بپارێزی تەنها ئەوەندەت لەسەرە کە دینەکەی خوای گەورەیان پێ بگەیەنی، وە خۆیان زەرەرمەند دەبن .

وە ئیمامی بوخاری وموسلیم لەئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە کەپێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : (( مَن أطاعني فقد أطاع اللهَ، ومَن عصاني فقد عصى الله ))؛ (البخاري - حديث: ٧١٣٧ / مسلم - حديث: ١٨٣٥.

واتە : هەرکەسێک گوێڕایەڵی من بکات ئەوا بەتەئکید گوێڕایەڵی خودای کردووە ، هەرکەسێک بێفەرمانی من بکات ئەوا بەتەئکید بێفەرمانی خودای کردووە .

## ٢. بەئەدەب بوون لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ:

بەئەدەب بوون لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بەم شێوەیەیی لای خوارەوە دەبێت :

١) باوەڕ بوون بەوەی پەیامەکەی خودای بەتەواوی گەیاندووە ، وەئەو ئەمانەتەی کە لەسەر شانی بوون ئەدای کردووە ، وئامۆژگاری ئومەتەکەی کردووە ، ولەپێناوی خودادا جەنگاوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی وەفاتی کردووە .

٢) خۆشویستنی پێغەمبەر - ﷺ - وە پێشخستنی خۆشەویستی ئەو بەسەر هەموو خەڵکدا ، تەنانەت بەسەر خودی خۆت وماڵ ومنداڵ ودایک وباکیشدا .

٣) ڕێزگرتن لێی وبەگەورە زانینی ، خوای تەعالا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا * لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُ [٢]وَتُسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلاً ﴾ [الفتح: ٨ - ٩].

واتە :ئەی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - بە دڵنیایی تۆمان ناردووە کە شایەت بیت بەسەر ئوممەتەکەتەوە، یاخود شایەت بیت بۆ خوای گەورە کە تاك و تەنهاو بێشەریکە ، وە موژدەدەر بیت بە هەر کەسێك کە ئیمانت پێ دێنێت بە بەهەشت ، وە ترسێنەر بیت بۆ هەر کەسێك کە ئیمانت پێ ناهێنێت بە دۆزەخ .

تا ئیمان به خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی - صلی الله علیه وسلم - بێنن، وه پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - بەگەوره بزانن وه ڕێزو ئیحتیرامی بگرن وه سەری بخەن، وه تەسبیحات و زیکری خوای گەوره بکەن به بەیانیان و به ئێواران.

٤) شوێن پێ هەڵگرتنی ،وشوێن کەوتنی سوننەتەکانی ، وسوور بوون لەسەر جێ بەجێ کردنی ڕێبازەکەی .

٥) حوکم کردن بەشەریعەتەکەی ، خوای تەعالا فەرموویەتی : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا[٣] مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ [النساء: ٦٥].

واته : ئەی محمد- صلی الله علیه وسلم - سوێند بێ به پەروەردگارت ئیمان ناهێنن تا تۆ نەکەنه حاکم و دادوەر لەو ناکۆکیانەی که له نێوانیاندا ڕوو ئەدات ، پاشان که تۆ بڕیارت دا له نێوانیاندا نابێ له نەفس و ناخیشیاندا هیچ پێ ناخۆش بوونێك هەبێ لەو بڕیارەی که تۆ داوته، وه ئەبێ لەناخی دڵیاندا پێی ڕازی بن و دڵیان پێی خۆش بێ ، وه خۆیان تەسلیم بکەن بەو بڕیارەی تۆ تەسلیم بوونێکی تەواو بەبێ ڕەتکردنەوه .

٦) فەرمانەكانی جێ بەجێ بكرێت ، وە شتێک نەکرێت کەڕێگری لێ کردووە :

ابن القيِّم دەڵێت : بەشێک لە بەئەدەب بوون لەگەڵ پێغەمبەر - ﷺ - ئەوەیە : فەرمانەكانی جێ بەجێ بکرێت ، وە شتێک نەکرێت کەڕێگری لێ کردووە ، وەهیچ کارێک نەکرێت مەگەر بەئیزنی ئەو نەبێت ، خوای تەعالا فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ [الحجرات: ١].

واتە : ئەی باوەڕداران ئێوە قسەو کردەوەتان مەخەنە پێش دەستی خواو پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - ، واتە: پێچەوانەی قورئان و سوننەت هیچ شتێك مەڵێن و هیچ کردەوەیەك مەكەن و هیچ بڕیارێك مەدەن، وە تەنها شوێن قورئان و سوننەت بكەون و پێشیان مەكەون ،وە تەقوای خوای گەورە بكەن چونكە بەڕاستی خوای گەورە زۆر بیسەرو زانایە.

ئەمەش دەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی ونەسخ نابێتەوە ، جا پێش کەوتنی سوننەتەکانی دوای مردنی وەک پێش کەوتنیەتی لەژیانیدا، وهیچ جیاوازیەکی نی یە لای کەسێک کەعەقڵێکی سەلیم وتەواوی هەبێت .

٧) سەڵاوات دان لەسەری کاتێ کەناوی دەهێندرێت ، خوای تەعالا فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾ [الأحزاب:٥٦].

واتە :بە دڵنیایی خوای گەورەو فریشتەکان صەڵاوات لەسەر پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - دەدەن، صەڵاوات دانی خوای گەورە دابەزینی ڕەحمەت و سۆزو میهرەبانی و بەرەکەتی خوای گەورەیە، وە مەدح و سەنای خوای گەورەیە لەلای فریشتەکان، وە صەڵاواتی مەلائیکەتیش بریتییە لە داوای لێخۆشبوون ، ئەی باوەڕداران ئێوەش زۆر صەڵاوات لەسەر پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم - بدەن و سەلامی لێ بکەن، (صەڵاوات شێوازی زۆرە بەڵام باشترینیان ئەوەیە کە لە تەحیاتدا دەیخوێنین).

٨) ناوی نەهێندرێت تەنها بەناوی خۆیەوە نەبێت ، بەڵکو پێویستە لەگەڵیدا بوترێت پێغەمبەر ونێردراوی خودا ، لەبەر ئەم ئایەتە پیرۆزە : ﴿ لَا تَجْعَلُوا دُعَاءَ الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاءِ بَعْضِكُمْ بَعْضًا ﴾ [النور: ٦٣].

واتە :چۆن لە نێوان خۆتاندا هەندێکتان بە ناوی خۆتانەوە بانگی هەندێکتان ئەکەن بەو شێوازە بانگی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - مەکەن بەناوی خۆیەوەو بڵێن: ئەی محمد - صلى الله عليه وسلم -،بەڵکو بە ئەدەب و ڕێزو بەگەورە زانینەوە بڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - .

٩) دەنگ بەرز نەکرێتەوە بەسەر دەنگیدا ؛ چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی کردەوەکان ، خوای تەعالا فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ وَلَا تَجْهَرُوا لَهُ بِالْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَنْ تَحْبَطَ أَعْمَالُكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴾ [الحجرات: ٢].

واتە :ئەی باوەڕداران کاتێك کە قسە ئەکەن دەنگتان بەرز مەکەنەوە بەسەرووی دەنگی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - وە با دەنگتان لەسەرووی دەنگی ئەو نەبێ وەکو چۆن هەندێکتان لەگەڵ هەندێکی ترتاندا بە دەنگی بەرز قسە ئەکەن، واتە: بەڕێزو ئیحتیرامەوە لەگەڵ پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - قسە بکەن، یان کە بانگتان کرد مەڵێن: ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - بەڵکو بڵێن: ئەی پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - ، چونکە لەوانەیە پێغەمبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - تووڕەبێ بە تووڕەبوونی ئەویش خوای گەورە تووڕەبێت و کردەوەکانتان بەتاڵ بێتەوەو ئێوە هەست نەکەن .

## ٣- بەئەدەب بوون لەگەڵ نەفسی خۆتدا :

بەئەدەب بوون لەگەڵ نەفسی خۆتدا بەوە دەبێ شوێن ڕێباز وكار كردەوەكان وهەموو هەنگاوەكانی پێغەمبەر ﷺ بكەویت .

ابن القیم رحمه الله دەڵێت : خواردن وخواردنەوە ئادابی خۆی هەیە ، وەهەروەها سوار بوون ئادابی خۆی هەیە ، وە چوونە ژوورەوە وسەفەر كردن ونوستن ئادابی خۆی هەیە ، وە دەس بەئاو گەیاندن ئادابی خۆی هەیە ، وە بێدەنگ بوون وگوێ گرتن ئادابی خۆی هەیە ... مدارج السالكين.

جا هەندێكی تر لە بەئەدەب بوون لەگەڵ نەفسی خۆتدا:

١) لێپرسینەوە لەنەفسی خۆت

٢) پاكردنەوەی وگرنگی دان پێی وپشت گوێ نەخستنی

٣) پاكردنەوەی دڵ لەو شتانەی كەخودا توڕە دكات

٤) بەردەوام بوون لەسەر گوێڕایەڵی كردنی خودا ، ودوور كەوتنەوە لەخراپە وتاوان

٥) خواردنی حەڵاڵ .

## ٤- ئادابەکانی هەستان لەخەو :

١)زیکر ویادی خودا

٢) کردنەوەی گرێکانی شەیتان ، حەتمەن ئەمەش بەدەس نوێژ گرتن ونوێژ کردن دەبێت

٣) سیواک کردن

٤) بەخەبەر کردنەوەی ماڵ ومنداڵ بۆ نوێژ

## ٥. ئادابەکانی دەس بەئاو گەیاندن وچوونە سەرئاو :

سەرئاو کردن چەند ئادابێکی هەیە ، پێویستە لەسەر قوتابی زانست (طالب العلم) ئاگاداری بێت وجێ بەجێی بکات بەڵکو شوێن پێی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەڵبگرێت وشوێنی بکەوێت ، جا بەکورتی ئەو ئادابانە بریتین لە :

١) دوور کەوتنەوە لەو سەرئاوکردن لە سێبەری خەڵکی و ڕێگادا

٢) حەڕامە میز کردنە نێو ئاوی ڕاوەستاوە.

٣) وە حەڕامە میز کردن لەمزگەوتدا.

٤) زیکر کردن لەکاتی چوونە سەرئاو وهاتنە دەرەوە لێی.

٥) باش نییە شتێک لەگەڵ خۆتدا بەریتە سەر ئاو کەناوی خودای یاخود زیکری لێ نوسرابێت.

٦) لەدەشتایدا دروست نی یە ڕووو یاخود پشت بكرێتە قیبلە بەڵام لەسەرئاو و ئاودەستدا دروستە ، بەڵام باشتر وایە لەوێشدا ئەو كارە نەكرێت.

٧) ڕووو نەكردنە ئەو جێگەیەیی كەبای لێوە دێت ، ئەمەش والله أعلم بۆ ئەوەیە نەوەك باكە جلەكانی بەرز بكاتەوە وەخەڵك عەوڕەتی ببینن .

٨) خۆ داپۆشین لەكاتی سەرئاو كردندا.

٩) میز كردن بەپێوە یاخود دانیشتنەوە.

١٠) ڕێگری كراوە لەوەی بەدەستی ڕاست خۆ پاك بكرێتەوە.

١١) خۆ پاكردنەوە بەئاو یاخود بەرد.

١٢) خۆپاكنەكردنەوە بەئێسقان وپاشەڕۆی حەیوان .

١٣) باش وایە كاتێ بەبەرد خۆ پاك دەكرێتەوە بەردەكان تاك بن ، واتە : سێ یاخود پێنج بەرد بێت.

١٤)باش نیە لەكاتی دەس بەئاو گەیاندندا قسە بكرێت.

١٥) شوشتنی هەردوو دەست لەكاتی دەرچوون لەسەر ئاو.

## ٦- ئادابەکانی دەس نوێژ

١) بسم الله کردن لەسەرەتایی دەست نوێژەوە.

٢) سیواک کردن.

٣) جوان دەس نوێژ گرتن.

٤) زیادەڕۆی نەکردن لەبەکار هێنانی ئاودا.

٥) شوشتنی هەردوو دەست.

٦) دەست خستنە نێو پەنجەکانی دەست وپێ.

٧) سێ جار ئاو لەدەم ولوت وەردان.

٨)دەست خستنە نێو ڕیشی پڕ و زۆر.

٩) پاڕانەوە لەدوای دەست نوێژ.

١٠) کردنی دوو ڕکات نوێژ دوای دەست نوێژ.

## ٧- ئادابی خۆشوشتن:

١) بسم الله کردن لەکاتی داکەندنی جلەکاندا.

٢) داپۆشینی عەورەت تەنها لەخێزان یاخود مێرد نەبێت.

٣) پاراستنی چاو لەتەماشا کردنی عەوڕەتی کەسانی تر.

٤) زیادەڕۆی نەکردن لەبەکار هێنانی ئاودا.

٥) خۆ شوشتن بەپێی سوننەت.

٦) لەلای ڕاستەوە دەست پێ کردن.

٧) زوو خۆشوشتن کاتێ لەشی گران دەبێت.

٨)سوور بوون لەسەر خۆ شوشتنی ڕۆژی هەینی.

## ٨- ئادابی جل لەبەر کردن :

١) واجبە عەوڕەتی داپۆشرێت ، واتە : لەبەر چاوی کەسانی تر جل دانەنێت.

٢) باش وایە جلی سپی لەبەر بکرێت.

٣) باش وایە جلی جوان وبۆن خۆش لەبەر بکرێت.

٤) باش وایە جلێک لەبەر کات کەنیعمەتەکانی خودای بەسەرەوە دیار بێت ، واتە : گەر هەیبوو جلی ناشرین وکۆن لەبەر نەکات.

٥) باش وایە جلی زۆر بەناو بانگ وکەشخە لەبەر نەکرێت.

٦) نابێت جلی پیاوان بکەوێت ژێر قولە پێوە ، وەحەڕامە ڕاکێشانی جل بەدوای خۆتدا بۆ فیز.

٧) ئافرەتان دەبێت جلەکانیان شۆڕ بێت بەشێوەیەک پێیان داپۆشێت ، وپێویستە لەچکەکانیان بدەن بەسەر سەر و مل وسنگیاندا.

٨)سوننەتە لەکاتی جل لەبەر کردندا لەلای ڕاستەوە دەست پێ کرێت وەلەکاتی داکەندندا لەلای چەپەوە دەست پێ کرێت.

٩) عەمامە لەسەر کردن.

١٠) حەڕامە خۆشوبهاندنی پیاوان بەئافرەتان وەبەپێچەوانەشەوە.

١١) حەڕامە جلی شوهڕەت لەبەر کردن.

١٢) نابێ جلی تەسک وتەنک لەبەر بکرێت.

١٣) حەڕامە جلێک لەبەر بکرێت کەسەلیب یاخود وێنەی لەسەر بێت.

١٤) حەڕامە جلێک لەبەر بکرێت کەتایبەتە بەکافران .

١٥) دوعا کردن لەکاتی لەبەر کردنی جلی تازەدا ، بەوەی بوترێت : اللهم لك الحمد، أنت كسوتنيه، أسألك خيره وخير ما صنع له، وأعوذ بك من شره، وشر ما صنع له.

## ٩- ئادابی خۆ جوان کردن :

خۆ جوان کردن چەند ئادابێکی هەیە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان وەک چاو کردنێک لەپێغەمبەری خوا ﷺ پەیڕەوی بکات :

١) ڕێز گرتن لەپرچ.

٢) جێ بەجێ کردنی سوننەت لەسەر کردنە شانەو تاشین وچاک کردنیدا.

٣) دروستە پیاوی موسوڵمان پەلکی هەبێت یان قژی تا سەرشانی بیێ.

٤) پیاوان دەبێ ڕیشیان بهێڵنەوە ودرێژی بکەن وبەر سمێڵیان بکەن.

٥) ڕێگری کراوە لەهەڵکەندنی موی سپی.

٦) سوننەتە ڕەنگی مووی سپی بگۆڕدرێت.

٧) حەرامە ئافرەتان پەرچەم بهێڵنەوە.

٨) سوننەتە بەکار هێنانی بۆنی خۆش.

٩) ڕێگری کراوە لەزیادە ڕەوی کردن لەخۆ بۆن خۆش کردن.

١٠) حەڕامە ئافرەتان بەبۆنی خۆشەوە لەماڵ دەرچن.

١١) زێڕ وزیو حەڕامن لەسەر پیاوان مەگەر عوزریان هەبێت.

١٢) دروستە پیاوان ئەنگوستیلە لەدەست بکەن.

١٣) چاو ڕەشتن هاتووە لەسوننەتدا.

١٤) هەندێ خۆ جوان کردن حەڕامە لەسەر ئافرەتان.

١٥) حەڕامە ئافرەتان جوانی خۆیان پیشان کەسانی تر بدەن جگە لەوانە نەبێت کەخودا جودای کردوونەوتەوە.

١٦) وەسەت بوون لەجێگاو باندا بەشێوەک جێگایەک نەکرێت تەنها بۆ جوانی بێ ئەوەی پێویست بێت.

١٧) نابێ بۆ جوانی زەنگڵە وجەرەس بکرێتە ملی ئاژەڵ.

## ١٠- ئادابی لەپێ کردنی پێڵاو

١) لەلای ڕاستەوە دەست پێ کردن.

٢) لەلای چەپەوە داکەندنی.

٣) بەدانیشتنەوە لەپێ کردنی.

٤) لەپێ نەکردنی تەنها یەک تاکی پێڵاو، با یان هەردووکی لەپێ بکرێت یاخود هەردووکی دابنرێت.

٥) باش وایە هەندێ جار بەپێی پەتی ڕێ بکرێت.

٦) نابێ بەپێڵاوەوە بەنێو قەبرستاندا بسوڕێیتەوە.

## ١١- ئادابی ڕێکردن بەڕێگادا

١) تەوازع بوون وخۆ بەکەم زانین لەڕێ کردندا.

٢) لاسای نەکردنەوەی کەسانی تر.

٣) لا نەکردنەوە بەم لاو ئەولا و دواوەدا مەگەر بۆ پێویستی نەبێت.

٤) لەسەر خۆ ڕێ کردن بە ویقارەوە.

٥) نابێ ئافرەت بەتوندی پێی لەئەرز بدات بۆ ئەوەی دەنگی پێڵاوەکانی ببیسترێت.

٦) باش نییە ئافرەت لەناوەڕاستی ڕێگادا ڕێ بکات.

٧) سەلام کردن لەهەموو موسوڵمانان ، وە وڵام دانەوەی سەلامیان.

٨) لابردنی ئەزیەت لەڕێگای موسوڵمانان.

## ١٢- ئادابی چوون بۆ مزگەوت

چوون بۆ مزگەوت چەند ئادابێکی هەیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان وەک چاو کردنێک لەپێغەمبەری خوا ﷺ پەیڕەوی بکات :

١) نابێ کەسێک کەسیر وپیازی خواردووە یاخود هەرشتێکی تر کەبۆنی ناخۆش بێت بچێت بۆ مزگەوت.

٢) سوننەتە زوو چوون بۆ مزگەوت و وەستان لەڕیزی یەکەمەوە.

٣) چوون بۆ مزگەوت بەخشوع وەلەسەر خۆییەوە.

٤) بپاڕێتەوە بەو پاڕانەوەی کەلەکاتی چوون بۆ مزگەوتدا هاتووە.

٥) سوننەتە لەکاتی چوونە مزگەوتدا پێی ڕاست پێش بخرێت ، بەڵام لەکاتی دەرچووندا پێی چەپ پێش بخرێت.

٦) پاڕانەوەی چوونە مزگەوت ودەرچوون لێی.

٧) سوننەتە لەکاتی چوونە ژوورەوەدا دوو ڕکات نوێژی سڵاوی مزگەوت( تحیة المسجد) بکرێت.

٨) ڕێک خستنی ڕیزەکان.

٩) دوای بانگ دان نابێت لەمزگەوت دەرچیت مەگەر عوزرت هەبێت.

١٠) دروست نی یە تێپەڕ بوون بەبەردەم نوێژی کەسانی تردا.

١١) مانەوە لەمزگەوتدا فەزڵی زۆرە.

١٢) سوننەتە دوای نوێژی بەیانی چوار مشقی دانیشتن.

١٣) دروستە نوستن لەمزگەوتدا.

١٤) دروست نییە كڕین وفرۆشتن لەمزگەوتدا.

١٥) دروست نییە لەمزگەوتدا بانگ بكرێت بۆ شتی ون بوو.

١٦) نابێ دەنگ بەرز بكرێتەوە لەمزگەوتدا مەگەر لەكاتی وتار دان وئامۆژگاری كردندا نەبێتیان هەر مەسڵەحەتێكی تری شەرعی.

١٧) لەكاتی چوون بۆ مزگەوت باش نییە پەنجەكان بخرێنە نێو یەكتر ، بەڵام لەدوای تەواو بوونی نوێژ ولەكاتی گەڕانەوە دروستە .

١٨) دروستە خواردن وخواردنەوە لەمزگەوتدا.

١٩) دروستە شیعر گوتن لەمزگەوتدا.

٢٠) سوننەتە بۆ نوێژی هەینی وجەژن خۆ جوان بكرێت.

٢١) سوننەتە نوێژ كردنی بەنەعلەوە لەمزگەوتدا.

٢٢) پاك كردنەوەی پێڵاو پێش چوونە مزگەوت وتف نەكردن تیایدا ، وپاراستنی لەبۆنی ناخۆش .

## ١٣- ئادابی ڕۆژی هەینی :

١) خۆ شوشتنی ڕۆژی هەینی.

٢) خۆ بۆن خۆش کردن.

٣) سیواک کردن.

٤) پۆشینی جوانترین جل.

٥) زوو چوون بۆ مزگەوت.

٦) کردنی دوو ڕکات نوێژی سڵاوی مزگەوت( تحیة المسجد).

٧) نزیک بوونەوە لەئیمام.

٨) تێپەڕ نەبوون بەسەر ملی کەسانی تردا.

٩) نابێ کەسێک هەستێنێت وخۆی لەجێگەی دانیشێت.

١٠) زۆر سەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام.

١١) سوننەت کردن تا ئیمام دەچێتە سەر میمبەر.

١٢) بێدەنگ بوون وگوێ گرتن لەوتار.

١٣) گەر خەو زۆری بۆ هێنا جێگاکەی دەگۆڕێ.

١٤) دوای نوێژی هەینی دوو یان چوار ڕکات نوێژ بکات.

١٥) خوێندنی ( سورة الکهف ).

١٦) پاڕانەوە لەوسەعاتەدا کەپاڕانەوە تیایدا قەبوڵە.

١٧) بەتەنها بەڕۆژوو نەبوونی ڕۆژی هەینی ، وەهەروها تایبەت نەکردنی شەوەکەی بەشەو نوێژ.

## ١٤- ئادابی سەلام کردن :

١) بڵاو کردنەوەی سەلام لەنێو موسوڵمانادا بەگشتی.

٢) سەلام کردن لەهەموان جا بیناسیت یاود نا، نەک تەنها سەلام لەکەسانێک بکەیت کەدەیناسیت.

٣) سەلام کردن بەو شێوەیەیی کە هەیە نەک لەفزی تر بەکار بهێندرێت.

٤) باش نییە کاتێ سەلام دەکەیت بڵێیت ( علیك السلام ).

٥) گەر کۆمەڵێک کەس زۆر بوون وگومانی وابوو گوێیان لەسەلامەکەی نەبووە سوننەتە سێ جار دوو بارەی بکاتەوە.

٦) سوننەتە بەدەنگی بەرز سەلام بکرێت وەهەروەها بەدەنگی بەرزیش وەڵامی سەلام بدرێتەوە.

٧) سوننەتە کاتێ کەسێک دێتە لات ئەو لەپێشدا سەلام بکات

٨) سەلام کردن سوننەتە ، بەڵام وەڵام دانەوەی واجبە.

٩) سوننەتە کەسێک کەسوارە سەلام لەکەسێک بکات کەپیادەیە وە کەسی کەم سەلام لەکەسانی زۆر بکەن وەکەسێک کە ڕێ دەکات سەلام لەکەسێک بکات کەدانیشتووە ، وە منداڵ سەلام لەکەسی لەخۆی گەورە تر بکات .

١٠) سوننەتە سەلام کردن لە منداڵ.

١١) گەر سەلامی کرد لەکەسانێک کەهەندێکیان نوستبوون باش وایە دەنگی نزم بکاتەوە.

١٢) سوننەتە لەکاتی چوونە ماڵەوەدا سەلام بکرێت.

١٣) سەلام کردن لەکاتی چوون بۆ ماڵی کەسانی تر.

١٤) باش وایە پێش قسە کردن سەلام بکرێت.

١٥) لەکاتی گەیشتن بەهاوەڵان ماچی ناکا تەنها سەلام دەکات وتەوقە دەکات بەڵام موعانەقە ناکات مەگەر لەگەڵ کەسێکدا نەبێت کە لە سەفەر گەڕابێتەوە لەم حاڵەتەدا موعانەقە شتێکی باشە.

١٦) دروستە هەستان لەکاتی سەلام کردندا جا بۆ پیرۆزبایی کردن بێت یاخود تەعزیە وسەرەخۆشی ، یاخود یارمەتی دانی کەسی لاواز ، وەهەروها هەستانی منداڵ لەبەر باوکی وئافرەت بۆ مێردی وەبەپێچەوانەشەوە ، وەهەروەها هەستان لەبەر کەسێک کەلەسەفەر گەڕابێتەوە وەهەستان لەبەر کەسێک کەدێتە ژوورەوە ، بەڵام دروست نی یە کەسێک یاخود زیاتر بەدیار سەری کەسێکەوە بوەستن لەکاتێکدا کەئەو دانیشتبێت هاوشێوەی مەلیک ودەسەڵاتدارەکان.

١٧) سوننەتە سەلام لەیەک کردن پێش جودا بوونەوە لەیەک.

١٨) دوو بارە سەلام کردنەوە لەیەک دوای جودا بوونەوە وبەیەک گەیشتنەوە هەرچەند ماوەکەشی کەم بێت.

١٩) سەلام کردن پێش پرسیار کردن لەیەک.

٢٠) سوننەتە سەلام کردن لەیەک وە واجبە لەسەر ئەو کەسەی سەلامەکەی دراوەتە دەست بیگەیەنێت.

٢١) وەڵامدانەوەی سەلام بەباشترین شێوە یاخود وەک خۆی.

٢٢) سەلام نەکردن تەنها بەئیشارەت جا دەست بێت یاخود سەر چونکە ئەمە موخالەفەکردنی سوننەتە.

٢٣) دروستە لەبەر عوزر بەئیشارەت سەلام بکرێت.

٢٤) دروستە سەلام لەکەسێک بکرێت لەنوێژدایە وئەویش دەتوانێت بەئیشارەت وەڵام بداتەوە.

٢٥) باش نییە لەکاتی سەلام کردندا بەبێ هۆ دەنگ بەرز بکرێتەوە.

٢٦) باش وایە گەر ڕێگریەک بووە ڕێگر لەسەلام کردن لەو موسڵمانەک هەواڵی پێ بدات وهۆکارەکەی بۆ باس بکات.

٢٧) دروستە سەلام لەکەسێک بکرێت کەقورئان دەخوێنێت ، وە واجبە ئەویش وەڵام بداتەوە.

٢٨) باش نیە سەلام لەکەسێک بکرێت کەخەریکی سەرئاو کردنە.

٢٩) وەڵام دانەوەی سەلامی ئەو کەسەی کەسەلامی کەسێکی بۆ هێناوە.

٣٠) پێش خستنی نوێژی سڵاوی مزگەوت ( تحية المسجد) پێش سەلام کردن لەئەهلی مزگەوت.

٣١) باش نییە سەلام کردن لەڕۆژی هەینیدا لەکاتێکدا کە ئیمام وتار دەدات.

٣٢) دروستە سەلام کردن لەئافرەتی نامەحرەم بەمەرجێک ترسی ئەوەی نەبێ توشی فیتنە ببێت.

٣٣) سەلام کردن لەکەسی تاوان بار وموبتەدیع تەفسیلی تێدایە.

٣٤) نابێ دەس پێشخەر بیت لەسەلام کردن لەیەهود ونەسارا.

٣٥) وڵام دانەوەی سەلامی جولەکە ومەسیحیەکان بە (وعلیکم).

٣٦) دروستە سەلام لەمەجلیسێک بکرێت کەموسوڵمان وموشریکی تێدا بێ.

٣٧) تەوقە کردن لەگەڵ سەلام کردندا.

## ١٥- ئادابی ڕوخسەت خواستن و ئیزن وەرگرتن :

ڕوخسەت خواستن ئیزن وەرگرتن چەند ئادابێکی هەیە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان وەک چاو کردنێک لەپێغەمبەری خوا ﷺ پەیڕەوی بکات :

١) نابێ بەتوندی لەدەرگا بدرێت.

٢) کاتێ لەبەر دەرگای ماڵێک ڕادەوستێت نابێت لەناوەڕاستی دەرگاکەدا بووەستێت بەڵکو لای ڕاست یاخود لای چەپیەوە ڕادەوەستێت وپاشان دەڵێت : السلام علیکم ئایا ڕوخسەت هەیە بێمە ژوورەوە ؟

٣) نابێ تەماشای ماڵی غەیری خۆت بکەیت مەگەر بەئیزنی خاوەن نەبێت.

٤) سێ جار لەدەرگا دەدات وداوای ئیزن دەکات گەر مۆڵەتی درا ئەوا دەچێتە ژوورەوە گەرنا دەگەڕێتەوە؟

٥) گەر ویستی بچێتە ژوورەوە ئەوا سوننەتە لەسەرەتادا بڵێت : السلام علیکم پاشان بڵێت ئایا ڕوخسەت هەیە بێمە ژوورەوە ؟.

٦)کاتێ خاوەن ماڵ دەڵێت ئەوە کێیە نابێت بڵێت : منم یاخود خۆمانین بەڵکو پێویستە ناوی خۆت بڵێیت.

٧) گەر خاوەن ماڵ وتی بگەڕێرەوە پێویستە بگەڕێیتەوە.

٨) نابێ بچیتە ماڵێکەوە کە کەسیان لەماڵ نەبن.

٩) نابێ پێش ڕوخسەت خواستن بچیتە ژوورەوە.

١٠) نابێ زۆر ئیلحاح بکرێت لەمۆڵەت خواستندا.

١١) گەر بانگ کرا یاخود کەسێک نێردرا بەشوێنیدا ئەو کات پێویست بەمۆڵەت وەرگرتن ناکات.

١٢) پێویستە پێش هەستان دوو بارە داوای ڕوخسەت بکرێت.

١٣) پێویستە داوای مۆڵەت لەکەسانی مەحرەمیش بکرێت وەک دایک وخوشک.

١٤) باش وایە خێزان ئاگادار بکرێتەوە پێش چوونەوە بۆ ماڵ.

١٥) منداڵ وئەوانەی دێن ودەچن پێویست لەسێ حاڵەتدا داوای ڕوخسەت بکەن .

## ١٦- ئادابی سیلەی ڕەحم :

١) سەردانی کردنی خزمان وئەحواڵ پرسینیان.

٢) قسە دانەبڕین لێیان.

٣) دڵخۆش کردنیان ، وبەخشینی هەدیە و پارە بەهەژارەکانیان وهاری کاری کردنیان.

٤)ئامۆژگاری کردنیان وبیر خستنەوەی کەسە بێئاگاکانیان.

٥) وەڵامدانەوەیان بەباشترین شێوە ، وسەردانی کردنی ئەوانەیان کەقسەیان دابڕیوە ، و چاک بوون لەگەڵ ئەوانەی خراپن لەگەڵت ، ولێ خۆش بوون لەوانەی ستەمیان لێ کردووی.

٦) دوور کەوتنەوە لەخەڵوەت دروست کردنی لەگەڵ نامەحرەمدا یاخود تەوقە کردن لەگەڵی لەکاتی سەردانی کردنیاندا .

## ١٧- ئادابی گەیشتن بەدۆست وبرادەر :

١) سوننە تەوقە بکرێت.

٢) باش وایە دەست بەر نەدەیت تاوەکو بەرانبەر دەست بەر نەدات.

٣) هەستان لەبەر کەسێک کەبەرەو لات دێ.

٤) باش نییە لەکاتی بەیەک گەیشتندا ماچی یەکتر بکرێت بۆ هەندێ کەس ولەهەندێ حاڵەتدا نەبێت.

٥) حەڕامە خۆ چەماندنەوە یاخود سەژدە بردن لەکاتی سەلام کردندا.

## ١٨-ئادابی سەردانی کردنی برایان :

١)پێویستە سەردانی کردن لەو سێ کاتەدا نەبێت کەلەئایەتی موڵەت وەرگرتندا ڕێگری لێ کراوە.

٢) نابێ میوان پێش نوێژی بکات لەماڵی خاوەن ماڵدا یاخود لەجێگەیەکدا دانیشێت مەگەر بەئیزنی خاوەن ماڵ نەبێت.

٣) درەنگ سەردانی کردن .

## ١٩- ئادابی هاوڕێیەتی

١) هەڵبژاردنی هاوڕێی چاک.

٢) دوور کەوتنە لەهاوەڵی خراپ ونەشیاو.

٣) ڕەوشت جوان بوون لەگەڵیان.

٤) بەحەیا بوون لەهەڵس وکەوت کردن گەڵیان.

٥) خۆ بەکەم زانین لەبەرانبەریاندا وتەکەبور لێنەدان بەسەریاندا.

٦) سەردانی کردنیان لەبەر خودا وپرسیار کردنی لەحاڵیان.

٧) ڕوو خۆش بوون لەگەڵیان.

٨) جێ بەجێ کردنی پێداویستیەکانیان.

٩) پارێزگاری کردن لێیان کاتێ کەسێک بەخراپە باسیان دەکات.

١٠) داپۆشینی عەیب وناتەواویەکانیان وپاراستنی نهێنیەکانیان.

١١) ئامۆژگاری کردنیان.

١٢) بەر گرتنی توڕەییان وئارام گرتن لەسەریان.

١٣) قەبوڵ کردنی پۆزش وعوزرەکانیان.

١٤) قەبوڵ نەکردنی قسەی ئەوانەی کەدوزمانی دەکەن لەبارەیانەوە.

١٥) هەجر نەکردنیان.

١٦) وەعدە خیلاف نەبوون لەگەڵیان.

١٧) پاڕانەوە بۆیان.

## ٢٠- ئادابی میوان داریتی :

بێگومان میوانداری وسەردان چەند ئادابێکی هەیە پێویستە مرۆڤی موسوڵمان وەک چاو کردنێک لەپێغەمبەری خوا ﷺ پەیڕەوی بکات :

**أ – ئادابی دەعوت کردن :**

١) پێویستە کەسانی لەخوا ترس دەعوەت بکرێن نەک کەسانی فاسق وتاوان بار.

٢) نابێ تەنها کەسانی دەوڵەمەند بانگ بکرێن وکەسانی هەژار پشت گوێ بخرێن.

٣) نابێ مەبەستی لەمیوانداری ناو و ناوبانگ وخۆ دەرخستن بێت ، بەڵکو مەبەستی بەجێ هێنانی سوننەتی پێغەمبەر صلى االله عليه وسلم بێت ، هەروەها مەبەستی دڵخۆش کردنی باوەڕداران بێت.

٤) بانگی کەسانێک نەکات کەدەزانێت قورسە لەسەریان ئامادەبن ، یاخود بەهۆی هەندێکەوە کەلەوێن دڵ تەنگ بن ، ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەزیەتی باوەڕدار نەدرێت .

**ب- ئادابی وەڵام دانەوەی دەعوەت :**

٥) پێویستە کاتێ کەسێک دەعوات دەکرێت بچێت مەگەر عوزرێکی هەبێت.

٦) جیاوازی نەکات لەنێوان هەژار ودەوڵەمەندا ، وەهەروەها جیاوازی نەکات لەنێوان ئەوەی کەمەسافەکەی نزیکە لەگەڵ ئەوەی

مەسافەکەی دووره ، وه ئەگەر لەیەک کاتدا دوو کەس دەعوەتیان کردبوو ، ئەوا دەچێت بۆ ئەوەیان کەیەکەم جار پێی وتووه وداوای لێ بوردن لەوەی دووەم دەکات.

٧) گەر بەڕۆژووی سوننەت بوو نابێ دوا کەوێت ونەچێت بەڵکو ئاماده دەبێت، گەر هاوەڵەکەی دڵخۆش بوو بە نانخواردنی ئەوا ڕۆژووەکەی دەشکێنێت ؛ چونکە دڵخۆش کردنی موسوڵمان خێره، گەر نا دوعای خێریان بۆ دەکات و ڕۆژوەکەی ناشکێنێ ز

٨) مەبەستی لەوەڵامدانەوەکەی ڕێز گرتن بێت لەبرا موسوڵمانەکەی بۆ ئەوەی پاداشت وەربگرێت .

**ج – ئادابی ئامادەبوون لە دەعوەتدا :**

٩) زۆر دوا نەکەوێت بەشێوەیەک توشی دڵە ڕاوکێیان بکات ، وه ئەوەندەش زوو نەچێت پێش ئاماده بوونیان و ببێتە هۆی ئازار بۆیان .

١٠) چی دەڵێ بەکەسێک کەلەگەڵیدا دێت بێ ئەوەی دەعوەت کرابێت ؟

دەڵێت : گەر ئیزنیان دا ئەوا ئاساییە گەرنا من هیچم بەدەست نییە

١) پێویستە بەڕوخسەت وەرگرتن بچێتە ژوورەوه وەبەڕوخسەت وەرگرتنیش هەستێت ومالیان بەجێ بێلێت.

٢) کاتێ چووە ماڵەوە نابێ لەسەرەوەی مەجلیس دانیشێت بەڵکو تەوازوع دەنوێنێت ، وەگەر خاوەن ماڵ پێی گوت لەشوێنی خۆتدا دانیشە ئەوا دادەنیشێت وئەو جێگەیە چۆڵ ناکات .

٣) کاتێ بووە میوانی کەسێک نابێ لەسێ ڕۆژ زیاتر بمێنێتەوە مەگەر خاوەن ماڵ زۆری لێ بکات بەوەی زیاتر بمێنێتەوە.

٤) بەدڵخۆشیەوە ماڵیان بەجێ بێڵێت ، هەرچەند ئەگەر کەمتەر خەمیەک لەبەرانبەریدا ڕووی دابێت ؛ چونکە ئەمە لەڕەوشت جوانیەوەیە کەبەهۆیەوە مرۆڤ پلەی کەسی ڕۆژووەوان وشەو نوێژ کاری بۆ دەنوسرێت.

٥) دوعای میوان بۆ خاوەن ماڵ لەدوای تەواو بوونی خواردن ،واتە : پێویستە دوعای بەرەکەت بۆ خاوەن ماڵ بکات .

**د. ئادابی ئەو کەسەی کەمیوانداری کەسانی تر دەکات ودەعوەتیانی کردە :**

١١) کردنەوەی دەرگا پێش گەیشتنیان.

١٢) سوننەتە بەجوانترین شێوە پێش وازیان لێ بکات وبەخێر هاتنیان بکات.

١٣) ڕێز گرتن لەمیوان واجبە.

١٤) ڕێز گرتن لەکەسی بەڕێز وبەناو بانگ وسەرۆک عەشیرەت پێویستە .

١٥) دانی خواردنی چاک بەمیوان وڕێز لێ گرتنی بەوەی خواردنە چاکەکە یاخود زۆرەکە بدرێت بەمیوان.

١٦) پاش نییە زیادە ڕەوی بکرێت لەخواردن ئامادە کردندا بۆ میوان بەشێوەیەک لەعورف دەرچێت.

١٧) کەسی گەورە پێش بخرێت ، وەهەروها لای ڕاستەوە دەست بەخواردن دابەش کردن بکرێت.

١٨) باش وایە لەگەڵ میواندا دەرچێت تاوەکو دەرگای حەوش .

## ٢١- ئادابی مەجیلس :

١) سەلام کردن لەمەجلیس لەکاتی چوون ژوورەوە ودەرچووندا.

٢) نابێ کەسێک هەستێنێت وخۆی لەجێگەکەی دانیشێت.

٣) خۆبچووک کردنەوە ورێگە دان بەکەسانی تر.

٤) نابێ لەنێوان دوو کەسدا دانیشێت مەگەر بەئیزنی خۆیان نەبێت.

٥) لەو جێگایەدا دادەنیشێت کەکۆتایی مەجلیسە.

٦) نابێ لەناوەڕاستی مەجلیسدا دانیشێت.

٧) گەر کەسێ لەجێگەیەک هەستا پاشان گەڕایەوە ئەوا ئەو لەپێشترە بەو جێگەیە تا کەسانی تر.

٨) دروستە پیاو لەبەر براکەی هەستێت وەک ڕێز.

٩) پێویستە مەجلیسی چاک هەڵبژێردرێت.

١٠) دروست نییە دوو کەس بەنهێنی قسە بکەن وسێیەم پشت گوێ بخەن ئەگەر سێ کەس بن.

١١) دروست نی یە گوێ لەقسەی کەسانێک بگیردرێت مەگەر بەئیزنی خۆیان نەبێت.

١٢) بەشێوەی نارێک دانانیشێت.

١٣) باش نی یە زۆر پێ بکەنێت.

١٤) باش نییە دەست دان لەبرین بەبەرچاوی کەسانی ترەوە.

١٥) گەر ئاوی خواردەوە دوای خۆی دەیدات بەلای ڕاستی.

١٦) باش وایە زیکری خودا بکرێت لەمەجلیسەکاندا.

١٧) سوننەتە پێش بەجێ هێشتنی مەجلیس دوعای کەفارەتی مەجلیس بخوێندرێت کە بریتی یە لە : (سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت، أستغفرك اللهم وأتوب إليك)

## ٢٢- ئادابی قسەکردن :

قسە کردن وگفتوگۆ چەند ئادابێکی هەیە پێویستە تاکی باوەڕدار ڕەچاویان بکات :

١) واجبە زمانی بپارزێت لەو شتانەی خێری تێدا نییە : ( قل خیراً أو اصمت ). قسەی خێر بکە یان بێ دەنگ بە .

٢) دوور کەوتنەوە لە ئافاتەکانی زمان وەک : غەیبەت وبوهتان و دوو زمانی ، وجوێن وقسەی نەشیاو و تانە دان ...هتد

٣) بێدەنگ بوون و قسە کەم کردن فەزڵێکی زۆری هەیە.

٤) قسەی جوان سەدەقەیە.

٥) کاتێ پیاوێک قسەی بۆ کەسێک کرد لەوکاتەدا ئاوڕی دایەوە ئەوا ئەو قسەیە ئەمانەتە ونابێ بۆ کەسانی تری بگێڕیتەوە.

٦) سەرەتا قسەی لەگەڵ کەسی بەتەمەندا دەکرێت.

٧) نەبڕینی قسە بەبەرانبەر.

٨) لەسەرخۆ قسە کردن وپەلە نەکردن تیایدا.

٩) کاتێ پێویستی کرد سێ جار قسە دوو بارە دەکاتەوە وەک چاو کردن لەپێغەمبەر - ﷺ - .

١٠) دەنگ نزم کردنەوە لەکاتی قسە کردندا.

١١) پێویستە هەندێ قسە هەیە مرۆڤ لێی دوور کەوێتەوە.

١٢) پێویستە مرۆڤ ڕاست گۆ بێت ودوور بێت لەدرۆ.

١٣) دروستە تەوریە وبەهەڵەدا بردن بەرانبەر لەمەبەستی قسەکەت بەمەرجی خۆی.

١٤) پێویستە مرۆڤ قسەی موافقی کردەوەکانی بێت.

١٥) مرۆڤ تەزکیەیی نەفسی خۆی نەکات مەگەر پێویستی و زەڕووڕەتێک وا بخوازێت وەک ئەوەی بەستەم تۆمەتبار کرابێت.

١٦) گفتوگۆ کردن لەگەڵ خەڵک بەپێی عەقڵ و ئاستی تێگەیشتنیان.

١٧) واز هێنان لەموناقەشە وجیدال.

١٨) ناو ناتۆرە نەنان لەیەکتر.

١٩) زۆر لەخۆ نەکردن لەقسەکردندا وخۆ فەرز نەکردن بەسەر کەسانی تردا.

## ٢٣- ئادابی خواردن :

### أ – پێش نان خواردن :

١) خواردنی چاک وپاک بخوات بەوەی دوور بێت لەحەڕام وئەوانەی گومانیان لەسەرە.

٢) بەخواردن وخواردنەوەکەی نیەتی بەهێز بوون بێت بۆ عیبادەت ، بەڵکو پاداشت وەرگرێت لەسەریان.

٣) دەستەکانی بشوات پێش خواردن وپاش خواردن.

٤) نەخواردنی خواردن بەپاڵ کەوتنەوە یاخود لەسەر دەم.

٥) خواردن لەسەر سفرە کارێکی باشە.

٦) دروستە بەپێوە خواردن بخورێت.

٧) ڕازی بێت بەو خواردنەی کەهەیە جا گەر حەزی لێ بوو دەیخوات گەرنا وازی لێ دێنێت.

٨) سوننەتە هەموو خێزان لەیەک سینیدا خواردن بخۆن.

٩) بەخۆ بەکەم زانینەوە دانیشێت بەوەی لەسەر ئەژنۆ دانیشێت.

١٠) سەرەتا خواردن بدرێت بەکەسی گەورە وزانا.

١١) حەڕامە خواردن وخواردنەوە لەقاپی ئاڵتون وزیودا.

١٢) چاوەڕێ کردنی خواردن تا سارد دەبێتەوە.

١٣) دوور کەوتنەوە لەئیسراف وزیادەڕەوی.

١٤) سوننەت نییە دەس نوێژ شوشتن پێش خواردن.

١٥) کاتێ خواردن حارز بوو وکاتی نوێژ بوو ئەوا خواردنەکە دەخورێت.

**ب- ئادابی خواردن لەکاتی خواردنیدا :**

١٧) سەرەتا خواردن نەدرێت بەکەسێک کەکەسی لەپێش تر لەو هەبێت جا بەتەمەن تر بێت یاخود بەڕێزتر بێت.

١٨) زیکری خودا لەکاتی خواردندا.

١٩) پێش دەس پێکردن بەخواردن بسم الله بکات.

٢٠) گەر (بسم الله) لەبیری چوو ودواتر بیری کەوتەوە با بڵێت (بسم الله أوله وآخره).

٢١) گەر خواردنێکی بۆ هێندرا وەنەیزانی ئایا (بسم الله) لێکراوە یاخود نا ؟ با ئەو (بسم الله) لێبکات وبیخوات.

٢٢) بەدەستی ڕاست بیخوات.

٢٣) حەڕامە بەدەستی چەپ نان خواردن مەگەر بۆ زەڕوورەت نەبێت.

٢٤) بەسێ پەنجە نان بخوات.

٢٥) گەر تیکەیەک لەدەستی بەرەوە بوو با پاکی بکاتەوە وبیخوات وفڕێی نەدات بۆ شەیتان.

٢٦) دوور کەوێتەوە لەزۆر تێر بوون.

٢٧) دوو خورما بەیەکەوە نەخوات مەگەر ئەوەی کەلەگەڵی دەخوات ڕێگەی پێ بدات.

٢٨) تەوازع لەخواردندا.

٢٩) خواردن لەپێشی خۆتەوە ، ومەکرۆهە لەناوەڕاستی قاپەوە خواردن بخورێت.

٣٠) تەماشای هاوەڵەکانی نەکات لەکاتی خواردندا ، وچاودێریان نەکات بەشێوەیەک ئەوان شەرم بیانگرێت ، بەڵکو پێویسە لەسەری چاوی بپارێزێت وبەچاوی ئازاریان نەدات.

٣١) کارێک نەکات دەور وبەر قێزی لێ بکەنەوە ، وەدەستی بەنێو قاپەکەدا نەهێنێت ونەبات ، وسەری نەخورێنێت ، وقسەیەک نەکات کەبەهۆیەوە دەوروبەر قێز لەخواردنەکە بکەنەوە .

٣٢) خواردنی گۆشت دەست نوێژ ناشکێنێت(١).

٣٣) ڕێگری کراوە لەخواردنی ئەوانەی کەپێشبڕکێ دەکەن لەپێناو خواردنێکدا.

٣٤) باش وایە لەکاتی خواردندا قسە بکرێت.

٣٥) فوو نەکردن لەخواردن وخواردنەوە.

(١) جگە لە گۆشتی حوشتر.

**جـ ئادابی خواردن دوای خواردن :**

٣٦) پێش ئەوەی تێر ببێت واز لەخواردن دێنێت.

٣٧) پەنجە وقاپەکە دەلێسێتەوە ، پاشان دەیسڕێت بەڵام باشتر وایە بیشۆرێت .

٣٨) سوپاسی خودا بکات لەدوای دەس هەڵگرتن لەخواردن ، وەئەگەر لەلای کەسانی تر ڕۆژووی شکاند با بۆیان بپاڕێتەوە وبڵێت: أفطر عندكم الصائمون ، وأكل طعامكم الأبرار، وصلَّت عليكم الملائكة.

٣٩)دەمی بشۆرێت وددانەکانی پاک بکاتەوە چونکە بەدەم یادی خودا دەکات وگفتوگۆی پێ دەکات لەگەڵ هاوەڵانی دا.

## ٢٤- ئادابی ئاو خواردنەوە :

حەتمەن ئاو خواردنەوەش وەک هەموو بابەتەکانی ڕۆژانەی تر ئادابی تایبەت بەخۆی هەیە ، پێویستە موسڵمان لەبەرچاویان بگرێت :

١) بسم الله کردن لەسەرەتاوە.

٢) ئاو خواردنەوە بەدانیشتنەوە مەگەر بۆ پێویستیەک نەبێت.

٣) باش نییە هەناسە لەنێو گڵاسدا بدرێت یاخود فوی لێ بکرێت.

٤) ئاو خواردنەوە بەدەستی ڕاست.

٥) کاتێ ئاوی خواردەوە دوای خۆی دەیدا بەوەی لای ڕاستی.

٦) باش نییە دەم نان بەدەمی جلیکانەو مەتارەوە.

٧) ڕێگری کراوە لەوەی دەم بنرێت بەدەمی کونەوە.

٨) حەڕامە ئاو خواردنەوە لەگڵاسی زێڕ وزیودا.

٩) باش وایە لەکاتی شەودا سەری ئەو قاپانە بنرێت کەئاوی تێدایە.

١٠) سوننەتە ئەو کەسەی کەئاو دەگێڕێت خۆی لەدوای هەموانەوە ئاو بخواتەوە.

١١) ئاوی شیرین وسارد باشترین ئاوە.

١٢) لەکاتی خواردنەوەی شیردا مەزمەزەی پێ بکرێت ،واتە : لەدەمدا بشقڵێندرێت .

١٣) خۆ پاراستن لەئاوی نەگونجاو بۆ خواردنەوە.

١٤) خواردنەوەی ئاو بەدوو جار یاخود سێ جار.

١٥) سوپاسی خودا کردن لەدوای ئاو خواردنەوەوە

## ٢٥- ئادابی زیکر ویادی خوا :

١) زۆر یادی خودا کردن بەتاییەت دوای نوێژە فەرزەکان ولەکاتی بەیانیان وئێوارانداو پێش نوستن.

٢) ئیخلاس ودڵسۆزی لەیاد کردنی خوادا.

٣) باش وایە بەدەست نوێژەوە زیکری خودا بکرێت.

٤) بیر کردنەوە لەمانای زیکرەکان.

٥) زیکری خودا کردن بەزمان لەگەڵ ئامادە بوونی دڵێکی بەئاگادا.

٦) زیکری خودا بەو زیکرانەی کەلەقورئان وسونەتدا هاتووە.

## ٢٦- ئادابی خوێندنی قورئان :

١) ئیخلاس ودڵسۆزی لەکاتی فێر بوون وخوێندنەوەی قورئاندا.

٢) سوور بوون لەسەر موڕاجەعە کردن وخوندنی قورئان.

٣) مەڵێ قورئانم لەبیر چوو، بەڵکو بڵێ لەبیرم کرد یاخود لەدەستم دا.

٤) دەست نوێژ گرتن پێش قورئان خوێندن.

٥) ڕوو کردنە قیبلە، وە دروستە قورئان بەبێ دەست نوێژەوە ولەدڵەوە بخوێندرێت ، وە دروستە ئافرەتێک کەلەحەیزدایە یاخود تازە منداڵی بووە قورئان بخوێنێت.

٦) باش وایە پێش قورئان خوێندن بەسیواک دەم پاک بکرێتەوە.

٧) سوننەتە لەسەرەتاوە ( أعوذ بالله من الشيطان الرجيم)و(بسم الله الرحمن الرحيم)بکرێت .

٨) باش وایە لەسەر خۆ قورئان بخوێندرێت وپەلە پەل نەکرێت.

٩) باش وایە بەدەنگەوە قورئان بخوێندرێت.

١٠) سوننەتە خۆش کردنی دەنگ بەڵام ڕێگری کراوە لەلاوانەوەی بەلەحن.

١١) خوێندنی قورئان بەخشوعەوە وگریان لەکاتی خوێندن وگوێ گرت لێی.

١٢) باش وایە بەدەنگی بەرز قورئان بخوێندرێت گەر هیچ مەفسەدەیەکی نەبوو وە نەدەبووە هۆی بێزار کردنی دەور وبەر.

١٣) باش وایە کاتێ مرۆڤ خەو زۆری بۆ هێنا واز لەقورئان خوێندن بێنێت.

١٤) باش وایە قورئان بەدەم یەکەوە بخوێندرێت ونەبڕدرێت.

١٥) سوننەتە کەسی قورئان خوێن سبحان الله بکات لەو جێگایانەدا کە تەسبیحی تێدایە، وە پەنابگرێ بەخودا لەسزا لەو جێگایانەدا کەباسی سزای تێدایە ، وەداوای ڕەحمەتی خودا بکات لەو جێگایانەدا کەباسێ ڕەحمەت کراوە.

١٦) باش نیە ماچ کردنی قورئان ودانانی لەنێو هەر دوو چاودا.

١٧) باش نییە قورئان لەقەد دیوار ولەنێو سەیارە هەڵبواسرێت.

١٨) پێویستە ئاگادار بین هەجری قورئان نەکەین.

١٩) پێویستە لەدڵی خۆیدا ئەوە لەبەر چاو بگرێت کەئەو ئێستا لەگەڵ خودادا دەدوێ وبانگی دەکات وداوای لێ دەکات.

٢٠) باش وایە لەجێیەکدا قورئان بخوێنێت کە پاک بێت.

٢١) باش وایە بەدانیشتنەوە قورئان بخوێندرێت ولەو کاتەدا گەورەی خودا بیری خۆی بێنێتەوە.

٢٢) ڕێز گرتن لەخودا.

٢٣) باش وایە بەتەرتیب قورئان بخوێندرێت.

٢٤) باش نییە دوو بەرەکی دروست کردن لەقورئاندا.

٢٥) سوننەتە داوا لەکەسی دەنگ خۆش بکەیت قورئانت بۆ بخوێنێت.

٢٦) حەڕامە بەناحەق جیدال وموناقەشە کردن لەبارەی قورئانەوە.

٢٧) نابێ لەکاتی چوونە ڕکوع وسەژدە قورئان بخوێندرێت.

٢٨) باش وایە لەکاتی قورئان خوێندندا دوعا بکرێت.

٢٩) باش وایە لەسەر قورئان قورئان بخوێندرێت ؛ چونکە تەماشا کردنی عیبادەتە.

٣٠) لەکاتی قورئان خوێندندا لەگەڵ دەورو بەردا قسە نەکرێت مەگەر بۆ پێویستی نەبێت.

٣١) پێ نەکەنێت وگاڵتە نەکات وتەماشای شتێک نەکات کەتەرکیزی ببات وبێئاگای بکات لەقورئانەکە.

٣٢) عەمەل کرد بەقورئان.

## ٢٧- ئادابی سەفەر :

### أ - ئادابی پێش سەفەر کردن :

١) زانینی سوودەکانی سەفەر.

٢) زانینی خراپیەکانی سەفەر.

٣) زانینی حوکمی سەفەر.

٤) نوێژی ئیستخارە کردن پێش سەفەر کردن.

٥) گەر بڕیاری سەفەر کردنی دا با بەتەوبە کردن دەس پێ بکات وئەو ستەمانەی کەلەکەسانی تری کردووە بۆیان بگێڕێتەوە وگەردنی خۆی پێیان ئازا کات.

٦) ڕازی کردنی دایک وباوک.

٧) باش نیە بەتەنها سەفەر کردن.

٨) باش وایە هاوڕێیەکی باش هەڵبژێرێت بۆ سەفەرەکەی.

٩) گەر سێ کەس یاخود زیاتر بوون کەسێکیان بکەن بەئەمیر.

١٠) باش وایە داوای دوعا لەکەسانی چاک وئەهلی خێر بکرێت.

١١) سوننەتە لەڕۆژی پێنج شەمەدا سەفەر بکرێت.

١٢) سوننەتە بەیانی زوو سەفەر بکرێت.

١٣) سوننەتە پاڕانەوە بۆ کەس وکار بەم شێوەیە( أستودعكم الله الذي لا تضيع ودائعه).

١٤) باش وایە خواردن وکەل وپەلی سەفەر زۆر لەگەڵ خۆی ببات.

١٥) حه‌رامه ئافره‌ت به‌ته‌نها وبێ مه‌حره‌م سه‌فه‌ر بكات.
١٦) باش نییه كه‌نه‌زانرێت چۆنه وبه‌چ مه‌به‌ستێک سه‌فه‌ر ده‌كرێت.
١٧) فێر بوونی ئه‌حكام وبابه‌ته په‌یوه‌ندی داره‌كان به‌سه‌فه‌ره‌وه.

**ب- چه‌ند ئادابێك كه‌باش وایه له‌كاتی سه‌فه‌ر كردندا په‌یڕه‌و بكرێن :**

١٨) سوننه‌ته له‌كاتی ده‌رچوون له‌ماڵ دوعا بكات.

١٩) دوعای سه‌فه‌ر بخوێنێت ، وكاتێ چووه سه‌ر وڵاخه‌كه‌ی یاخود سه‌یاره‌كه‌ی ئه‌م پاڕانه‌وه‌یه بكات كه‌پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم له‌كاتی سوار بوونی وڵاخدا ده‌یكرد : «سبحان الذى سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين، وإنـا إلى ربنا لمنقلبون، اللهم إنا نسألك في سفرنا هذا البر والتقوى، ومن العمل ما ترضى، اللهم هون هون علينا سفرنا هذا، واطو عنا بعده، اللهم أنت الصاحب في السفر، والخليفة في الأهـل ، اللـهم إني أعوذ بك من وعثاء السفر، وكآبة المنظر، وسوء المنقلب في المال والأهل».

وه‌له‌فه‌رمووده‌یه‌كدا هاتووه : پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ كاتێ سه‌فه‌ر بكردایه ده‌یفه‌رموو ( اللهم إني أعوذ بك من وعثاء السفر وكآبة المنقلـب ، والحور بعد الكور، ودعوة المظلوم، وسوء المنظـر في الأهـل والمال ).

٢٠) (الله أكبر ) و(سبحان الله) كردن به‌شێوه‌یه‌ك كاتێ سه‌ر كه‌وته شوێنێكی به‌رز (الله أكبر ) بكات وكاتێ كه‌دابه‌زی(سبحان الله) بكات.

٢١) پاڕانەوە ودوعا لەبەر ئەم فەرموودەیە : (ثلاث دعوات مستجابات : دعـوة المظلوم، ودعوة المسافر، ودعوة الوالد على ولده )

واتە : پاڕانەوەی سێ کەس وڵام دەدرێتەوە : دوعای ستەم لێ کراو ، ودوعای موسافیر ، ودوعای باوک لەمنداڵ .

٢٢) ئیسراحەت کردن ونوستن لەسەفەردا ، چونکە ئەو کارە ئیسراحەت دانە بەوڵاخ ، ودەبێتە هۆی ئیسراحەت کردن وئاگادار بوون لەڕێگا وبان بەتایبەت لەشەواندا.

٢٣) پاڕانەوەی لادانە ماڵی کەسێک :

کاتێ لەجێگەیەک یاخود ماڵی کەسێک لایدا پەنا بگرێت بەخودا لەشەڕی دروستکراوەکانی.

٢٤) نوێژی سوننەت لەسەفەردا .

٢٥) پاڕانەوەی ترسان لەگەلێک.

٢٦) ڕێگری کراوە لەهاوەڵێتی سەگ ومۆسیقا لەسەفەردا.

٢٧) ڕێگری کراوە لەسەفەرکردنی ئافرەت بەبێ مەحرەم.

٢٨) سوننەتە کۆبوونەوە لەکاتی لادان لەجێگەیەک ولەکاتی خواردندا.

**جـ - ئادابی دوای سەفەر :**

٢٩) لەكاتی سواربوونی ئاژەڵ وسەیارەدا ئەو دوعایە دەكا كەپێشتر ئاماژەمان پێ دا ، بەڵام لەكاتی گەڕانەوەدا ئەمەی بۆ زیاد دەكات : ( آيبون تائبون عابدون، لربنا حامدون ) وە سوننەتە ئەم دوعایە چەند بارە بكرێتەوە.

٣٠) سوننەتە كەسی موسافیر دوای تەواو بوونی كارەكەی بگەڕێتەوە بۆلای ماڵ ومنداڵی.

٣١) هەواڵی نزیک بوونەوە لەماڵ بەخێزانی بدات.

٣٢) باش نییە بەشەو بگەڕێتەوە بۆ ماڵ بەبێ ئەوەی هەواڵی پێ دابن.

٣٣) كردنی دوو ڕكات نوێژ لە مزگەوت لەكاتی گەڕانەوەی لەسەفەر .

## ٢٨- ئادابی چوونە ماڵ

١) بپاڕێتەوە وبڵێت : ((بسم الله ولجنا، وبسم الله خرجنا، وعلى ربنا توكلنا)).

٢) سەلام بكات لەماڵ ومنداڵ.

٣) سەرەتا بەسیواک کردن دەست پێ بكات.

## ٢٩. ئادابی دیار وهەدیە :

١) دیاری بەخشین بەکەسە نزیکەکان بۆ ڕاگرتنی دڵیان.

٢) قەبوڵ کردنی هەدیە هەر چەند بچووکیش بێت، نابێ ڕەتی بکاتەوە مەگەر بۆ مەسڵەحەتێکی گەورە یاخود لابردنی زیانێک نەبێت

٤) سوپاس کردنی ئەو کەسەی دیاری پێ بەخشیوی.

٥) شەریک کردنەوەی ئەو کەسانەی کەلەگەڵت بوون هەر چەند بەشتێکی کەمیش بێت.

## ٣٠- ئادابی سوار بوون وڕێ کردن :

١) ڕێگری کراوە لە ڕێ کردن بەفیز وخۆ بەزل زانیەوە.

٢) باشترین ڕێکردن ئەوەیە : مرۆڤ مامناوەند ڕێ بکات نە زۆر سەریع و نە زۆر لەسەر خۆ.

٣) باش نییە ڕێکردن بەتەنها نەعلێکەوە.

٤) سوننەتە هەندێ جار بەپێی پەتی ڕێ بکرێت.

٥) خاوەنی ئاژەڵ وسەیارە لەکەسانی تر لەپێشترە لەپێشەوە سەر کەوێت.

٦) دروستە دوو کەس بەروو دوا سواری یەک ئاژەڵ ببن بەمەرجێ قورس نەبێت بۆ ئاژەڵەکە.

## ٣١- ئادابی ڕێگا وبان :

١) واجبە مافی ڕێگا بدرێت.

٢) لابردنی ئازار لەسەر ڕێگا.

٣) دوور کەوتنەوە لەو سێ شتەی کەلەعنەتی لێ کراوە.

٤) پیاوان لەپێشترن لەڕێ کردن لەنێوەڕاستی ڕێگادا.

٥) یارمەتی دانی کەسێک لەبار کردنی بارەکەیدا.

## ٣٢- ئادابی دراوسێ :

١) ڕێزگرتن لەدراوسێ وگرنگی دان پێی.

٢) چاک بوون لەگەڵیان بەبەخشینی خواردن پێیان.

٣) نزیکترین دراوسێ ومافەکانی.

٤) دوور کەوتنەوە لەئەزیەت دانیان.

٥) چ بکەین لەگەڵ دراوسێی خراپدا.

٦) چ بکەین لەگەڵ دراوسێیەکدا کەدەیوسە وغیرەی نییە بەسەر ماڵ ومنداڵیدا.

٧) چۆن هەڵس وکەوت بکەین لەگەڵ دراوسێی جولەکە ومەسیحیدا.

٨) ڕێگری نەکردن لەدراوسێ لەسوود وەرگرتن لەدیوارەکەت گەر پێویستی پێی بوو .

## ٣٣- ئادابی پژمین وباوێشکدان :

### یەکەم:ئادابی پژمین

١) وەڵامدانەوەی کەسێک کەدەپژمێ لەکاتێکدا کە (الحمد لله) بکات فەرمانی پێ کردووە ، وسوننەتە.

٢) سوننەتە ئەو کەسەی کەدەپژمێ بڵێت : (الحمد لله).

٣) سوننەتە ئەو کەسەی کەگوێی لێی ئەبێ بڵێت ( یرحمك الله).

٤) دواتر سوننەتە ئەو کەسەی کەدەپژمێ لەوڵامدا بڵێت: (یهدیکم الله ویصلح بالکم ).

٥) باش وایە لەکاتی پژمیندا دەنگ نزم بکرێتەوە.

٦) سێ جار وەڵامی پژمین دەدرێتەوە ، لەوە زیاتر هەڵامەتە.

٧) دروستە وڵامی پژمەی غەیرە موسوڵمان بدرێتەوە ، گەر کەسێکی بێباوەڕ پژمی و (الحمد لله) کرد ، پێی دەوترێت ( یهدیکم الله ویصلح بالکم ).

٨) گەر کەسێک پژمی لەکاتێکدا کەئیمام وتار دەدات ئەوا (الحمد لله) دەکات بەڵام وەڵام نادرێتەوە ؛ چونکە لەکاتی وتاردا پێویستە بێدەنگ بیت .

**دووەم : ئادابی باوێشک دان :**

١) باش وایە بەپێی توانا ڕێگری بکرێت لەباوێشک ؛ چونکە لەشەیتانەوەیە.

٢) دانانی دەست لەسەر دەم.

٣) بەرز نەکردنەوەی دەنگ لەکاتی باوێشکدا.

٤) دروست نییە لەکاتی باوێشکدا (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم) بکرێت ؛ چونکە لەپێغەمبەر صلى االله علیه وسلم هاوەڵانەوە نەگێڕدراوەتەوە شتی وایان وتبێت .

## ٣٤- ئادابی هاوڕێیەتی وهەڵس وکەوت لەگەڵ برادەران :

هاوڕێیەتی وبرادەری چەند ئادابێکی هەیە ، پێویستە تاکی موسوڵمان پەیڕەوی بکات :

١) بەهێز کردنی پەیوەندی برایەتی لەپێناوی خوادا.

٢) هەڵبژاردنی برادەری چاک و عاقڵ بەتەقوا.

٣) خۆشویستن لەپێناوی خوادا.

٤) دەم بەخەندە ونەرم ونیان بوو لەگەڵ برادەراندا.

٥) سوننەتە ئامۆژگاری کردنی هاوەڵان وڕێنوێنی کردنیان.

٦) هاری کاری کردنی یەکتر.

٧) ڕووحی خۆ بەکەم زانین لەنێو برادەراندا.

٨) ڕەوشت جوانی.

٩) دڵ سافی.

١٠) گومانی باش بردن بەهاوڕێ وجاسوسی نەکردن بەسەریانەوە.

١١) هێنانەوەی عورز و بیانو بۆیان وشوێن نەکەوتنی کەم وکورتیەکانیان .

١٢) لێ خۆش بوون لەکەم وکورتیەکانیان.

١٣) کەمی خیلاف وجیاوازی لەگەڵ برادەراندا ، وموافق بوونیان لەوشتانەدا کەشەریعەت بەدروستی داناوە .

١٤) حەسودی نەبردن پێیان .

١٥) ڕوو بەڕوو نەبوونەوەیان بەو شتانەی کەپێیان ناخۆشە.

١٦) ڕقی خۆ خواردنەوە ولێ بوردن لەخەڵک.

١٧) وازهێنان لەدوو بەرەکی وڕق وکینە.

١٨) ڕێگری کراوە لەناو وناتۆرە.

١٩) سوننەتە ئیسڵاح کردن لەنێوان برادەراندا.

٢٠) حەڕامە منەت کردن بەسەریاندا.

٢١) پاراستنی نهێنی وبڵاو نەکردنەوەی.

٢٢) کەسی دوو ڕوو سەر زەنشت کراوە.

٢٣) خۆ ڕازاندنەوە بەئاکاری جوان.

٢٤) خۆ ڕازاندنەوە بەلەسەر خۆی وپەلە نەکردن.

٢٥) خۆ ڕازاندنەوە بە بەڕەوشتی بەرز.

٢٦) خۆ ڕازاندنەوە بەبەرگە گرتنی ئازار.

٢٧) خۆ ڕازاندنەوە بەدڵ فراونی وسەخی بوون وبەخشینی ماڵ.

٢٨) خۆ ڕازاندنەوە بەبەخشینی شتێک کەخۆت پێویستە.

٢٩) خۆ ڕازاندنەوە بەبەخشینی ماڵ لەکاتی برسێتی وقات وقڕیدا.

٣٠) خۆ ڕازاندنەوە بە دانی قەرز ولێخۆش بوون لەکەسانی هەژار.

٣١) خۆ ڕازاندنەوە بەکار کردن وبێ پێویست بوون لەکەسانی تر.

٣٢) خۆ ڕازاندنەوە بەپابەند بوونی بەڵێن ونەشکاندنی.

٣٣) خۆ ڕازاندنەوە بەبردنی گوومانی باش بەکەسانی دیندار ولێکدانەوەی قسەکانیان بەباشترین شێواز.

٣٤) خۆ ڕازاندنەوە بە پرس وڕا کردن لەهەموو کارێکدا.

٣٥) خۆ ڕازاندنەوە بەڕاگرتنی دڵی کەسی بەرانبەر.

٣٦) یەک بوون لەگەڵ هاوڕێیاندا.

٣٧) ڕێگری کراوە لەهاوڕێیەتی کردنی کەسی موبتەدیع.

٣٨) لەنێو هاوەڵاندا بەخۆشەویستی بژی.

٣٩) وەڵامی کاری خراپ بەباشە بداتەوە.

٤٠) جێ بەجێ کردنی پێویستی برادەران وشەفاعەت کردن بۆیان.

٤١) کاری چاک ئەنجام دان.

٤٢) سوپاس کردن لەسەر کاری خێر وپاداشت دانەوەی خاوەنەکەی.

٤٣) خۆ بێ پێویست کردن لەوەی کەخەڵکانی تر هەیانە.

٤٤) ڕەچاو کردنی هەستی کەسانی بەرانبەر.

٤٥) دڵخۆش کردنی موسوڵمان.

٤٦) بڵاو کردنەوەی خۆشەویستی بەبڵاو کردنەوەی سەلام ومەجلیس فراوان کردن ، وبانگ کردنیان بەخۆش ترین ناو.

٤٧) داد پەروەر بوون لەگەڵ هاوەڵاندا ونابێ قسەی کەسانی دوو زمان لەبارەیانەوە قەبوڵ بکات.

٤٨) نەکەوتنە شوێن کەم وکورتی وعەیبی کەسانی تر.

٤٩) یارمەتی یەکتر دان لەکاری خێر وچاکەدا.

٥٠) بەبەزەیی بوون بەرانبەر کەسی بچووک ورێز گرتن لەبەتەمەنەکان.

٥١) کلیلی کاری خێر بێت وداخەری دەرگای شەڕ بێت.

٥٢) پرس وڕاکردن بەکەسانی چاک.

٥٣) دوور کەوتنەوە لەکەلە ڕەقی.

٥٤) دوور کەوتنەوە لەغەش وفێڵ کردن لەموسوڵمانان.

٥٥) دوور کەوتنەوە لەستەم کردن لەموسوڵمانان.

٥٦)دوور کەوتنەوە ستەم کردن لەبەندەکانی خودا.

٥٧) دوور کەوتنەوە لەمەجلسی زاڵمان.

٥٨) دوور کەوتنەوە لەئەزیەت دانی موسوڵمانان.

٥٩) دوور کەوتنەوە لەبەکەم زانینی موسوڵمانان.

٦٠) دوور کەوتنەوە لەجاسوسی کردن بەسەر موسوڵمانانەوە.

٦١) مامناوەن بوون لەتێکەڵی ودوورە پەرێز بوون لەخەڵک.

٦٢) چاک بوون لەگەڵ ئەو کەسانەی کەلەژێر دەستیدا کار دەکەن.

٦٣) دوور کەوتنەوە لە دوو بەرەکی.

٦٤) دوور کەوتنەوە لەکاری پوچ وخراپ.

٦٥) هاوەڵی کردنی کەسانێک کەشەرمیان لێ دەکات بۆ ئەوەی ڕێگری لێ بکەن لەموخالەفات.

٦٦) پرس وڕا كردن بەبرایان وقەبوڵ كردنی ئامۆژگاریەكانیان.

٦٧) كەم موخالەفە كردنی هاوێ لەشتی دونیاییدا.

٦٨) سوور بوون لەسەر كۆدەنگی ودوور كەوتنەوە لەدوو بەرەكی.

٦٩) هەوڵی كار وكاسپی وتیجارەت بدات وخۆی بێ پێویست كات لەخەڵک.

٧٠) ڕێگری كراوە لەتوڕەكردنی موسوڵمان.

٧١) ڕێزگرتن لەكەسانی لاواز وهەژار.

٧٢) ڕێز گرتن لەهەتیو.

٧٣) وەسەت ومامناوەند بوون لەخۆشەویستی وڕق لێ بوونەوەدا.

٧٤) خۆ پاراستن لەڕەزیلی وچروكی.

٧٥) كلیلی كردنەوەی دەرگای چاكەبێت وهۆكار بێت بۆ داخستنی ڕێگای خراپە.

٧٦) خۆ دوور گرتن لەقسە دابڕین لەموسوڵمانان.

٧٧) واز هێنان لەگرتنی هاوڕێی زۆر ، بەڵكو تەنها هاوڕێی باش كافیە.

٧٨) وازهێنان لەشتێک كەپەیوەندی بەتۆوە نییە.

٧٩) بەقەناعەت بوون.

٨٠) لێ خۆش بوون لەكەمتەرخەمی هاوەڵان.

## ٣٥- ئادابی فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە :

بێگومان فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە چەند ئادابێکی هەیە ، لەوانە :

١) فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە فەزڵ وڕێزێکی زۆری هەیە.

٢) شەریعەتی ئیسلام ئەسڵە لەدەس نیشان کردنی کاری چاک وخراپدا.

٣) بوونی زانست وبەرچاو ڕوونی بەحەقیقەتی کارە چاک وخراپەکان.

٤) زانینی مەرجی ئینکاری کردن لە خراپە.

٥) زانینی پلە ودەرەجەکانی ئینکاری کردنی خراپە.

٦) پێش خستنی گرنگترینیان.

٧) لەبەر چاو گرتنی مەسڵەحەت ومەفسەدەت.

٨) دڵنیا بوون وپەلە نەکردن لەکارەکاندا.

٩) چ کاتێک دروستە فەرمان بکرێت بەچاکە وڕێگری بکرێت لەخراپە ؟

١٠) ئەو شتانەی کەپوێیستە لەکەسی فەرمانکەر بەچاکە وڕێگری کار لەخراپەدا هەبێت.

١١) باش نییە بەئاشکرا ئینکاری بکرێت لەدەسەڵاتدار.

١٢) پیاو ئینکاری ئەو خراپەیە دەکات کەتوانای گۆڕینی هەیە.

١٣) کاتێ کۆمەڵێ کەسی هەرزە وسەفیهی بینی کاری خراپەیان ئەنجام دەدا چ بکات ؟

١٤) فەرمان دەکات بەچاکە وڕێگری دەکات لەخراپە گەر گومانی وا بوو لێی قەبوڵ دەکەن.

١٥) باش نییە پیاو بچێتە جێگەیەکەوە کەنەزانراو بێت.

١٦) ترسناکی فەرمان نەکردن بەچاکە وڕێگری نەکردن لەخراپە.

## ٣٦- ئادابی دوعا وپاڕانەوە :

دوعا وپاڕانەوە چەند ئادابێکی هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێت:

١) دەست نوێژ گرتن.

٢) سیواک کردن.

٣) دەست بەرز کردنەوە وڕوو کردنە قیبلە.

٤) حەمد وسوپاس کردنی خودا پێش پاڕانەوە وسەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم.

٥) پاڕانەوە بەناوە گەورەکانی خودا (الإسم الأعظم).

٦) دان نان بەتاوانەکاندا.

٧) سوور بوون لەدوعادا وپێدا گری کردن لێی.

٨) داوای شتی گەورە بکات چونکە هیچ شتێک لەلای خودا گەورە وقورس نییە.

٩) ئیلحاح وپێداگری کردن.

١٠) سێ جار پاڕانەوە.

١١) ئەو دوعایانە هەڵبژێرێت کەگشت گیرن.

١٢) پێش دوعاکە کردەوەیەکی چاکە بکات.

١٣) تەوسول دەکات بەو شتانەی کەڕێگە پێدراون.

١٤) تەماح وبەرزی هیمەت.

١٥) پێویستە مەبەستی کەسی دوعاکار چاک بێت.

١٦) بەدەنگی مامناوەند دەپاڕێتەوە نەزۆر بەرز ونەزۆر نزم.

١٧) دەربڕینی هەژاری وبێدەسەڵاتی بەرانبەر خودا.

١٨) خشوع وخۆ زەلیل کردن بۆ خودا.

١٩) گریان لەکاتی دوعادا.

٢٠) خۆ شکاندنەوە لەدوعادا.

٢١) خۆ بەکەم زانین لەدوعادا وبەجلی کۆنەوە بپاڕێتەوە.

٢٢) ئومێد وترسیشی هەبێت.

٢٣) پاڕانەوە لەهەموو حاڵەتێکدا لەکاتی خۆشی وناخۆشی دا.

٢٤)لەکاتی پاڕانەوەدا هەڵبژاردنی ناوێکی خودا کەلەگەڵ ئەو داواکاریەدا گونجاوە.

٢٥) ڕەحمەتی خودا کورت نەکاتەوە لەکاتی دوعادا ، واتە : نابێ بڵێت خودایە ڕەحم بەمن بکە وڕەحم بەفڵان مەکە.

٢٦) بۆ هەموو شتێکی گەورە وبچووک داوا لەخودا بکات.

٢٧) لەگەڵ خۆیدا بۆ دایک وباوکیشی دەپاڕێتەوە.

٢٨) لەگەڵ خۆیدا بۆ موسوڵمانان دەپاڕێتەوە.

٢٩) سەرەتا بۆ خۆی دەپاڕێتەوە پاشان بۆ کەسانی تر.

٣٠) ئەو کاتانە هەڵدەبژێرێت کەزیاتر دوعای تێدا قەبوڵە.

٣١) ئامین کردنی کەسانی تر بۆ دوعاکەی.

٣٢) دوور کەوتنەوە لەدوعا کردن بەخراپە لەنەفسی خۆی وماڵ وکەس وکاری.

٣٣) زۆرلەخۆی نەکات لەپاڕانەوەدا وبەشێوەی شیعر نەپاڕێتەوە.

٣٤) ئیعڕابی دوعاکان ڕەچاو بکرێت بەڵام بەبێ زیادە ڕەوی.

٣٥) لۆمەی نەفسی خۆی بکات.

٣٦) بەو دوعایانە بپاڕێتەوە کەلەسوننەتدا هاتوون.

٣٧) گومانی باش بردن بەخودا.

## ٣٧- ئادابی نوێژ کردن :

١) ڕوو کردنە نوێژ بەدڵ و خۆشەویستیەوە بۆ موناجاتی خودا .

٢) پابەند بوون بەسوننەتەکانی پێغەمبەرەوە صلی الله عیە وسلم و کارێک نەکات یاخود شتێک نەڵێت کەپێغەمبەر صلی الله عیە وسلم نەیکردبێت ونەیگوتبێت ، لەبەر ئەم فەرموودەیە : "صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي" (رواه البخاري).

واتە : نوێژ بکەن بەو شێوەیەیی کەمن دەبینن نوێژ دەکەم .

٣) خۆ ڕێک خستن پێش دەست کردن بەنوێژ ، بەوەی جوانترین وڕێکترین جل لەبەر بکات وبۆنی خۆش لەخۆی بدات وسیواک بکات.

٤) جێبەجێ کردنی کارە گرنگەکان پێش نوێژ بۆ ئەوەی لەکاتی نوێژدا دڵی بەلایاندا نەچێت ، ونابێ نوێژ بکرێت لەکاتێکدا کەخواردن حازرە وحەزی لێیەتی ، هەروەک لەفەرموودەدا هاتووە : (لا صلاة بحضرة الطعام، ولا هو يدافعه الأخبثان )رواه مسلم.

واتە : کاتێ خواردن ئامادە بوو نوێژ ناکرێت وەهەروەها لەکاتی کەتەنگاویدا بەمیز یاخود پیسی .

٥) بەدڵ ڕوو بکاتە نوێژ ، بۆ ئەوەی لاشەی ئارامبێت وخشوعی هەبێت لەنوێژدا و خۆی زەلیل بکات بۆ خودا .

ابن رجب -رحمه الله- دەڵێت : "أصل الخشوع: لين القلب ورقته وسكونه وخضوعه وانكساره وحرقته، فإذا خشع القلب تبعه خشوع جميع الجوارح والأعضاء؛ لأنها تابعة له" (الخشوع لابن رجب)

واته : ئەصڵی خشوع ناسکی ونەرمی دڵە وخۆشکاندنەوەیەتی ، جا هەرکاتێک دڵ خشوعی هەبوو ئەوا هەموو ئەندامەکانی تری لاشە شوێنی دەکەون ؛ چونکە هەموان تابعی دڵن .

بێگومان شوێنی خشوع دڵە ، هەرچی زمان ولاشەیە تەعبیر لەو خشوعە دەکەن .

٦) دوور کەوتنەوە لەئاوڕدانەوە وحەرەکە کردن ، وپێکەنین ویاری کردن بەجل ویاخود بەهەردوو دەست لەکاتی نوێژدا عائشة رضی الله عنها دەڵێت : پرسیارم کرد لەپێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەی ئاوڕدانەوەوە لەنوێژدا ؟ فەرمووی : ( هو اختلاس يختلسه الشيطان من صلاة العبد )رواه البخاري.

واته : ئەوە دزیەکە کەشەیتان لەنوێژی عەبدی دەدزێت .

٧) تەماشا کردنی شوێنی سەژدە وبیر کردنەوە لەنوێژەکەی ، ودوور کەوتنەوە لە بەرز کردنەوەی چاو بۆ ئاسمان ، أنس رضی الله عنە دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (ما بال أقوام يرفعون أبصارهم الى السماء في صلاتهم؟ فاشتد قوله في ذلك حتى قال: لينتهنّ عن ذلك أو لتخطفنّ أبصارهم) رواه البخاري.

واتە : ئەوە چی یە کۆمەڵە کەسانێک لەنوێژەکانیاندا چاویان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان ؟ زۆر تەئکیدی لێ دەکردەوە وتاوەکو فەرمووی : کەسانێک یان واز دێنن لەو کارە یاخود چاویان کوێر دەکرێت .

٨) بیر کردنەوە وتێفکرین لەمانا ومەبەستی ئایەتەکان ، ودوور کەوتنەوە لەبێئاگای وهەڵە کردن لەنوێژدا ، عمار بن یاسر رضی الله عنه دەڵێت : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ( إن الرجل لینصرف وما کتب له إلا عشر صلاته، تسعها، ثمنها، سبعها، سدسها، خمسها، ربعها، ثلثها، نصفها )رواه أحمد وأبو داود.

واتە : پیاوی وا هەیە نوێژەکەی تەواو دەکات وتەنها دەیەکی یاخود نۆ یەکی یاخود هەشت یەکی ، یاخود حەوت یەکی یاخود شەش یەکی ، یاخود پێنج یەکی ، یاخود چوار یەکی ، یاخود سێ یەکی ، یاخود نیوەی خێری نوێژەکەی بۆ دەنوسرێت .

٩) ئارام بوون لەنوێژدا ، ودوور کەوتنەوە لەپەلە پەل کردن لە حەڕەکات و ئەڕکانەکاندا ، عثمان رضی الله عنه دەڵێت : گوێم لەپێغەمبەری خودا ﷺ بوو دەیفەرموو : ( ما من امرئ مسلم تحضره صلاة مکتوبة فیحسن وضوءها وخشوعها ورکوعها، إلا کانت کفار لما قبلها من الذنوب ما لم تؤت کبیرة، وذلك الدهر کله )رواه مسلم.

واتە : هیچ موسوڵمانێک نییە کەکاتی نوێژی فەرزی بەسەردا بێت ، وبەجوانی دەست نوێژ بگرێت وڕکوع وخشوعەکانی جوان بێت ، ئیلا

دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی پێشوی بەمەرجێ تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت ، ئائەمە بۆ هەموو ساڵەکەیە بەدرێژای ساڵەکە هەمووی .

١٠) گێڕانەوەی کۆکە وباویشک وپژمین لەکاتی نوێژدا ، ونزم کردنەوەی دەنگ بەپێی توانا ، أبي هريرة رضى الله عنه لەپێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەتی : ( التثاؤب في الصلاة من الشيطان، فإذا تثاءب أحدكم فليكظم ما استطاع ) رواه البخاري.

واتە : باوێشک دان لەنوێژدا لەشەیتانەوەیە ، جا هەرکات یەکێک لەئێوە باوێشکی هات بابەپێی توانا بیگێڕتەوە .

١١) پەلە کردنی لەئەنجام دانی نوێژدا لەیەکەم کاتیدا ، ودوا نەخستنی وتەمبەڵی نەکردن لەئەنجام دانیدا بەبێ عوزر .

١٢) دانیشن لەدوای هەموو نوێژێک و زۆر زیکر ویادی خودا کردن (أبي هريرة رضى الله عنه) لەپێغەمبەری خواوە ﷺ گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەتی : ( من سبّح لله في دبر كل صلاة ثلاثا وثلاثين، وحمد الله ثلاثا وثلاثين، وكبّر الله ثلاثا وثلاثين، وقال تمام المائة، لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، غفرت خطاياه وإن كانت مثل زبد البحر ) رواه مسلم.

واتە : هەر کەسێک دوای هەموو نوێژێک سی وسێ جار (سبحان الله) و(الحمد لله) و(الله أكبر) بکات وبۆ تەواوی سەد بڵێت ( لا اله الا

الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير)ئەوا تاوانەکانی دەسڕدرێتەوە هەرچەند بەقەد کەفی دەریاش بێت .

١٣) سوننەتە دوای نوێژ چاوەڕێی نوێژی تر بکرێت ، وەک چاوەڕێ کردنی نوێژی عیشا دوای نوێژی مەغریب ، وئیستغلال کردنی ئەو کاتە بۆ زیکر وخوێندنی قورئان وبەدوای زانستدا گەڕان وئامادە بوون لەمەجلیسی زانستدا .

١٤) پارێزگاری کردن لەئەنجام دانی نوێژە سوننەتەکانی دوای نوێژ فەرزەکان ، وتەمبەڵی نەکردن لەئەنجام دانیدا ؛ چونکە زیاتر دەبێت هۆی نزیک بوونەوە لەخودا ودەبێتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کەلەنوێژە فەرزەکاندا ڕوو دەدەن، ڕەملەی کچی ئەبو سوفیان رضي الله عنها دەڵێت گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو : ( ما من عبد مسلم يصلي لله تعالى كل يوم ثنتي عشرة ركعة تطوعا غير الفريضة إلا بنى الله له بيتا في الجنة ) رواه مسلم.

واتە : هەر عەبدێک لەڕۆژێکدا دوازدە ڕکات نوێژی سوننەت بۆ خودا بکات ئەوا خوا ماڵێک لەبەهەشتدا بۆ دروست دەکات .

١٥) پارێزگاری کردن لەئەنجام دانی نوێژەکان بەجەماعەت ولەمزگەوتدا ، (ابن عمر رضی الله عنهم )دەڵێت : پێغەمبەری خواﷺ فەرمووی : (صلاة الجماعة أفضل من صلاة الفذّ بسبع وعشرين درجة )متفق عليه.

واتە: نوێژی جەماعەت خێری زیاترە لەنوێژ بەتەنها بەبیست وحەوت پلە .

١٦) بەدەست خستنی بەرو بوومەکانی نوێژ بەزیکر کردنی خودا بەبەردەوامی ، وهەست کردن بەچاودێری خودا لەهەموو حاڵەتێکدا ، وە واز هێنان لەقسەی نەشیاو وکردەوەی خراپ ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : {وَأَقِمِ الصَّلاَةَ لِذِكْرِي} (١٤) طه.

واتە : وە نوێژیش بکە بۆ ئەوەی یادی منت بکەوێتەو هەر کاتێك یادت کەوتەوە نوێژ بۆ من ئەنجام بدە.

وەهەروەها فەرموویەتی : وَأَقِمِ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ }العنکبوت ٤٥.

واتە : بەدڵنیایی نوێژ قەدەغەی خەڵکی ئەکات و دەیانگەڕێنێتەوە لە خراپەکاری و تاوان و هەر شتێك کە پێچەوانەی شەریعەت بێت.

١٧) گەر موسوڵمان چووە مزگەوتەوە وبینی نوێژ تەواو بووە دەتوانێت نوێژەکەی بەجەماعەت بکات ، بەڵام باش نیە بەئەنقەست ئەو کارە بکات ، ئەبو سەعیدی خودری دەڵێت : پێغەمبەری خوا پیاوێکی بینی بەتەنها نوێژی دەکرد فەرمووی "أَلاَ رَجُلٌ يَتَصَدَّقُ عَلَى هَذَا فَيُصَلِّيَ مَعَهُ". (رواه أبو داود)

واتە : ئایا ئەوە کەسێک نییە خێرێک بکات ونوێژ لەگەڵ ئەم کەسەدا بکات ؟ .

١٨) گەر موسوڵمان لەنوێژی بەیانیدا چووە مزگەوتەوە و بینی وا نوێژی بەیانی دەكەن ئەوا لەگەڵیان نوێژەكەی دەكات ودەتوانێت دواتر نوێژی سوننەتی پێش بەیانی ئەنجام بدات ئەبو هورەیرە رضي الله عنە دەڵێت : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : "إذا أقيمت الصلاة، فلا صلاة إلا المكتوبة". (رواه مسلم)

واتە : گەر نوێژ دابەسترا ئەوا هیچ نوێژێک ناكرێت تەنها نوێژی فەرز نەبێت .

١٩) كاتێ لەنوێژی سوننەتدایت وقامەت دەكرێت نوێژەكەت دەبڕیت بەڵام سەلام نادەیتەوە ؛ چونكە سەلام دانەوە تەنها لەكۆتایی نوێژدایە .

٢٠) دەنگ بەرز كردنەوە لەنوێژی مەغریب وعیشا وبەیانیدا تایبەت نییە بەئیمامەوە بەڵكو كەسێک بەتەنها نوێژ بكات دەتوانێت دەنگ بەرز بكاتەوە .

٢١) گەر موسوڵمان چووە نێو مزگەوتەوە لەڕۆژی هەینیدا وبینی وا بانگ بێژ بانگ دەدات ئەوا چاوەڕێی بانگ بێژ ناكات تا تەواو دەبێت ، بەڵكو دوو ڕكات نوێژ دەكات ؛ چونكە گوێژ گرتن لەوتار لەپێشترە لەگوێگرتن لەبانگ .

## ٣٨- ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ دایک وباوکدا :

١) سوپاس کردنیان.

٢) بەنەرمی گفتوگۆ کرد لەگەڵیان.

٣) بەنەرمی وبەحیکمەتەوە ئامۆژگاری کردنیان.

٤) تورە نەکردنیان.

٥) بانگ نەکردنیان بەناوی خۆیانەوە.

٦) نەبوونە هۆکاری جوێندان پێیان.

٧) خزمەت کردنیان.

٨) فەزڵ دانیان بەسەر نەفس وماڵ ومنداڵدا.

٩) سەفەر نەکردن بەبێ ئیزنیان.

١٠) پارانەوە بۆیان لەژیان ودوای مردنیشدا.

١١) خێر کردن بۆیان لەدوای مردنیان.

١٢) چاک بوون لەگەڵ کەسە نزیکەکانیان وهاوڕێکانیان لەدوای مردنیان.

١٣) سەردانی کردنی گۆڕەکانیان و دوعای خێر کردن بۆیان.

١٤) خۆ نەدانە پاڵ کەسانی تر.

## ٣٩- ئاداب لەگەڵ منداڵ

ئیمامی ماوەردی رحمه الله تعالی لەکتابی ( أدب الدین والدنیا) دا ، دەڵێت :

پەروەردە کردنی پێویستی منداڵ لەلایەن باوکیەوە لەتەمەنی منداڵیدا نەرم و چاک بێت لەگەڵی بۆ ئەوەی کاتێ گەورە بوون رێزی لێ بگرن ؛ چونکە منداڵ کاتێ بەمنداڵی لەسەر شتێک پەروەردە بوو خوی پێوە دەگرێت ، وەهەرکەسێک پەروەردەکردنی منداڵەکەی پشت گوێ بخات کاتێ کەگەورە دەبێت ئەوکات قورس دەبێت .

وە هەندێ لە زانایان دەڵێن : پەلە بکەن لەتەربیەت دانی مندال پێش ئەوەی سەرقاڵ بن وئیشی زۆرتان بۆ دروست ببێت .

شاعیر دەڵێت :

إنَّ الْغُصُونَ إذَا قَوَّمْتَهَا اعْتَدَلَتْ وَلاَ يَلِينُ إذَا قَوَّمْتَهُ الْخَشَبُ

قَدْ يَنْفَعُ الأدبُ الأحْدَاثَ فِي صِغَرٍ وَلَيْسَ يَنْفَعُ عِنْدَ الشَّيْبَةِ الأدبُ

واتە : لقی دار کاتێ رێکی بخەیت رێک دەبێت ، وکاتێ گەورە بوو وە بوو بەدار ناچەمێتەوە ..

لەکاتی بچوکیدا پەروەردە کردن سودی دەبێت ، ولەکاتی پیریدا ئەدەب بێ سود دەبێت .

وەئادابی دایک وباوک لەگەڵ منداڵەکانیدا چەند مەڕحەلەیەکی هەیە : ئادابی پێش زەواج ، وئادابی دوای زەواج ، وئادابێ پێش لەدایک بوون ، وئادابی کاتی لەدایک بوون ، وئادابی مەڕحەلەی منداڵی ، وئادابی تەمەنی هەرزەکاری ...هتد

**ئادابی پێش زەواج :**

١) هەڵبژاردنی خێزانێکی باش بۆدایکی منداڵەکانت

٢) یەکێک لەئامانجەکانی زەواج کردن بەدەس هێنانی منداڵی چاکە.

**ئادابی دوای زەواج :**

٣) پاڕانەوە بەوەی منداڵی ساڵحی ببێت ، پێغەمبەر زەکەریا دەپاڕایەوە ودەیفەموو : { رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ} [آل عمران: ٣٨ .

واتە :ئەی پەروەردگار لەلایەن خۆتەوە نەوەیەکی پاك و چاکم پێ ببەخشە بە دڵنیایی تۆ هەموو دوعایەك ئەبیستی وە وەڵام ئەدەیتەوە .

٤) پاڕانەوەی تایبەت هەیە لەکاتی جیماع کردندا ، لەصەحیحی بوخاری وموسلیم دا هاتووە عبداللەی کوڕی عەباس گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (" أَمَا إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ وَقَالَ : بِسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا ؛ فَرُزِقَا وَلَدًا لَمْ يَضُرَّهُ الشَّيْطَانُ " ) .

واتە : گەر یەکێک لەئێوە کاتێ چووە لای خێزانی وگوتی :(بِسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا).

گەر منداڵیان پێ بەخشرا ئەوا شەیتان زیانی پێ ناگەیەنێت .

**ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ منداڵ کاتێ کەلەسکی دایکیدایە ودوای لەدایک بوونی :**

٥) یەکێک لەمافەکانی منداڵ کاتێ لەسکی دایکیدایە ئەوەیە ڕەچاوی حاڵی دایکی بکرێت وشتێک نەکرێت ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەمنداڵەکەی نێو سکی .

٦) دوو ساڵ شیر پێدانی .

**ئادابی کاتی لەدایک بوونی منداڵ :**

٧) سوپاسی خوا کردن لەسەر هاتنە دونیایی منداڵ.

٨) بەشوکر وسوپاسی خودا پێش وازی لەو منداڵە دەکات کەخودا پێی بەخشیوە ودەپارێتەوە بەوەی ساڵح وچاک دەرچێت .

٩) ئارام گرتن لەسەر پەروەردە کردنی جا نێر بێت یاخود مێ ، بەڵام منداڵی کچ ئادابی تایبەتی هەیە ئەویش : گرنگی دان پێیان ، وبەئارام بوون لەگەڵیان فێر کردنیان ، وبەڕەحم بوون لەگەڵیان ، بێگومان مژدەی بەهەشت بەکەسێک دراوە کەئەم خاڵانە جێ بەجێ بکات لەگەڵی منداڵی کچ دا.

١٠) پیرۆز بایی کردن لەکەسێک کەمنداڵیان بووە.

١١) سوننەتە بەخورما مەڵاژووی منداڵ تەڕبکرێت ، وبۆی بپاڕێنەوە لەو کاتەدا ، لەصەحیحی بوخاری وموسلیم دا هاتووە ئەبۆ موسا گێڕاویەتیەوە ودەڵێت : منداڵێکم بوو وبردم بۆلای پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وناوی نا ئیبراهیم وبەخورما مەڵاژوی تەڕ کرد ، ودوعای بەرەکەتی بۆی کرد ، ودایەوە پێم .

١٢) ناونانی منداڵ ، یەکێک لەئادابەکان هەڵبژاردنی ناوێکی خۆشە بۆ منداڵ .

١٣) گوێزەبانە کردن بۆمنداڵ : کەئەویش سەربڕینی ئاژەڵێکە بۆ کچ ودوو ئاژەڵە بۆ کوڕ .

١٤) تاشینی سەری منداڵ

١٥)خەتەنە کردنی منداڵ ، ئەمەش بەنیسبەت پیاوانەوە واجبە ، بەڵام بۆ ئافرەت سوننەتە ، وڕێز گرتنە لەئافرەت .

١٦) شیردان بەمنداڵ وچاو دێری کردنی .

١٧) بەڕەحم بوون بەرانبەر منداڵ

أ) هەڵگرتنی منداڵ

ب) ماچ کردنی وگرنگی دان پێی

ج) گوشینی منداڵ وموعانەقە کردن لەگەڵی

د) هەڵس وکەوت کردن بەو شێوەیەیی کەلەگەڵ تەمەنیدا گونجاوە

هـ) بەخێو کردنی ولابردنی نارەحەتیەکان لەسەر منداڵ

**ئادابی قۆناغی منداڵی تا تەمەنی ژیری ، واتە : لەدووساڵیەوە تا حەوت ساڵی :**

لەم تەمەنەدا زۆر گرنگە قسەی دەور وبەر جوان بێت لەگەڵ منداڵدا ، وەبەهەما شێوە کرداریان ؛ وەئەم تەمەنە بەکار بهێندرێت بۆ بونیات نانی کاری خێر وچاکە تیایدا ، وچاودێری قسە وکارەکانی بکرێت ، وەهەڵەکانی بۆ چاک بکرێت ، بێگومان سەرزەنشت کردنی منداڵ لەسەر هەڵە شوێنەواری خۆی دەبێت ووا دەکات دوو بارەی نەکاتەوە ، ونابێ دایک وباوک بێ زار ببن لەپەروەردە کردنی منداڵدا .

جا بەم شێوەیە ئادابەکان کورت دەکەینەووە :

١- بەڕەحم بوونە ونەرم بوون لەگەڵیاندا.

٢- چاودێری وپێشەوایەتیەکی باش لەلایەن دایک وباوکەوە.

٣- پەروەردە کردنی منداڵ لەسەر ئەو شتانەی کەقازانجی بۆی هەیە وڕێگری کردن لەوانەی زیانی پێ دەگەیەنێت.

٤- یاری کردن لەگەڵ منداڵ.

٥- گرنگی دان بەمنداڵ .

**ئادابی پەروەردەکردنی منداڵ لەتەمەنی حەوت ساڵیەوە تا تەمەنی هەرزەکاری :**

١- دینی فێر بکرێت وەهەروەها فێری گوێڕایەڵی خودا بکرێت

٢- داد پەروەر بوون لەنێوان منداڵەکاندا

٣- تەئدیب دانی منداڵ

٤- بردنی منداڵ لەگەڵ خۆت بۆ مزگەوت

٥- ئەوشتانەیان فێر بکرێت کەپەیوەندی بەکردەوە وکاتەکانیانەوە هەیە وەک زیکرەکان

٦- ئاداب وڕەوشتە گشتیەکانیان فێر بکرێت

٧- پاڕانەوە بۆمنداڵ.

**ئادابی پەروەردەکردنی منداڵ لەتەمەنی هەرزەکاری و تەمەنی بالغ بووندا :**

١- هەڵبژاردنی پیاوی چاک بۆ کچەکان وەهەروەها کچی ساڵح بۆ کوڕەکان ، بێگومان ئەمە یەکەم قوناغی پەروەدە کردنی دروستە ، ئەو فەرموودەیە دەزانن؟ : ((إذا أتاكم من ترضون دينهُ وخُلقه فزوجوه)),

واتە : کاتێ کەسێک هات بۆداوای کچەکەتان لەدین وڕەوشتی ڕازی بوون ژنی بدەنێ .

وەهەروەها فەرموودەی : ((فاظفر بذات الدين تربت يداك)).

واتە : ئافرەتی دین دار هەڵبژێرە دەستت بەگڵدا بچێت .

٢- پاڕانەوە بۆی بەوەی خودا منداڵی ساڵحیان پێ ببەخشێت ((رب هب لي من الصالحين)).

٣- بسم الله كردن لەكاتی جووت بووندا لەبەر ئەم فەرمووده‌یە : (( لو أن أحدكم إذا أراد أن يأتي أهله قال: بسم الله ، اللهم جنبنا الشيطانَ وجنب الشيطان ما رزقتنا، فإنَّهُ إن قُضي بينهما ولدٌ لم يضره ُالشيطان أبداً )) .

واتە : گەر كاتێک یەكێک لەئێوە دەچێتە لای خێزانی بڵێت :

(بسم الله ، اللهم جنبنا الشيطانَ وجنب الشيطان ما رزقتنا)

ئەوا گەر خودا منداڵیان لەو شەوەدا پێ ببەخشێت شەیتان بەهیچ شێوەیەک زیانی پێ ناگەیەنێت .

٤- ئەو كارانەی كەلەكاتی لەدایک بوونی منداڵدا دەكرێت :وەک تەڕكرنی مەڵاشوی بەخورما ، وەتاشینی سەری ، وەهەڵبژاردنی ناوێكی خۆش بۆی ، وگوێزەبانە كردن بۆی لە ڕۆژی حەوتەمدا .

٥- دوعا وپاڕانەوە بۆ منداڵ بەوەی چاک دەرچن ، پێغەمبەران گرنگیان بەمنداڵەكانیان دەدا ، ئیبڕاهیم دەپاڕایەوە ودەیفەرموو : ((وَاجْنُبْنِي وَبَنِيَّ أَنْ نَعْبُدَ الْأَصْنَامَ )) ،

واتە : وە خۆم و نەوەكانم بپارێزە لەوەی كە بت بپەرستین (كە ئیبراهیم ئەم دوعایە بكات ئێمە ئەبێ زیاتر لە خۆمان بترسین و ئەم دوعایە بۆ خۆمان و دایك و باوك و نەوەكانمان بكەین).

وەهەروەها دەیفەرموو (( رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلاةِ وَمِنْ ذُرِّيَّتِي )) ,

واتە :ئەی پەروەردگار وام لێ بکە بەردەوام نوێژەکانم ئەنجام بدەم وە نەوەکانیشم بەهەمان شێوە .

وەهەروەها دەیفەرموو ((رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ وَمِنْ ذُرِّيَّتِنَا أُمَّةً مُسْلِمَةً)).

واتە :وە ئەی پەروەردگار جێگیرو دامەزراومان بکە لەسەر ئیسلام و گوێڕایەڵی و دڵسۆزی و کردەوەی چاك ، وە لە نەوەی ئێمەیش واتە: مەبەست پێی ئوممەتی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم لەوانیش با ئوممەتێکی موسڵمان بن .

وە پێغەمبەر زەکەریا دەیفەرموو : (( رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ)) .

واتە : ئەی پەروەردگار لەلایەن خۆتەوە نەوەیەکی پاك و چاکم پێ ببەخشە بە دڵنیایی تۆ هەموو دوعایەك ئەبیستی وە وەڵام ئەدەیتەوە .

٦- نەترساندنی منداڵ بە جنی وتاریکی ودز ، بەتایبەت لەکاتی گریاندا .

٧- وای لێ بکرێت تێکەڵی کەسانی تر ببێت ، گەر ترسی نەبوو ئازاری بدەن .

٨- سەرزەنشت وئیهانە نەکردنی بەتایبەت لەبەرچاوی هاوڕێکانی ، وخزم وکەسانی بێگانە .

٩- بە وشەی ناشرین بانگ نەکرێت وەک ئەی بێعەقڵ

١٠- بەلەسەر خۆییەوە ئاگادار بکرێتەوە لەهەڵەکان ، وسزا نەدرێت گەر یەکەم جاری بوو هەڵە بکات

١١- زیادەڕەوی نەکرد لەخۆشویستنیدا .

١٢- حسابی ئەوە بکرێت گەر منداڵێکی تریان بوو چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن

١٣-ڕێگە بەمنداڵی گەورە بدرێت جل وبەرگی منداڵە بچوکەکە بێنێت ، وڕێگەی پێ بدرێت یاری لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی ڕقی لێ هەڵ نەگرێت .

١٤- جێ بەجێ کردنی دادپەروەری لەنێوان منداڵاندا

١٥- ڕێگە نەدرێت بەکوڕ یاخود کچ دوای تەمەنی حەوت ساڵی پانتۆڵ لەبەر بکەن .

١٦- جودا کردنەوەی کچ لەکوڕەکان بەشێوەیەک ژووری تایبەتیان هەبێت ، یاخود جودا کردنەوەی جێگاکانیان گەر لەیەک ژووردا بوون .

١٧- فێری ڕوخسەت وەرگرتن بکرێن لەکاتی چوونە ژوورەوە بۆلای دایک وباوک بەتایبەت بۆ ژووری نوستن

١٨- گەر منداڵ لەلای دایک وباوکی دەنوست با زۆر ئاگادار بن نەیان بینێت لەکاتی جووت بوندا هەر چەند بچوکیش بێت .

١٩- نابێ دایک لەبەرانبەر منداڵەکانی شوێنە حەساسەکانی بەدەر کەوێت ، وەک ئەوەی جلی تەنک وتەسک لەبەر کات .

٢٠- ڕاهێنانی منداڵی کوڕ لەسەر پاراستنی چاو.

٢١- نابێ منداڵی کوڕ خوشکەکەی ببینێت لەحەمامدا ، ونابێ بەیەکەوە بچنە حەمامەوە

٢٢- منداڵ ڕابهێندرێت لەسەر دەرنەخستنی عەوڕەتی ، ونابێ ڕێگە بەکەسانی تر بدرێت بیبینن .

٢٣- نابێ ڕێگە بەمنداڵی کوڕ بدرێت بچێتە بازاڕی یاخود شایی تایبەت بەئافرەتان .

٢٤- ڕێگەی پێنەدرێت تەماشای فیلم و وێنەی نەشیاو بکات ، یاخود چیرۆکی عشق ودڵداری بخوێنێتەوە

٢٥- ڕواندنی عەقیدە وئیمان لەنەفسیدا ؛ ئەمەش بەم شێوەیە دەبێت :

أ- ئەڕکانەکانی ئیمان وئیسلامی فێر بکرێت ، وەهەروەها بابەتە غەیبیەکانی پێ ئاشنا بکرێت ، وەک قەبر وخۆشی ونارەحەتیەکانی ، وپێی بوترێت بەهەشت ودۆزەخ بوونی هەیە .

ب ـ هەستی چاودێری کردنی خودای لەسەر تێدا بڕوێندرێت ، خوای تەعالا لەسەر زمانی لوقمان کاتێ کە ئامۆژگاری منداڵەکەی دەکرد دەفەرمووێت (( يَا بُنَيَّ إِنَّهَا إِنْ تَكُ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ فَتَكُنْ فِي صَخْرَةٍ أَوْ فِي السَّمَاوَاتِ أَوْ فِي الْأَرْضِ يَأْتِ بِهَا اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ لَطِيفٌ خَبِيرٌ)) .

واتە : ئەی کوڕی خۆم ئەگەر بێتوو تاوانێك بكەی بە كێش و ئەندازەی گەردێكی بچووك لە تۆوی دانەوێڵە ئەوەندە بچووك بێ كە هەر كێشی نیە، ئەگەر لەناو تاوێرێكیشدا بیكەیت، واتە لە شوێنێكی تاریك و پارێزراویش ئەو تاوانە بكەی، یان لە ئاسمانە فراوانەكاندا بێت ، یاخود لە تاریكی زەویدا بێت ، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەیهێنێت و لێپرسینەوە لەگەڵ خاوەنەكەیدا ئەكات، چونكە هیچ شتێك لە خوای گەورە ناشاردرێتەوە ، بە دڵنیایی هیچ شتێك لە خوای گەورە ناشاردرێتەوەو خوای گەورە زانیاریەكی زۆر وردی هەیە.

ج ـ ڕاكێشانی سەرنجی بەوەی خودا توانایەكی بێ ئەندازەی هەیە بەسەر هەموو شتێكدا ، كاتێ كە ڕوبارێک دەبینێ دەڵێت كێ ئەمەی دروست كردووە ؟

ئەی كێ شاخەكان وئاژەڵە گەورەكانی دروست كردووە ؟ .

د ـ پەرەپێدان وڕواندنی خۆشەویستی خودا لەدڵیدا ، ئەوەش بەوە دەبێت هەموو نیعمەتێک بگێڕدرێتەوە بۆ لای خودا ، وئاگادار بكرێتەوە لەسزای خودا .

هـ ـ ڕاهێنانی لەسەر كردەوەی چاكە ، وفێر كردنی قورئانی پیرۆز ، وزیكرەكانی فێر بكرێت.

و ـ خوێندنەوەی هەندێ لەوئایەت وفەرموودانەی كە هەڵنان وترساندنی تێدایە ، وبۆیان شەرح بكرێت .

ز ـ ببرێت بۆ ئەو جێگایانەی کەوانەی فێر کردنی قورئانی تێدا دەوترێتەوە وچاو دێری کردنی.

ح ـ بردنی بۆ سەردانی کردنی گۆڕستان ، یاخود نەخۆشخانە

٢٦- ڕواندنی ڕەوشتی جوان لەدەرونیدا بەم شێوەیەیی لای خوارەوە:

أ ـ ڕا دەهێندرێت لەسەر ڕاستگۆی وئەمانەت ، وئیستقامە وفەزڵ دانی کەسانی تر بەسەر خۆیدا ، ویارمەتی دانی هەژار ، ورێز گرتن لەمیوان ، وجگە لەمانەش .

ب ـ ڕا دەهێندرێت لەسەر دوور کەوتنەوە لەڕەوشتی ناشرین وقێزەون ، وەک درۆ ، وجوێن ، وقسەی نەشیاو وناشیرین .

ج ـ خوێندنی هەندێ لەو فەرموودانەی کەباس لەڕێزی ڕەوشت جوانی دەکەن وسەرزەنشتی ڕەوشتی ناشیرین دەکەن .

٢٧- وا پەروەردە بکرێت لەسەر ڕەچاو کردنی مافی کەسانی تر بەم شێوەیە :

ڕادەهێندرێت لەسەر ڕەچاو کردنی مافی دایک وباوک ، بەشێوەیەک لەپێشیانەوە ڕێ نەکات وبەناوی خۆیان بانگیان نەکات بەبێ کەلیمەی دایە وباوە ولەپێشیانەوە دانانیشێت ، ودڵ گران نەبێت بەئامۆژگاریەکانیان، وسەرپێچی فەرمانەکانیان ناکات ، وە لە پێشیانەوە دەس بەخواردن نەکات ، وەبۆیان دەپاڕێتەوە ، وەدەنگ بەسەریاندا بەرز ناکاتەوە ، وەقسەیان پێ نابڕێت ، وەلەماڵ دەرناچێت

مەگەر بەئیزنی ئەوان نەبێت ، وەکاتێ کە نوستوون ئیزعاجیان ناکات ، وە پێی لەبەرانبەریان درێژ ناکات .

وەهەروەها منداڵ ڕادەهێندرێت لەسەر سیلەی ڕەحم ، ومافی دراوسێ ، ومافی مامۆستا ، ومافی هاوڕێ ، ومافی کەسی بەتەمەن وهاوشێوەی ئەمانە .

٢٨- پەروەردە کردنی لەسەر ئیلتزام کردن بەئادابە کۆمەڵایەتیەکانەوە ، وەک ئادابی خواردن ، وسەلام کردن ، وداوای مۆڵەتکردن ، وئادابی مەجلیس وئادابی گفتوگۆ وجگە لەمانش .

٢٩- پەروەردە کردنی لەسەر فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە .

٣٠- هەڵبژاردنی قوتابخانەیەکی چاک بۆی ، وهاوڕێی چاک ، ووهاریکاری کردنیان لەپەروەردە کردنی منداڵدا

٣١- پەروەردە کردنی لەسەر باوەڕ بوون بەخۆ ، بەڕاهێنان لەسەر جەرئی وئازایەتی وسەڕیحی ، وپێدان مافی هەڵس وکەوت کردن وتەسەڕوف کردن ، وهەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی ، وممارەسە کردنی کارەکان بەپێی گەشەی خۆی ، وڕادەهێندرێت لەسەر ئەوەی مەرج نییە هەموو جارێ بەگوێی بکرێت لەپێشنیارەکانیدا .

٣٢- پەروەردە کردنی لەسەر قوربانی دان بۆ ئوممەت ، وچاوەڕێ کردنی پاداشت لەخودا.

٣٣- پەروەردە کردنی لەسەر خۆ ڕاگری لەکاتی توڕەییدا ، ودوور خستنەوەی لەهۆکارەکانی توڕە بوون گەر بچوک بوو نەوەک توڕەیی ببێت بەعادەت وتەبعی .

٣٤- ڕەچاو کردنی ئاستی منداڵ ، چونکە هەندێ منداڵ ڕەنگە لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی خوێندندا سەر کەوتوو نەبێت ، لەم حاڵەتەدا با فێری ئەو کارە بکرێت کەدەزانرێت سەر کەوتوو دەبێت تیایدا ، بەڕاستی هەندێ لەدایکان وباوکان سەر کەوتووی منداڵەکانیان تەنها لەناجیح بوون وکەوتندا دەبیننەوە ، لای ئەم جۆرە لەدایکان وباوکان خوێندن تەنها ڕێگایە بۆ سەر کەوتووی وفەشەل ، بێگومان ئەمەش هەڵەیە ،چونکە ڕەنگە لەخوێندندا باش نەبێت بەڵام لەکارێکی تردا زۆر سەر کەوتوو بێت .

٣٥- دوور خستنەوەی لەلادان وخۆ شوبهاندن بەئافرەتان .

٣٦- ڕاهێنانی لەسەر تەحەمول کردنی ناخۆشیەکان ، نەک غەرق بکرێت لەخۆشیدا.

٣٧- ئاگادار کردنەوەی لەلاسای کردنەوەی کوێرانە.

٣٨- ڕێگری کردن لێی لەگوێ گرتن لەگۆرانی ومۆسیقا

٣٩- پڕ کردنەوەی کاتە فەڕاغەکانی بەشتی بەسوود

٤٠- هەڵبژاردنی هاوەڵی چاک بۆی

٤١- فێری ژیان نامەی پێغەمبەر ﷺ وپێشینان وسەلەف بکرێت .

٤٢- فێر کردنی زانستی شەرعی وهەندێ لەشیعر ئەدەب وهونەر .

٤٣- فێری ئەحکامەکانی بالغ بوون بکرێت ؛ وەک لەش گرانی وئەوەی پێویست دەبێت لەسەری ، ودایک کچەکەی فێری ئەحکامەکانی حەیز دەکات ، بەداخەوە ئێمە زۆر جار گوێ بیستی ئەوە دەبین کچان توشی حەیز بوون بەبێ ئەوەی دیکیان بزانن ودەکەونە هەندێ هەڵەوە وەک ئەوەی لەو حاڵەتەدا نوێژ دەکەن وبەڕۆژوو دەبن پاشان پرسیار دەکەن ئایا چ شتێک لەسەریان پێویستە ، بێگومان گەر دایکان ئاگادار بونایە ئەوا کچان توشی ئەم سەر پێچیانە نەدەبوون .

٤٤- منداڵ ئاشنا بکرێت بەو پلانانەی دوژمنانی ئیسلام دژ بەئیسلام دەیگرنە بەر.

٤٥- ئاشنا کردنی بەحەزارەتی ئیسلام ، وڕواندنی گیانی خۆشەویستی لەمنداڵدا بۆ گەڕانەوەی ئەو حەزارەتە .

٤٦- ڕاهێنانی منداڵ لەسەر پاراستنی کات .

٤٧- پلە بەندی لەتەئدیب داندا .

٤٨- دروست کردنی تەسەوری ڕاست وسەحیح لای منداڵ ؛ چونکە هەندێ تێگەیشتنی هەڵە هەن پێویستە ڕاست بکرێنەوە ، لەوانە تێگەیشتن لەعیبادەت کەزۆر کەس پێیان وایە تەنها پەیوەندی بەنێوان بەندە وخوداوە هەیە وسودی بۆ دەورو بەر نی یە ! بێگومان ئەمەش تێگەشتنێکی هەڵەیە ، عیبادەت زۆر لەوە گشت گیر ترە ، چونکە

فەرمان كردن بەچاكە وڕێگری كردن لەخراپەش عیبادەتە وناچێتە قاڵبی تەداخول كردنی لەمافی كەسانی تردا ؛ هەندێ لەباوكان كاتێ منداڵەكانیان دەبینن ڕێگری دەكەن لەخراپە پێیان دەڵێن چیتان داوە لەخەڵك وتەنها ئاگاداری خۆتان بن .

٤٩- دروست كردنی هەندێ قەناعەتی بنچینەیی ئیسلامی لە لای وەك : حیجاب ، پێویستە قەناعەت بەحیجاببوون لای كچان دروست بكرێت نەك تەنها وەك تقلیدی دایكات ئەو كارە بكەن.

٥٠- كەسانی بالغ هەڵبنرێت لەسەر زەواج كردن بەپێی توانا ،خۆگەر توانای نەبوو بەڕۆژوو بن.

٥١- دوور خستنەوەی منداڵ لەو شتانەی كەهەستی جنسیان دەجوڵێنن .

٥٢- بەهێز كردنی پەیوەندی لەنێوان باوك ومنداڵدا ، تاوەكو وای لێ دێت وەك هاوڕێ تەماشای باوكی بكات ، ئەمەش بەڕوخۆش بوون لەگەڵی وگاڵتە كردن لەگەڵی دروست دەبێت .

٥٣- زیادەڕەوی نەكرد لەپێدانی پارە پێی بۆ ئەوەی نەچێت ولەشتی حەڕام وخراپدا سەرفی نەكات ، وهەروەها نابێت ڕەزیلیش بكرێت لەپێدانی پارە پێی نەوەك دەست بۆ دزی كردن ببات.

٥٤- دەبێ ئاگادار بی لەكڕینی سەیارە بۆی چونكە زۆر جار دەبێتە هۆكاری لادان وسەرگەردانی بۆی.

٥٥- ئاگادار بە کەسێکی درۆزن مەبە لەگەڵیاندا ، وئەو شتانەیان بۆ جێ بەجێ بکە کەوەعدت پێداون وڕاستگۆبە لەگەڵیان.

٥٦- لەگەڵیان دابنیشە ، وگوێیان بۆبگرە ، با وا هەست بکەن ئەوان گرنگن بەلای تۆوە.

٥٧- سزایان بدە گەر کارێکیان کرد شیاوی سزا دان بوو.

٥٨- هاریکاریان بکە لەچاک بوون لەگەڵت.

٥٩ - نابێ بەمنداڵەکەت بڵێیت دەبێ ئەویش سەد لەسەد هاوشێوەی تۆ بێت ، بەشێوەیەک وەک سەرباز مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت .

٦٠ - ترسی داهاتوو لەدڵیاندا مەڕوێنە ، بەشێوەیەک ڕزق تەنها لەوەزیفە وفەرمانبەریدا سنوردار بکەیت ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئامۆژگاریان نەکەیت وباسی لایەنە باشەکانی خوێندنیان بۆ نەکەیت .

## ٤٠- ئادابی خوێندن وقوتابخانە :

### أ. ئادابی قوتابخانە :

١) ئامادە بوون لەقوتابخانەی پێش ئەوەی جەڕەسی چوونە ژوورەوە لێ بدرێت.

٢) سەلام کردنیان لەهاوڕێیان بەڕوویەکی جوانەوە ، وەهەروەها سەلام کردن لەمامۆستایان .

٣) پارێزگاری کردن لەیاسای گشتی قوتابخانە .

٤) ئامادە کردنی دەفتەر وکتاب وقەڵەم وهەموو پێداویستیەکانی قوتابخانە.

٥) ئاگادار بوون لەدەرس وموشارەکە کردن تیایدا .

٦) دوورکەوتنەوە لەلاساری لەکاتی دەرسدا یاخود خۆ سەرقاڵ کردن بەدەفتەر وقەڵەمەوە یاخود قسە کردن لەگەڵ هاوەڵاندا.

٧) تۆمارکردنی واجباتەکانی ڕۆژانە لەدەفتەرێکی تایبەتدا ، بۆ ئەوەی لەماڵ تەماشای بکات وپێیدا بچێتەوە .

٨) بەلەسەر خۆییەوە یاری کردن لەکاتی فرسەکاندا ، وئاگادار بوون لەوانەی کەلەو منداڵ ترن ، وەیاری نەکردن لەگەڵ منداڵی لەخۆی گەورە تر .

٩) سوود وەرگرتن لەکاتی فورسەکان بۆ جێ بەجێ کردنی پێویستیەکان وەک سەرئاو کردن .

١٠) ئاگادار بوون لەخواردن وخواردنەوەی پاک ، لەگەڵ شوشتنی دەستدا لەپێش وپاش خواردن.

١١) ئاگادار بوون لەوەی هیچ شتێک لەخورادنەکەی بەر نەبێتەوە لێی وبکەوێتە ژێر پێ .

١٢) دەست نەبردن بۆ شت و مەکی هیچ یەکێک لەقوتبیەکان مەگەر بەئیزنی خۆی نەبێت .

١٣) دوور کەوتنەوە لەگاڵتەکردن وبەکەم زانینی کەسانی تر ، وناو وناتۆرە وگاڵتەیەک کەسەر بکێشێت بۆ شەڕ وئاژاوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَومٌ مِّن قَوْمٍ عَسَى أَن يَكُونُوا خَيْراً مِّنْهُمْ) الحجرات ١١.

واتە : ئەی باوەڕداران با کەسانێك گاڵتە بە کەسانێکی تر نەکەن لەوانەیە گاڵتەپێکراوەکە لای خوای گەورە لەوە باشتر بێ کە گاڵتەی پێ ئەکات .

١٤) هەڵبژاردنی هاوڕێی چاک ئەوانەی کەڕەوشتیان جوان وبەرزە وهەوڵی چاک دەدەن بۆ خوێندن وزیرەکن تیایدا.

١٥) باش خۆ ئامادەکردن بۆ تاقی کردنەوەکان لەسەرەتای ساڵەوە وتەمبەڵی نەکردن .

١٦) دوور کەوتنەوە لەغەش وقۆپی کردن لەتاقی کردنەوەکاندا .

١٧) پاڕانەوە لەسەرەتایی تاقی کردنەوەدا وبڵێت: {رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي (٢٥) وَيَسِّرْ لِي أَمْرِي} (٢٦) طه.

واتە :ئەی پەروەردگار سینگم فراوان بکە بۆ ئەوەی کە بتوانم باری قورسی پێغەمبەرایەتی و ئازاری خەڵکی هەڵبگرم.

وە کارم بۆ ئاسان بکە.

**ب ئادابی قوتابی لەماڵدا**

١) پەلەکردن لەنوسینەوەی واجباتەکانی دوای گەڕانەوەی لەقوتابخانە ودوا نەخستنی بۆ ڕۆژی دواتر.

٢) موڕاجەعە کردنی بەرنامەی ڕۆژانەی وتەئکید کردنەوە لەواجباتەکانی ڕۆژانی ڕابردوو وخۆ ئامادە کردن بۆ دەرسی داهاتوو.

٣) گرنگی دان بەخەت جوانی وڕێک وپێکی نوسین.

٤) گرنگی دان بەپاک وخاوێنی دەفتەر وکتێبەکان وبەرگ گرتنیان وپارێزگاری کردن لێیان.

٥) هەوڵ دان بۆ پێشکەوتن لەهەموو بابەتەکاندا بەموتابەعەکردنی بەردەوام ودوور کەوتنەوە لەبەفیڕۆ دانی کات بەبێ هۆ.

٦) کردنی کارەکانی بەجوانترین شێوە عائیشە خوای لێ ڕازی بێت دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ( إن الله تعالى يحبّ إذا عمل أحدكم عملا أن يتقنه.) رواه البيهقي.

واتە : خودا پێی خۆشە کاتێک یەکێک لەئێوە کارێکی کرد بەجوانترین وڕێکترین شێواز ئەنجامی بدات .

## ٤١- ئادابی عالم ومامۆستا وفێر خواز :

**یەکەم : ئادابی عالم ومامۆستا:**

١) مەبەستی لەفێر کردنەکە تەنها خودا بێت

٢) بەڕەوشتی جوان خۆی بڕازێنێتەوە وەک : زاهید بوون لەدونیادا ، وزۆر خۆ سەرقاڵ نەکردن پێوەی وگوێ نەدان بەلەدەست چوونی ، وسەخی بوون ، وڕوو گەشی .

٣) دوور کەوتنەوە لەحەسودی وڕیا وبەخۆ موعجیب بوون ، وبەکەم زانینی کەسانی تر .

٤) بەردەوام هەست کردن بەچاودێری خودا لەپەنهان وئاشکرادا ، لەگەڵ پارێزگاری کردن لەخوێندنی قورئان ونوێژە سوننەتەکان.

٥) بەردەوام سەرقاڵی عیلم وزانست بێت ، بەموڕاجەعە وگەڕان ونوسین ...هتد .

٦) سوور بێت لەسەر فێر کردنی کەسانی تر ؛ چونکە ئەوە ئەسڵێکە کەدین پێی بەهێز دەبێت ویەکێکە لەگەورەترین عیبادەتەکان.

٧) پەروەردە کردنی فێر خواز بەپلە بەندی وتەدەڕوج ، وڕای بێنێت لەسەر ڕەوشتی بەرز ، وگرنگی بدات بەمەساڵیحەکانی ، وەئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ قوتابیەکەشی پێی خۆش بێت ، وەخۆی فەرز نەکات بەسەریدا ونەرم بێت لەگەڵی .

٨) تەسەبوت ودڵنیا بوون لەشتەکان پێش فەتوا دان .

**دووەم : ئادابی قوتابی زانست :**

١) ئیخلاسی هەبێت وتەنها مەبەستی لەفێر بوونی زانست خوای پەروەردگار بێت.

٢) سەفەر کردن لەپێناو فێر بوون زانستدا.

٣) دوور کەوتنەوە لەتاوان.

٤) دڵی پاک بکاتەوە لەپیس وپۆخڵی بۆ ئەوەی بەجوانی زانستەکە وەربگرێت ولەبەری بکات.

٥) ئەو پەیوەندیانە ببچڕێنێت کە سەرقاڵی دەکەن لەزانست ، وەئارام بگرێت لەسەر هەژاری ودەست کورتی.

٦) خۆی بەکەم بزانێت لەبەرانبەر زانست ومامۆستادا.

٧)بەچاوی ڕێزەوە تەماشای مامۆستاکانی بکات.

٨) سوور بێت لەسەر ڕازی کردنی مامۆستاکەی هەرچەند پێچەوانەی بۆ چونیشی بێت .

٩) بەجوانترین شێواز دەرکەوێت ، دڵی حازر وبەتاڵ بێت بۆ وەرگرتنی زانست ، وپاک بێت وسیواک بەکار بێنێت وسمێڵ ونینۆک بکات وخۆی لەبۆنی ناخۆش بپارێزێت.

١٠) سەلام بکات لەئامادەبوان بەدەنگێک کەهەموان گوێ بیستی بن و زیاد ڕێز لەمامۆستاکەی بگرێت.

١١) بەسەر ملی کەسانی تردا تێپەڕ نەبێت وکەسێک لەجێگەیەک هەڵنەستێنێت وخۆی تیایدا دانیشێت.

١٢) بەئەدەب ورەوشت بێت لەگەڵ کەسانی ئامادە بووندا.

١٣) بەلەسەر خۆی وبەجوانی پرسیارەکانی ئاراستە بکات ، وەشەرم نەکات لەو پرسیارانەی کەلای دروست دەبن.

١٤) سوور بێت لەسەر فێر بوون لەهەموو کاتەکانیدا جا شەو بێت یاخود ڕۆژ لەماڵ بێت یاخود لەسەفەر .

## ٤٢- ئادابی ڕۆژوو :

١) پاڕانەوە لەکاتی بینینی مانگدا.

٢) تەنها مەبەستی لەڕۆژوو گرتنەکەی خودا بێت.

٣) دوور کەوتنەوە لەجوێن وقسەی نەشیاو ودرۆ وکاری خراپ وگوێنەدان بەکەسی جاهل.

٤) پەلە کردن لەڕۆژوو شکاندن ، وشکاندنی بەچەند خورمایەکی شل.

٥) پارشێو کردن ودوا خستنی، وسوننەتە خورما بخورێت لەپاشێودا.

٦) پاڕانەوە لەکاتی شکاندنی ڕۆژوودا.

٧) زۆر سەدەقە کرد لەڕەمەزاندا.

٨) سوننەتە خواردن دابین کردن بۆ کەسانی بەڕۆژوو.

٩) سوور بوون لەسەر ئەنجام دانی نوێژی تڕاویح.

١٠) زۆر خوێندنی قورئان.

١١) زۆر هەوڵدان لەدەڕۆژی کۆتایی ڕەمەزاندا.

١٢) ئیعتکاف ومانەوە لەمزگەوتدا .

## ٤٣- ئادابی دوو جەژنەكە :

١) دەركردنی زەكاتی سەر فترە پێش دەرچوون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان.

٢) خۆ شوشتن بۆ نوێژی جەژن.

٣) پۆشینی جوانترین جل.

٤) خواردنی چەند دەنكە خورمایەك پێش دەرچون بۆ نوێژی جەژنی ڕەمەزان.

٥) هیچ شتێک نەخورێت لەجەژنی قورباندا تا لەنوێژ دەگەڕێتەوە ولەقوربانیەكەی بخوات.

٦) بەپێ چون بۆ مزگەوت ، وەلەڕێگایەكەوە بچێت ولەڕێگایەكی ترەوە بگەڕێتەوە.

٧) سوننەتە ئافرەتان دەرچن بۆ نوێژی جەژنەكان بەمەرجێک جلی شەرعی لەبەر بكەن وتێكەڵاوی پیاوان نەبن.

٨) الله أكبر كردن لەڕۆژانی جەژندا.

٩) زۆر سەدەقە كردن لەڕۆژی جەژندا.

١٠) پیرۆز بایی كردن لەڕۆژی جەژندا.

١١) قوربانی كردن بۆ كەسێک كەتوانای هەبوو .

## ٤٤- ئادابی زەکات وسەدەقە :

١) سەدەقە لەماڵی حەڵاڵ وپاک بکات ؛ چونکە خودا پاکە وشتی پاک نەبێت وەری ناگرێت.

٢) وەلەو شتانە بێت کەخۆشی دەوێت وشتی گران بەها بێت.

٣) وەتەنها مەبەستی خودا بێت.

٤) وە بەدڵێکی ئارام وفراوانەوە بیبەخشێت.

٥) وە بیشارێتەوە مەگەر لەبەر مەسڵەحەتێک نەبێت.

٦) خێر بەکەسانی نزیک وخزم بکات ئەوانەی کەموحتاجن.

٧) وەتەمبەڵی نەکات لەدانی زەکاتدا ودوای نەخات.

٨) وە بەمنەت وڕیا بەتاڵی نەکاتەوە .

## ٤٥- ئادابی حەج وسەردانی کردنی ماڵی خودا :

١) پێش ئەوەی بچێت بۆ حەج یاخود عەمرە تەوبە بکات.

٢) گەر ماڵی خەڵکی لەلابوو بۆیان بگێڕێتەوە ، وگەردنی خۆی بەو کەسانە ئازا بکات کەستەمی لێ کردوون یاخود باسی کردوون.

٣) تەنها نیەتی خودا بێت لەئەنجامی دانی فەریزەی حەج دا.

٤) بەماڵی حەڵاڵ وپاک حەج بکات وهاوڕێی چاک هەڵبژێرێت.

٥) وەسیەت بکات بە دانەوەی ئەو قەرزانەی کەلەسەریەتی یاخود هەر مافێکی تر وە شاهیدێک لەسەری بگرێت.

٦) باش وایە ئەو کەسەی کەنیەتی حەج کردنی هێناوە وەسیەت بۆ کەس وکاری بکا بەوەی تەقوای خودا بکەن وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن.

٧) وەفێری ئەحکامەکانی حەج ببێت وهەوڵ بدات بەگوێرەی سوننەت ئەنجامی بدات.

٨) پاراستنی زمان لەقیل وقال و وتی وتی ، وەئەوەی کەلەئێستاو داهاتوودا سوود بەخش نیە ، وزۆر گاڵتە نەکات.

٩) ئەزیەتی هاوەڵەکانی نەدات و ئامۆژگاریان بکات ، وفەرمانیان پێ بکات بەچاکە وڕێگریان لێ بکات لەخراپە ، وە سوور بێت لەسەر پاراستنی کاتەکانی .

١٠) سوور بێت لەسەر ئەوەی زیان بەحەجاجەکان نەگەیەنێت بەتایبەت لەکاتی تەواف وهاتن چون لەنێوان سەفا ومەڕوەدا ولەکاتی ڕەمی جەمەڕاتدا ، واتە : (ڕەجمی شەیتان).

١١) شەعائیرەکانی حەج بەخۆشەویستی وبەگەورە زانینەوە جێ بەجێ بکات وخۆی مل کەچ بکات بۆ خودا.

١٢) دوور کەوتنەوە لەقسەی نەشیاو ناشیرین وموناقەشە مەگەر بۆ سەرخستنی حەق بێت کەئەوە دەچێتە بابی فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە کەهەندێ جار واجبە وهەندێ جاریش سوننەتە .

١٣) پێویستە حاجی سوور بێت لەسەر جێ بەجێ کردنی فەڕائیزەکان ، وەک ئەنجامدانی نوێژەکان لەکاتی خۆیدا وبەجەماعەت.

١٤) پێویستە لەسەر ئافرەت سەفەر نەکات بەبێ مەحڕەم ، بێگومان ئەوەی کەزۆربەی ئافرەتان دەیکەن لەسەفەر کردن بەبێ مەحڕەم دروست نی یە وتاوانبار دەبن لەسەری.

١٥) پێویستە لەسەر ئافرەتان خۆیان داپۆشن ، وسوور بن لەسەر جێ بەجێ کردنی فەریزەی حەج بەجل وبەرگی شەرعیەوە، وتا بکرێت خۆیان دوور بگرن لەتێکەڵی پیاوان.

١٦) پێویستە لەسەر حاجی دوور کەوێتەوە لەزۆربەی ئەو شتانەی کەحاجیەکان خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن وەک قسەی بێ سوود ویاخود کارێک کەسوودی نەبێت ، هەندێ لەحاجیەکان دەڵێن ڕەجمی

شەیتانمان کرد ویاخود هەندێکیان بەنەعل ڕمی جەمەڕات دەکەن یاخود جوێن دەدەن وقسەی نەشیاو دەکەن ، هەموو ئەمانە پێچەوانی مانا ومەبەستی حەجە.

١٧) سوور بوون لەسەر سوود گەیاندن بەموسوڵمانان وچاک بوون لەگەڵیان ورێنوێنی کردنیان ویارمەتی دانیان لەکاتی پێویستیدا .

## ٤٦- ئادابی کار کردن وکڕین وفرۆشتن :

١ - هەبوونی نیەتی چاک ، بانیەتیان ئەوە بێت خۆیان بێ پێویست کەن لەکەسانی تر وچاو نەبڕن لەدەستی کەسانی تر، وهەستان بەمافی ماڵ ومنداڵ ، بێگومان هەموو ئەمانە بەشێکن لەجیهاد .

٢ - با بازاڕی دونیا بێئاگای نەکات لەبازاڕی دوا ڕۆژ ، جا بازاڕی دواڕۆژ مزگەوتەکان ، پێویستە یەکەم کاری ڕۆژانەی چوون بێت بۆ مزگەوت لەکاتی بەیانیدا و دەست بگرێت بەزیکر ویادی خوداوە ، پیاو چاکانی پێشینان بەم شێوەیە بوون -: {رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ } النور ٣٧.

واتە : پیاوانێکی هیممەت بەرزن کە بازرگانی و کڕین و فرۆشتن سەرقاڵ و بێئاگایان ناکات لە زیکری خوای گەورە و نوێژ کردن و زەکاتدان و هەمووی بۆ خوای گەورە ئەنجام ئەدەن، (عبداللەی کوڕی عومەر) لە بازاڕ بوو بانگدرا بۆ نوێژ خەڵکی دوکانەکانیان داخست و چوون بۆ مزگەوت، فەرمووی: ئەم ئایەتە لەسەر ئەم کەسانە دابەزیووە ، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژێك ئەترسێن کە ڕۆژی قیامەتە کە دڵ و چاوەکان تیایدا ئەمدیو و ئەمدیو ئەکرێت و وەرئەگێڕدرێت لە ترسی سەختی رۆژگارەکە.

٣ - بەردەوام بێت لەسەر زیکری خودا وخۆی سەرقاڵ کات بە (سبحان الله) و(الحمد لله) وبا زۆر سوور نەبێت لەچوون بازاڕ وبایەکەم کەس نەبێت کەدەچێتە بازاڕ ، وبا کۆتا کەسیش نەبێت کەبازاڕ بەجێ دێڵێت .

٤ - بەدوای ڕزقی حەڵاڵدا بگەڕێت ودوور بێت لەحەڕام وخۆی دوور بگرێت لەشوێنی گوماناوی.

٥ - خۆ دوور گرتن لەئیحتکار وماڵ شاردنەوە وهەڵگرتنی بۆ گرانی لەکاتێکدا کەخەڵک پێویستیان پێیبێت ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :(لا يحتكر إلا خاطئ). أي آثم. رواه مسلم.

واتە : هیچ کەسێک ماڵ ناشارێتەوە بۆ کاتی گرانی مەگەر کەسێکی تاوان بار نەبێت .

٦ - دوور بوون لەکڕین وفرۆشتن بەغەش وفێڵ ، جارێکیان پێغەمبەری خودا ﷺ بەلای پیاوێکدا تێپەڕ بوو کەخواردنی گەنم یاخود دانەوێڵەی دەفرۆشت وخواردنەکە سەرەنجی پێغەمبەری خودای ﷺ ڕاکێشا ، جادەستی خستە نێو گەنمەکە بینی تەڕە ! فەرمووی: ما هذا يا صاحب الطعام، قال: أصابته السماء أي المطر فقال - عليه الصلاة والسلام -: فهلا جعلته فوق الطعام حتى يراه الناس، من غشنا ليس منا رواه مسلم.

واتە : ئەمە چی یە ئەی خاوەن خۆراک ؟!

کابراش گوتی : باران لێی داوە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەی بۆ لەسەرەوە دات نەناوە تا خەڵک بیبینن ، دەی هەرکەسێک غەشمان لێبکات لەئێمە نییە .

جا غەش بریتی یە لە پیشان دانی شتێک بەپێچەوانەی حەقیقەتی خۆیەوە بەبێ عیلمی کەسی کڕیارِ .

٧ - دوور کەوتنەوە لەسوێند خواردن بۆ فرۆشتنی کاڵا ، ئەبو هورەیرە رضي الله عنە دەڵێت : گوێم لەپێغەمبەری خوا ﷺ - بوو دەیفەرموو : ( الحلف منفقة للسلعة ممحقة للكسب) متفق عليه.

واتە : سوێند کاڵا سەرف دەکات ، بەڵام بەرەکەتی ناهێڵت.

٨ - ئاگادار بوون لەتەرازوو ونەکێشان شت بەسوکی ، بەڵکو هەموو جار بەقورسەوە بیکێشت ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی -: ( وَأَوفُوا الكَيلَ إِذا كِلتُم وَزِنُوا بِالقِسطَاسِ المُستَقِيمِ ذَلِكَ خَيرٌ وَأَحسَنُ تَأوِيلاً ) (٣٥) الإسراء.

واتە : وە ئەگەر هەر شتێکتان پێوا بە تەواوی بیپێون و لێی کەم مەکەنەوە، وە شتێکیشتان کێشا بە تەرازوویەکی دادپەروەر بیکێشن یان بەدادپەروەری و عەدالەت، ئا ئەمە باشترە لای خوای گەورەو لای خەڵکی، وە لەدونیاو قیامەت، وە باشترین سەرەنجامە کە خەڵك بۆی ئەگەڕێتەوە.

وەهەروەها فەرموویەتی -: ( وَيلٌ لِّلمُطَفِّفِينَ (١) الَّذِينَ إِذَا اكتَالُوا عَلَى النَّاسِ يَستَوفُونَ (٢) وَإِذَا كَالُوهُم أَو وَّزَنُوهُم يُخسِرُونَ (٣)) المطففين.

واته : هەڕەشەی قورس و سەخت و ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسانەی کە شت لە خەڵکی بکڕن ئەوە بە تەواوی ئەیکڕن، بەڵام بە خەڵکی بفرۆشن بە کەمی پێیان ئەفرۆشن .

وە کاتێك کە شت لە خەڵکی بکڕن ئەوە حەقی خۆیان بە تەواوی وەرئەگرن یاخود بە زیادەوە لێیان وەرئەگرن.

بەڵام کاتێك کە شت بە خەڵکی بفرۆشن کەمیان پێ ئەدەن و فێڵیان لێ ئەکەن، قەومی (شوعەیب)یش لە پاش شەریك دانان بۆ خوای گەورە ئەم سیفەتە خراپەیان تیابوو لە کێشانەو پێوانەو کڕین و فرۆشتندا فێڵیان لە خەڵکی ئەکرد خوای گەورە لەناوی بردن.

عبداللەی کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەفەرمووێ: کاتێك پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - هاتە مەدینە خەڵکی مەدینە لە هەموو کەس کێشانەو پێوانەیان خراپتر بوو فێڵیان تیایدا ئەکرد تا خوای گەورە ئەم سوورەتەی دابەزاند (وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ) لە دوای ئەوە کێشانەو پێوانەیان چاك کردو وازیان لە فێڵ کردن هێنا لە کێشانەو پێوانەدا .

٩ - دوور کەوتنەوە لەوەسف کردنی کاڵا بەشتێک کەتیایدا نەبێت ودرۆ بێت ، بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەفێڵ وچاو بەست کردنی کڕیار وئیغرا کردنی ، بۆیە پێویستە موسوڵمان ڕاست گۆ بێت وشتێک نەڵێت کەلەواقیع دا وا نەبێت .

١٠ - دوور بوون لە نەجەش . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی -: ( لا تناجشوا) رواه البخاري ومسلم.

جا (النجش) بریتیە لەوەی کڕیار وفرۆشیار کاڵایەکی دیاری کراو لەنێوانیدا هەبێت وەکەسی فرۆشیار نرخەکەی بەکەسی کڕیار کەدەیەوێ بکڕێت گوتووە ، جا لەو کاتەدا کەسێک دێت کەمەبەستی کڕینی کاڵاکە نی یە وبەفرۆشیار دەڵێت : من بەگرانتر لێت دەکڕم ، جا لێرەدا تەنها مەبەستی سەر گەرم کردنی کڕیاری یەکەمە نەک لەئەسڵدا خۆی کڕیار بێت .

١١ - دوور کەوتنەوە لەدانیشتن لەڕێگای موسوڵمانان‌دا بەمەبەستی کڕین وفرۆشتن وببێتە هۆکاری تەسک کردنەوەی ڕێگاکان وئەزیەت بۆ خەڵک ، وپێویستە دوور کەوێتەوە لەدوو بەرەکی وبەرز کردنەوەی دەنگ وجوێن دان.

١٢ - ڕازی بوون بەقازانجی کەم ، کەئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خۆشەویست بێ لای خەڵک وبەرەکەت لەڕیزقدا دروست ببێت وکڕیاری زۆر بێت .

١٣ - دوور کەوتنەوە لەکڕین وفرۆشتن لەڕێگەی دزی وزەوت کردنەوە .

١٤ - دوور کەوتنەوە لەماڵ پەیدا کردن لەڕێگەی ڕیبا وقومارەوە ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی:-{وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا} البقرة ٢٧٥.

واتە :خوای گەورە کڕین و فرۆشتنی حەڵاڵ کردووە بەڵام ڕیبای حەرام کردووە .

وە لەپێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کەفەرموویەتی -: (لعن رسول الله آكل الربا وموكله، وكاتبه، وشاهديه، وقال هم سواء). أصحاب السنن.

واتە : خوا لەعنەتی کردووە لەو کەسەی ڕیبا دەخوات ، وەئەوەش دەیداتێ ، وەئەوەش کە عەقدەکە دەنوسێت ، وەئەوەش کەدەبێتە شاهید ، هەموو ئەمانە لەتاواندا یەکسانن .

١٥ - دوور کەوتنەوە لەفرۆشتنی شتی حەڕام ، لەپێغەمبەری خواوە هاتووە ﷺ فەرموویەتی : ( إن الله إذا حرّم شيئا حرّم ثمنه ) رواه أحمد وأبو داود.

واتە : خودا کاتێ شتێکی حەڕام کردبێ پارەکە ونرخەکەشی حەڕام کردووە .

هەر بۆیە فرۆشتنی عەرەق وهەر شتێکی حەڕام لەئیسلام دا حەڕامە فرۆشتنیان .

١٦ - یارمەتی نەدانی یەکتر لەکڕین وفرۆشتنی حەڕامدا ، وەک فرۆشتنی ترێ یاخود خورما بەکەسێک کەبزانێت دەیکاتە عەرەق .

١٧ - چاک بوون لەکڕین وفرۆشتندا جا بەلێبوردەیی بێت یاخود چاوەڕێ کردنی کەسانی نەبوو وهەژار ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی -: { وَإِن كَانَ ذُو عُسرَةٍ, فَنَظِرَةٌ إِلَىَ مَيسَرَةٍ, وَأَن تَصَدَّقُوا خَيرٌ لَّكُم إِن كُنتُم تَعلَمُونَ } (٢٨٠) البقرة.

واتە : وە ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە قەرزی کردووە پارەی نەبوو بیداتەوە ، ئەوا ئێوە چاوەڕێی بکەن و مۆڵەتی بدەن و زیادەی مەخەنە سەر و ڕیبای لێ مەسەنن تا کاتێك کە خوای گەورە بۆی ئاسان ئەکات ، وە ئەگەر ئەو کەسەی کە قەرزتان پێی داوە هەر لێی خۆش بوون لەبەر خوای گەورە وە قەرزەکەی لەسەر لادەن ئەوە بۆ ئێوە باشترە بۆ قیامەتتان، وە خوای گەورە ئەجرو پاداشتی زۆرتان دەداتەوە ئەگەر بزانن، وە دەتانخاتە ژێر سێبەری عەرشی خۆیەوە، وەدواتریش دەتانخاتە بەهەشتەوە.

وە جابر – رضي الله عنه دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی -: ( رحم الله امرئ سهل البيع، سهل الشراء، سهل القضاء، سهل الاقتضاء )رواه البخاري.

واتە: ڕەحمەتی خوا لەو کەسەی کە سەهل وئاسانە کاتێ دەفرۆشێت ، وئاسان ونەرمە لەکڕیندا ، وئاسان ونەرمەلەکاتی قەزاوەتدا ، وەئاسان ونەرمە لەماف وەرگرتنەوەدا.

١٨ - دوور کەوتنەوە لەمامەڵە کردنی کاڵایەک کەکەسێکی تر مامەڵەی کردبێت تاوەکو لێ دەبێتەوە یاخود خۆی ئیزنی دەدات ، ( ابن عمر – رضي الله عنهما) دەڵێت : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (لا يبع بعضكم على بيع أخيه) رواه البخاري.

واتە : با هەندێکتان کڕین وفرۆشتن لەسەر کڕین وفرۆشتنی براکەی نەکات .

١٩ - دوور کەوتنەوە لەبەکارهێنانی پارەی تەزویر.

٢٠ - وەرگرتنەوەی کاڵا : هەندێ جار هەندێ کەس کاڵایەک دەکڕن بەڵام دواتر بۆیان دەردەکەوێت کەپێویستیان پێی نییە وپەشێمان دەبێتەوە ودەچێت بۆلای فرۆشیار بۆ ئەوەی لێ وەرگرێتەوە ، بێگومان لەم حاڵەتەدا باش وایە کەسی فرۆشیار لێی وەرگرێتەوە ( أبي هريرة – رضي الله عنه) دەڵێت :پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی-: (من أقال مسلما بيعته أقاله الله عثرته يوم القيامة). رواه أبو داود وابن ماجه وابن حبان.

واتە : هەرکەسێک پەشیمان بوونەوەی کڕیارێک قەبوڵ بکات و کاڵا لەموسوڵمانێک وەرگرێتەوە ئەوا لەڕۆژی دوایدا خودا لەکەم وکورتیەکانی دەبورێت .

٢١ - کەسی کرێکار دوور کەوێتەوە لەبەفیڕۆ دانی کاتی کار کردن ، واتە : ئەو کاتەی کەدەس نیشان کراوە بۆ کارەکە کار بکات وکەم تەرخەم نەبێت ؛ چونکە کەم تەرخەم بوون وا دەکات کرێی ئەو مودەیەیی گومانی حەرامێتی تێکەوێت .

٢٢ - کەسی فەرمانبەر لەوە دوور کەوێتەوە کار ومامەڵەی خەڵک دوا بخات بەبێ هۆکارێکی دروست ، بەڵکو پێویستە پەلە بکات لەڕاپەڕاندنی کارەکانیان وپەپێی توانا کەم تەرخەم نەبێت گەرنا ئەو موچەیەی کەوەردەگرێت بەشێکی حەڕام دەبێت .

## ٤٧- ئادابی گەشت وگوزار :

١) نیەتی ساف کات بەوەی نیەتی ئیسراحەت دان بەدڵ ولاشە بێت بۆ ئەوەی بەهێز بێت بۆ عیبادەتی خودا ، وە ڕاهاتن لەسەر جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خودا بەهیمەتێکی بەرز وبەهێزەوە .

٢) خۆ ڕازاندنەوە بەڕەوشتی بەرز بەتایبەت لەکاتی مامەڵە کردندا ، وەک : ڕاستگۆی وئەمانەت پارێزی و بەخشینی شتێک کەخۆی پێویستی بێت ، وئارام گرتن ولەسەر خۆی وخۆ بەکەم زانی ، وڕوو گەشی وقسە نەرمی.

٣) پابەند بوونی تەواو ، وئیلتزام کردن بەبەرنامەی گەشتەوە وکاتەکانی دەرچوون ، وخۆ دوور گرتن لەدوور کەوتنەوە لەجەماعەت ، وخۆ جودا نەکردنەوە بەهەر هۆکارێک بێت مەگەر بەئیزنی سەر پەرشتیار نەبێت.

٤) پەلە کردنی لەخزمەت کردندا ، وبەشدار بوون لەئامادە کردنی پێویستیەکانی گەشت .

٥) خۆ دوور گرتن لەتێکەڵی پیاوان وئافرەتان ، ودوور کەوتنەوە لەشتە حەڕام کراوەکان، وسوور بوون لەسەر دڵ خۆش کردنی هاوەڵان.

٦) دەست گرتن بەكاتەوە بەتێفكرین لەدروست كراوەكانی خودا ، وزیكر ویادی خودا كردن ، وئەنجام دانی فەرزەكان ، وئامۆژگاری كردن بەهێنانەوەی فەرمووده بۆ هاوڕێیان وئامادە بوان .

## ٤٨- ئادابی ئامۆژگاری :

ئامۆژگاری چەند ئادابێکی گشتی هەیە کەپێویستە کەسی ئامۆژگاری کار خۆی پێ برازێنێتەوە ، لەوانە :

١) مەبەستی لەئامۆژگاریەکەی گەیاندنی خێر بێت بەبرا موسوڵمانەکەی ، وپێی ناخۆش بێت بەوەی توشی نارەحەتی ببێت.

٢) دڵسۆزی لە ئامۆژگاری کردندا : بەشێوەیەک مەبەستی لە ئامۆژگاریەکە تەنها خودا بێت نەک ریا وناو وناوبانگ، وشکاندنەوەی ئامۆژگاری کراو ، وەهەروەها مەبەستی خۆ فەرز کردن نەبێت بەسەر براکەیدا .

٣) مەبەستی لە ئامۆژگاریەکەی شکاندنەوە نەبێت ، حافظ ابن رجب رحمه الله کتابێکی تایبەتی هەیە بەناو نیشانی : " الفرق بين النصيحة والتعيير " .

٤) پێویستە ئامۆژگاریەکەی بەدەر بێت لەغەش وخیانەت.

٥) پێویستە ئامۆژگاریەکەی بەئوسلوبێکی جوان ونەرم وئاسان بێت بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر کەسی ئامۆژگاری کراو ولێی وەرگرێت.

٦) - پێویستە ئامۆژگاریەکەی بەگیانی برایەتی وخۆشەویستی بێت ، وتوند وتیژی تێدا نەبێت.

٧) پێویستە ئامۆژگاریەکەی بەنهێنی بێت ، لەبەر چاوی کەسانی تر ئامۆژگاری نەکات مەگەر بۆ مەسڵەحەتێکی حەقیقی نەبێت ، وپێویستە بەتەنها ئامۆژگاری بکات کەبێگومان ئەمە دەبێتە هۆکاری وەرگرتنی ئامۆژگاری ، پێشەوا شافعی رحمه الله دەڵێت :

تغمَّدني بنُصحِك في انفرادٍ وجنِّبني النَّصيحَة في الجماعَهْ

فإنَّ النصح بين النَّاس نوعٌ من التَّوبيخ لا أرضَى استماعَهْ

واتە : بەتەنها ئامۆژگاریم بکە وئامۆژگاری کردنم لەناو جەماعەتدا لێ دوور خەرەوە .

ئامۆژگاری لەنێو خەڵکدا جۆرێکە لەسەرزەنشت کردن ومن ڕازی نابم گوێی بۆ بگرم .

٨) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار زانا بێت بەو شتەی کەئامۆژگاری لەبارەوە دەکات ، ودڵنیا بێت لەو شتەی کەبۆی گێڕدراوەتەوە بۆ ئەوەی بەبەرچاو ڕوونیەوە ئینکاری شتەکە بکات ، بێگومان ئەمەش وا دەکات ئامۆژگاریەکەی قەبوڵ بکرێت .

٩) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار ڕەچاوی حاڵی ئەو کەسە بکات کەئامۆژگاری دەکات ، لەکاتێکدا ئامۆژگاری نەکات کەئەو سەرقاڵ بێت بەکارێکەوە ، یاخود لەنێو هاوەڵەکانیدا بێت ، با ئاگاداری حاڵی بێت وبزانێت لەچ کێشەیەکدایە .

١٠) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار جوانترین دەربڕین بەکار بێنێت ، وبەڕەحم بێت بەرانبەر کەسی بەرانبەر ونەرم بێت لەگەڵی .

١١) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار ئارام گر بێت لەبەرانبەر ئەو ناڕەحەتیانەی لەو پێناوەدا توشی دەبێت.

١٢) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار نهێنیەکان بپارێزێت ، وئاشکرای نەکات .

١٣) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار دڵنیابێت وتەئکید بکاتەوە لەو شتانەی کەدەیەوێ لەبارەیەوە بدوێ تاوەکو براکەی بەشتێک تاوان بار نەکات کەتیایدا نییە.

١٤) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار کاتی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ ئامۆژگاری ، ابن مسعود رضي الله عنه دەڵێت : " إِنَّ لِهَذِهِ الْقُلُوبِ شَهْوَةً وَإِقْبَالًا ، وَإِنَّ لَهَا فَتْرَةً وَإِدْبَارًا ، فَخُذُوهَا عِنْدَ شَهْوَتِهَا وَإِقْبَالِهَا ، وَذَرُوهَا عِنْدَ فَتْرَتِهَا وَإِدْبَارِهَا " . رواه ابن المبارك في "الزهد" (١٣٣١) .

واتە: ئائەم دڵانە خواست وڕوو کردنێکی هەیە ، وەهەروەها ناڕەحەتی وپشت هەڵکردنی هەیە ، دەی ئێوە کاتی خواست وڕوو کردندا بەدەستی بێنن ، ولێی گەڕێن لەکاتێکدا کەپشتی هەڵکردووە وبێتاقەتە .

١٥) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار خۆی کار بەو شتانە بکات کەئامۆژگاری کەسانی تری لەسەر دەکات ، لەو کەسانە نەبێت

کەئامۆژگاری خەڵک دەکەن بەڵام خۆیانیان بیر چۆتەوە ، خوای پەروەردگار لەسەر زمانی شوعەیب دەفەرموویت : "وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ" [هود: ٨٨] .

واتە : وە من نامەوێ پێچەوانەی ئێوە بکەم و شتێك لە ئێوە قەدەغە بکەم و خۆم بیکەم .

١٦) پێویستە کەسی ئامۆژگاری کار ئارام بگرێت لەبەرانبەر ئەو تەنگ چەڵەمانەی توشی دەبێت لەم پێناوەدا ، لوقمان بەکوڕەکەی ( لەکاتێکدا کەئامۆژگاری دەرکرد)دەیگوت {يَا بُنَيَّ أَقِمِ الصَّلَاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ} لقمان: ١٧.

واتە : ئەی کوڕی خۆم نوێژەکانت ئەنجام بدە لە کاتی خۆیدا بە ڕوکن و واجبات و خشوعەوە، وە فەرمان بە چاکە بکە، وە ڕێگری و قەدەغەی خراپە بکە ، وە ئارام بگرە لەسەر ئەو بەڵاو موسیبەت و ناخۆشیانەی کە رووبەڕووت ئەبێتەوە، بە دڵنیایی ئەمانە لە کارە گرنگ و چاکەکانە.

فەرمانی پێدەکات بەئارام گری چونکە زۆر جار لەئەنجامی فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگری کردن لەخراپە توشی ناڕەحەتی دەبێت .

## ٤٩- ئادابی بانگەوازی وبانگ کردنی خەڵک بۆلای خودا :

بێگومان بانگ کردنی خەڵک بۆلای خودا یەکێکە لەگەورەترین وبەڕێزترین عیبادەتەکان ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : {وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ}،

واتە :کێ هەیە وتەی لەو کەسە باشتر بێت کە بانگی خەڵکی ئەکات بۆ لای یەکخواپەرستی و گوێڕایەڵی خوای گەورە، وتراوە مەبەست پێی بانگدەرانیشە کە بانگی خەڵکی دەکەن بۆ نوێژ کردن ،وە خۆیشی کردەوەی چاك ئەکات، نەك وەك ئەو کەسانەی کە فەرمان بە خەڵکی دەکەن بە چاکەو خۆیان نایکەن، وە بەرهەڵستی خەڵکی دەکەن لە خراپەو خۆیان دەیکەن ، وە ئەڵێ: منیش یەکێکم لە موسڵمانان.

خوای پەروەردگار پاداشتی گەورەی بۆ ئەو کەسانە داناوە کەهەڵدەستن بە کاری دەعوەو بانگ خوازی .

پێغەمبەر ﷺفەرموویەتی: (من دعا إلى هدى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه دون أن ينقص من أجورهم شيء) أخرجه مسلم.

واتە : هەرکەسێک بانگی خەڵک بکات بۆ ڕێگای ڕاست وکاری چاکە ئەوا پاداشتی بۆ هەیە هاوشێوەی پاداشتی ئەوانەی بەگوێی دەکەن وشوێنی دەکەون بەبێ ئەوەی پاداشتی خۆیانیش کەم بێتەوە .

جا کاری دەعوەو بانگ خوازی بۆلای خودا کار وپیشەی پێغەمبەرانە ، وەهەروەها پیشەی زانایان وچاک خوازانە ، خوای تەعالا بۆ کاری بانگ خوازی کۆمەڵێکی بۆ هەڵدەبژێرێت ، وە وەسفی بەڕێزتری دروستکراو وئازیز ترین پێغەمبەری کردووە بەبانگ خواز ، هەروەک فەرموویەتی: { وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا }.

واتە :وە بانگەوازی خەڵکی بکەی بۆ لای پەرستن و یەکخواپەرستی خوای گەورە بە ئیزن و فەرمانی خوای گەورە، وە ببیت بە چرایەکی گەشاوەو ڕووناك کە خەڵکی لە دەورت کۆبێتەوە بەهۆی ئەو هیدایەتەی کە پێتەو وەکو خۆر روناك و پرشنگدارو ئاشکرایە.

وەپێویستە لەسەر بانگ خوازان خۆیان بەچەند ئادابێک کەدەبێتە هۆی سەرکەوتنی دەعوەکەیان بڕازێننەوە، لەوانە :

١) تەنها مەبەستیان لەدەعوە کردن خوا بێت ، نەک ڕیا وناو وناوبانگ ، ونەک مەبەستێکی دونیایی هیچ وبێ نرخ ، بەڵکو بەردەوام دەبێ ئەم ئایەتە پیرۆزە زمان حاڵی بێت : (قُلْ مَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ)،

واتە : ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: من داوای ئەجرو پارەم لە ئێوە نەکردووە لەسەر گەیاندنی دینەکە بەڵکو تەنها مەبەستم ڕەزامەندی خوای گەورەیە .

بەهیچ شێوەیەک بەکاری بانگ خوازیەکەی داوای پلە ومەنسەب نەکات ، بەڵکو تەنها وتەنها مەبەستی خودا بێت .

٢) زانست وبەرچاو ڕوونی لەدەعوەکردندا ،خوای پەروەردگار فەرموویەتی : {قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ}.

واتە :ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - بڵێ: ئەمە ڕێگاو ڕێبازی منە، بانگەواز ئەکەم بۆ لای خوای گەورەو بەتاك پەرستنی لەسەر چاوڕۆشنی و زانیاری و یەقین ، ئەمە ڕێگای من و هەر کەسێکیشە کە شوێن من بکەوێ ، وە پاك و مونەززەهی بۆ خوای گەورە من لەو کەسانە نیم کە شەریك بۆ خوای گەورە بڕیار بدەم.

٣) عەمەل وکار کردن بەو عیلم وزانستەی کەهەیەتی ، نەک شتێک بەخەڵک بڵێت وخۆی جێ بەجێی نەکات ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : {أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ}

واتە : ئایا ئێوە فەرمان ئەکەن بە خەڵکی بە چاکە و ئیمان هێنان و نوێژو ڕۆژوو وە خۆتان لەبیر ئەکەن و خۆتان نایکەن لە کاتێکدا ئێوە کتاب ئەخوێننەوەو لە کتابەکەدا ئەو شتانەی تیایە ئەی بۆ عاقڵ نابن و تێناگەن.

وەهەروەها فەرموویەتی : {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ (٢) كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ}

واتە :پێش ئەوەی جیهاد پێویست بێت کەسانێك لە باوەڕداران وتیان خۆزگە دەمانزانی خۆشەویستترین کردەوە لای خوای گەورە چیە تا ئەنجامیان بدایە، خوای گەورە رایگەیاند خۆشەویستترین کردەوە لای خوای گەورە ئیمان هێنان و جیهاد کردنە، دواتر لەسەر کەسانێك لە باوەڕداران قورس بوو، یان لە غەزای ئوحود تێکشکان خوای گەورە فەرمووی:

ئەی باوەڕداران بۆچی قسەیەك ئەکەن کە بە کردەوە جێبەجێی ناکەن و نایسەلمێنن، یاخود وتراوە لەسەر مونافیقان دابەزیوە کە وتیان: کوشتارمان کردو نەیانکرد بوو، وە بەڵێنیان بە موسڵمانان دابوو سەریانبخەن و سەریاننەخستن، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر پێویست بوونی جێبەجێکردنی بەڵێن).

خوای گەورە تووڕەبوون و ڕق لێبوونێکی زۆر ڕقی لەو کەسانەیە کە تەنها قسە ئەکەن و بە کردەوە نایسەلمێنن، یاخود شتێکیان نەکردووە ئەڵێن: کردوومانە.

٤) ڕەچاو کردنی شتە لەپێشینەکان : وەک عەقیدە ، چونکە گەر عەقیدە پاک وسەلامەت بوو ئەوا باقی دەعوەکەی پاک وبێگەرد

دەبێت ، بۆیە پێویستە کەسی بانگ خواز سەرەتا گرنگی بەعەقیدەی خۆی پاشان خەڵک بدات .

٥) ئارام گرتن : زۆر زەرورە کەسی بانگخواز بەئارام بێت لەدەعوەکەیدا ؛ چونکە دەعوەکردن بۆلای خودا رێگایەکە پرە لەدرک وناڕەحەتی ،وئازار ، هەندێ جار ڕوو بەڕووی گاڵتە پێ کردن وئازار دان وبگرە لێدان وسجن کردنیش دەبێتەوە ، جا گەر ئارامی گرت لەم حاڵەتانەدا ئەوا دەبێتە ئیمام وپێشەوا وخەڵک چاوی لێ دەکات ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : {وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ}

واتە :وە لەناو ئەوانیشدا کەسانێکمان کردووە بە پێشەواو پێشەنگ ،کاتێك کە هیدایەتی خەڵکیان داوەو بە فەرمانی ئێمەو بانگەوازی خەڵکیان کردووە بۆ هیدایەت ، کاتێك کە ئارامیان گرتووە لەسەر ئەو ناخۆشیانەی کە هاتۆتە ڕێیان ، وە یەقینیشیان هەبووە بە ئایەتەکانی ئێمەو بەڕاستیان زانیوە (بالصبر واليقين تُنالُ الإمامةُ في الدين) واتە: بە ئارام گرتن و یەقین دەستدەکەوێت پێشەوایەتی لە دین)

٦) ڕاهێنانی نەفس ودەروون لەسەر ئەو شتانەی کەلەپێناوی دەعوەو بانگ خوازیدا ڕوو بەڕووی دەبێتەوە .

٧) یەکێکی تر لەئادابی دەعوە کردن ڕاهێنانی نەفس ودەروونە وئامادەکردنیەتی لەسەر ڕەد فیعلە جۆرا وجۆرەکان جا بەقوڵ کردن بێت

یاخود ڕەت کردنەوە وڕوو بەڕوو بوونەوە ، بۆیە پێویستە بەرچاو ڕوون بێت وئامادەکاری تەواوی کردبێت بۆ ئەو دەرهاویشتانەی کەلەو پێناوەدا ڕوو بەڕووی دەبێتەوە .

٨) ڕەوشت جوانی : وەک لەسەر خۆی ونەرم ونیانی وڕوو گەشی وخۆ بەکەم زانین وجوانی دەربڕین ، زۆر کەس کاتێ ئیمانیان بەپێغەمبەر -علیە الصلاة والسلام- دەهێنا هۆکارەکەی نەرم ونیانی وسەغی ولێ بوردەیی بوو لەخەڵک ، وەکەسانێک زۆر لەزەمانی جاهلیدا زۆر وشک وڕەق بوون بەڵام دوای موسوڵمان بوونیان بوون بەهاوەڵی بەڕێز وکەسانی مەزن .

٩) حیکەمەت ولێزانین : پێویستە کەسی بانگ خواز زۆر حەکیم ولێزان بێت لەدەعوەو بانگەوازیەکەیدا ، وقسە نەرم وڕوو گەش بێت لەگەڵ دەورو بەردا ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ) .

واتە : تۆ بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ ڕێگای ڕاستی خوای گەورە بە حیکمەتەوە، واتە: بە دانایی و کاربەجێیی، یاخود بە سوننەت بانگەوازیان بکە ، وە بە ئامۆژگاری جوان ، وە ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو مشومڕو گفتوگۆی لەگەڵ بکە بە جوانترین شێواز تا تێی بگەیەنیت و وەڵامی گومانەکانی بدەیتەوە .

خۆ ئەگەر کەسی داعی بۆلای خودا ڕەق وتوند بێت ئەوا زیانی زۆر تره لەقازانج .

١٠) وەعی وبەئاگا بوون : گرنگە کەسی بانگخوز کەسێکی بەئاگا بێت وئاگاداری واقعی دەورو بەر بێت وحاڵی ئەو کەسانە بزانێت کەدەعوەیان دەکات ، وخەبیر بێت بە بابەت وپێش هاتەکان ، وئەو کێشانەی دێنە پێش وتوشی کۆمەڵگا دەبن بۆ ئەوەی کەسێکی بەهێز بێت وچارەسەری گونجاویان بۆ دابنێت .

١١) لەسەر خۆی ودڵنیایی وتەئکید کردنەوە لەشتەکان و ئەو خەبەر وهەواڵانەی کەبڵاو دەبنەوە ،وە پەلە نەکات لەشتەکاندا ولەحوکم داندا بەسەریاندا ، بۆ ئەوەی دواتر توشی پەشیمانی وگەستنی دەس نەبێت ، هەر بۆیە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ} .

واتە : ئەی باوەڕداران ئەگەر کەسێکی فاسق و دەرچوو لە گوێڕایەڵی خوای گەورە هەواڵێکی بۆ هێنان ئێوە تەبەیون و تەثەبوت بکەن و پەلە مەکەن لە بڕیارداندا تا دڵنیابن کە ئەو هەواڵە ڕاستە چونکە دواتر لەوانەیە کەسانێك بە نەزانی تووشی زەرەرو زیان بکەن وە هەڵەتان لێ ڕووبدات وە دواتریش پەشیمان ئەبنەوە لەسەر ئەو هەڵەیەی کە کردووتانە، کە وتراوە: لەسەر (وەلیدی کوڕی عوقبەی

کوڕی ئەبی موعەیط) دابەزیوە کە پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - ناردوویەتی بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی (بەنی موستەلیق).

١٢) نا ئومێد نەبوون : هەندێ لەبانگ خوازان کاتێ دەبینن دەور وبەر وەک پێویست بەدەم دەعوەکەیانەوە نایەن توشی یەئیس ونائومێدی دەبن و واز لەدەعوە کردن دێنن ،نازانن کاری ئەوان تەنها بانگ خوازیە بەشێوازێکی زانستی وحەکیمانە نەک بەزۆر هیدایەت دانی خەڵک ، خوای پەروەردگار لەم بارەیەوە فەرموویەتی : {لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا اللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا قَالُواْ مَعْذِرَةً إِلَى رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ}

واتە : خەڵکی بوونە سێ کۆمەڵ: کۆمەڵێك ڕاویان کرد، وە کۆمەڵێك ڕاویان نەکرد بەڵام فەرمانیان پێیان نەئەکرد بەچاکەو نەهیشیان لێ نەئەکردن لە خراپە، وەکۆمەڵێك ڕاویان نەکردو فەرمانیشیان پێ ئەکردن بەچاکەو نەهیان لێ ئەکردن لە خراپە، کۆمەڵی دووەم کە خۆیان راویان نەکرد بەڵام بەوانەی کە ئامۆژگاری خراپەکارانیان ئەکرد پێیان وتن بۆچی ئێوە ئامۆژگاری کەسانێك ئەکەن کە خوای گەورە لەناویان ئەبات ، یاخود سزایەکی بەئێش و ئازارو سەختیان ئەدات بۆ وازیان لێ ناهێنن ، وتیان: بۆ ئەوەی لای خوای گەورە عوزرێکمان هەبی کە ئێمە ئامۆژگاری ئەمانەمان کردووە،

وە بەڵکو ئەوانیش تەقوای خوای گەورە بکەن و دەست هەڵگرن لەو سەرپێچی کردنەی خوای گەورە.

١٣) یەکێک تر لەئادابەکانی دەعوە کردن بۆلای خودا پشت بەستنە بەخودا نەک ماڵ وپارە وفڵان وفیسار وهێز ، هەموو ئەمانە گونجاو نین پشتیان پێ ببەسترێت ، تەنها خوا نەبێت هەروەک خوای پەروەردگار باس لەبەسەرهاتی یەکێک لەپێغەمبەرانی دەکات ودەفەرموویێت : { فَعَلَى اللَّهِ تَوَكَّلْتُ}

واتە : ئەوە من تەنها پشتم بە خوای گەورە بەستووەو تەوەکولم کردۆتە سەر ئەو و کارەکانم تەنها بەو سپاردووە .

١٤) دوور کەتنەوە لەخیلاف ودوو بەرەکی لەگەڵ بانگ خوازانی تردا بەتایبەت ئەوانەی کەدەعوەکەیان لەسەر سوننەتە :

جا یەکێک لەگرنگترین ئادابەکان خۆ دوور گرتن وخۆپاراستنە لەدوو بەرەکی وخیلاف ، وتەعن نەدانە لەبانگ خوازانی تر وبەکەم نەزانینیانە ، چونکە ئەم شتە دەعوە دەکوژێت وزۆر لاوازی دەکات ، لەڕاستیدا ئەوە دەردێکی شاراوەیە لەنەفسدا کەپاڵنەرەکەی حەسودی ولێک تێنەگەیشتنە ، تاوەکو وای لێ هاتووە کەسانێک دەبینی کەهەڵترۆقاون ولەناکاو پەیدا بوون کەئیدعای عیلم دەکەن وکاری پێناکەن وهیچ هەم وغەمێکیان نییە جگە لەتەعن دان لەفڵان زاناو فیسار بانگخواز وەک ئەوەی خۆیان تاکە هەڵبژێردراوی ئەم ئومەتە بن

وغەیری خۆیان هیچ نەبێت وتەنها لەپێناو ئەواندا بەهەشت ودۆزەخ دروست کرابێت !

١٥) تەدەڕوج وپلە بەندی : یەکێکی تر لەئادابی بانگخواز ئەوەیە بزانێت چۆن لەگەڵ دەورو بەردا هەڵس وکەوت دەکات وچۆن بەپلە بەندی و وردە وردە بانگیان دەکات ، وچۆن سەرەتا گرنگی بەشتە گشت گیر وگرنگەکان دەدات ودواتر دێتە سەر بابەتەکانی تر .

## ٥٠- ئادابی حیوار وگفتوگۆ :

حیوار وگفتوگۆ چەند ئادابێکی هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێن ، لەوانە:

١) کەسی گفتوگۆ کار تەنها مەبەستی خودا بێت.

٢) هەبوونی زانست :

بێگومان پێویستە کەسێک کاتێ دەیەوێ لەبارەی بابەتێکەوە گفتو گۆ وموناقەشە بکات زانیاری تەواوی هەبێت لەبارەی ئەو شتەوە .

٣) ڕاستگۆیی کەسی گفتو گۆ کار :

حەتمەن ڕاستگۆیی گرنگە بۆ هەموو کارێک جا یەکێک لەوانە ڕاستگۆییە لەگفتو گۆدا

٤) ئارام گرتن ولەسەر خۆیی :

هەندێ کەس زوو هەڵدەچن لەکاتی گفتوگۆدا ودەیانەوێت کەس پێچەوانەیان قسە نەکات ، بێگومان تەعامول وهەڵکردن لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا زۆر زەحمەتە .

٥) بەڕەحم بوون لەکاتی گفتوگۆدا:

یەکێکی تر لەو شتانەی پێویستە لەکەسی گفتوگۆ کاردا هەبێت بەڕەحم بوونە بەرانبەر موخالیف وتوند نەبوونە لەگەڵی.

٦) ڕێزگرتن :

بێگومان ڕێزگرتن لەبەرانبەر دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرانبەر قسەت لێ وەرگرێت وئەو حەقەی کەپێتە بەئاسانی قەبوڵی بکات .

٧) خۆ بەکەم زانین ودادپەروەری وئینساف .

٨) ڕێککەوتن لەسەر چەند بنچینەیەکی نەگۆڕ کەبگونجێت بگەڕێنەوە بۆی.

٩) زەبت وگرتنی نەفس.

١٠) سەرەتا لەو خاڵانەوە دەست پێ بکەن کەتیایدا کۆکن وئەو خاڵانە دوا بخەن کەتایدا ناکۆکن لەگەڵ دەست نیشان کردنیدا .

١١) دەست نیشان کردنی دەستەواژەکان بەوردی :هەندێ جار گفتوگۆ لەسەر چەند بابەتێک دەبێت کەهەندێ دەستەواژەی تێدایە پێویستی بە دیاری کردن وڕوون کردنەوە هەیە ، بەتایبەت کاتێ بەکار هێنانی دەستەواژەکان چەند مانایەک بگەیەنن.

١٢) پاراستنی ئەمانەتی عیلمی لەجێگیر کردنی زانیارییەکاندا.

١٣) ئیلتزام کردن وپابەند بوون بەبەڵگەکانەوە.

١٤) تەدەڕوج وپلە بەندی لەگفتوگۆدا :

ئەو کەسەی کەبەپلە بەندی دەست دەکات بەگفتوگۆ وموناقەشە تاوەکو دەگات بەحەقیقەتێک دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی ودەم گوت کردنی کەسی بەرانبەر.

١٥) پابەن بوون بەقسەی جوانەوە وخۆ دوور گرتن لەئوسلوبی ناشیرین وگاڵتەکردن ، وبەکەم زانین وهەست بریندار کردن .

١٦) جوان گوێ گرتن ودوور کەوتنەوە لەقسە بەیەک بڕین.

١٧) تەرکیز بخاتە سەر بۆچوونی بەرانبەر نەک خاوەنەکەی.

١٨) گاڵتە نەکردن بەکەسی بەرانبەر ، بەمەستی ئیحڕاج کردنی ودەرخستنی لاوازی.

١٩) پابەند بوون بەکاتی دەس نیشان کراوەوە .

**ئادابی دوای حیوار وگفوگۆ :**

٢٠) گەڕانەوە بۆ حەق ودان نان بەهەڵەدا.

٢١) ڕێزگرتن لە بۆچوونی کەسی بەرانبەر لەو شتانەدا کەئیجتهادین ومەجالی جیاوازی تێدایە.

٢٢) دوور کەوتنەوە لە بەخۆ سەرسام بوون.

٢٣) دوور کەوتنەوە لەحەسوودی.

٢٤) دوور کەوتنەوە لە ڕق وکینە.

٢٥) خۆ دوور گرتن لە غەیبەت :

زۆر جار دوای موناقەشە گەر هیچ لایەک قەناعەتی بە بەرانبەرەکەی نەکرد ، دەبینی دەس بۆ باس کردن وغەیبەت کردنی یەکتر دەبەن وباسی یەکتر دەکەن لەم لا وئەولا .

## ٥١- ئادابی نەخۆشی وسەردانی کردنی نەخۆش :

### أ – ئادابی نەخۆشی:

١) پێویستە ئەو کەسەی کەخۆی یاخود منداڵێکی توشی نەخۆشی دەبێت لەبری نکە نک ونالە ناڵ زیکری خودا وأستغفرالله بکەن ، سەلەف وپێشینان پێیان باش نەبوو شکایەتی حال لەلای مەخلوق بکرێت ، چونکە هەرچەند دەبێتە هۆکاری ئیسراحەت کردن بەڵام بەڵگەیە لەسەر لاوازی ، بەپێچەوانەوە ئارام گرتن بەڵگەیە بەهێزی وخۆڕاگریی .

٢) دروستە بۆ نەخۆش شکایەتی حاڵی خۆی لای دکتۆر وهاوڕێکانی بکات بەمەرجێک جۆرێک نەبێت لەناڕەزایی دەربڕین وتوڕەیی .

٣) دەستی لەجێگەی ئازارەکە دابنێت پاشان ئەو کارە بکات کەلە فەرموودەکانەدا هاتووە بۆنموونە بڵێت: (بسم الله)، پاشان حەوت جار بڵێت : (أعوذ بعزة الله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر) .

٤) خۆی ڕزگار بکات لەماف وحەقی خەڵک ، وە وەسیەیەتێک بنوسێت وتیایدا چ مافێکی لەسەر خەڵکە یاخود مافی خەڵکی لەسەرە ڕوونی بکاتەوە ، وە وەسیەت بکات ماڵەکەی بکرێت بەخێر یاخود هەر شتێکی تر بەبێ پێشێل کردنی مافی وەرەسەکانی .

٥) دروست نییە بۆ نەخۆش شتی شیرکی بەخۆیدا هەڵواسێت ، بەڵام دروستە بەڕوقیەی شەرعی چارەسەری خۆی بکات .

٦) پەلە بکات لەتەوبە کردندا وڕوو بکاتە ئەنجام دانی کاری چاکە.

٧) گومانی باش بەخوا ببات ، ولەیەک کاتدا ترسی لەخودا وئومێدیشی بەخودا هەبێت ، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی : ((لا يموتن أحدكم إلا وهو يحسن الظن بالله)).

واتە : با یەکێک لەئێوە نەمرێت مەگەر بەگومانی باش بردن بەخوداوە نەبێت .

**ب- ئادابی سەردانی کردنی نەخۆش :**

فەزڵی سەردانی کردنی نەخۆش :

١) بەنیەتێکی چاک سەردانی بکات ، وەک ئەوەی کەسی نەخۆش عالم بێت ، یاخود برایەکی ساڵح بێت ،یاخود بۆ ئەوە سەردانی بکات بەنەرمی فەرمانی پێ بکات بەچاکە ورێگری لێ بکات لەخراپە ، یاخود بۆئەوەی پێویستەیەکی بۆ جێ بەجێ بکات ، یاخود قەرزێکی بۆ بداتەوە ،یاخود بۆ ئەوەی ئەحواڵی بزانێت.

٢) بێگومان سەردانی کردنی نەخۆش کارێکی زۆر خێرە وەک لەچەندین فەرموودەدا ئاماژەی پێدراوە.

٣) ئافرەتان دەتوانن سەردانی پیاوان بکەن.

٤) سەردانی کەسێک کەلە هۆش خۆی چووبێت.

٥) سەردانی کردنی کەسی هاوبەش بڕیار دەر.

٦) پێویستە کاتی سەردانی کردنی نەخۆش گونجاو بێت.

٧) ڕەچاو کردنی حاڵی نەخۆش ، وەک ئەوەی کاتێکی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ سەردانی کردنی ، ونەبێتە هۆکاری نارەحەتی بۆی ، گەر نەخۆش لەماڵ بوو پێش ئەوەی سەردانی بکات داوای مۆڵەتی لێ بکات ،چاوی بپارێزێت ،وزۆر لای نەخۆش نەمێنێتەوە .

٨) باش وایە لەلای سەری نەخۆشەوە دانیشێت.

٩) پرسیار کردن لەنەخۆش وکەس وکاری وئەحواڵ پرسینی.

١٠) دانەوەی دڵی نەخۆش.

١١)سوننەتە پێی بڵێت : لا بأس عليك طهور إن شاء الله.

١٢) دروستە لەلای نەخۆشدا بگرێت بەمەرجێک نارەزایی وتوڕەیی دەرنەبڕێت.

١٣) دانانی دەس لەسەر لاشەی نەخۆش.

١٤) بۆ کەسی نەخۆش بپاڕێتەوە بەوەی خودا شیفای بدات.

١٥) ڕوقیە کردن بۆ نەخۆش.

١٦) بیر خستنەوەی نەخۆش بەوەی دەست لەجێگەی ئازارەکە دابنێت و بۆ خۆی بپاڕێتەوە.

١٧) پێویستە لەسەری چاوی بپارێزێت ، وزۆر پرسیار نەکات ، وئامۆژگاری نەخۆش بکات بەوەی ئارام گر بێت وچاوەڕێی پاداشت بکات لەخودا ، وئاگاداری بکاتەوە لەوەی نارەزایی وتورەیی دەرنەبڕێت، چونکە دەبێتە هۆکاری لەدەس دانی پاداشتی نەخۆشیەکەی وتاوان بار بوون.

١٨) کاتێ کەسانی نەخۆش دەبینێ بپاڕێتەوە بۆ خۆی بەوەی خودا بیپارێزێت .

## ٥٢- ئادابی سەردانی کردنی نەخۆشێک کەلەسەرە مەرگدایە :

١) بیر خستنەوەی بەوەی ئایا وەسیەتی کردووە.

٢) بیر خستنەوەی بەوەی ڕەحمی خودا بەرفراوانە.

٣) دڵ دانەوەی.

٤) تەڵقین دانی بەوەی شایەتومان بێنێت.

٥) داخستنی چاوەکانی وپاڕانەوە بۆی کاتێ کەمرد.

٦) داپۆشینی بەجلێک مەگەر لەئیحرام دا مردبێت ئەوکات دەم وچاو وسەری داناپۆشرێت .

## ٥٣- ئادابی جەنازە :

١) جاڕ نەدات بەمردنی.

٢) دروستە هەواڵ بدرێت بەخەڵک کەفڵانە کەس مردووە ولەفڵانە شوێن نوێژی لەسەر دەکرێت ؛ چونکە پێغەمبەر صلی االله علیە وسلم هەواڵی مردنی نەجاش بەخەڵک ڕاگەیاند ، وەدەر چوو ونوێژی لەسەر کرد.

٣) دوور کەوتنەوە لە لەخۆدان وسنگ دادڕین ولەڕوومەت دان .

٤) ئاگادار بوون لەنیاحە وناڕەزایی دەربڕین.

٥) گەر زانی کەسێک مردووە وباوەڕی بەخودا وبەپێغەمبەرەکەی ﷺ نەبووە دروست نییە بۆی بیهێنێت بۆ موسوڵمانان بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکەن.

٧) سوننەتە خەڵکێکی زۆر نوێژی لەسەر بکەن.

٨) نوێژ کردنی ئافرەت لەسەر مردوو لەماڵەوە گەر مردووەکە لەکەس وکاری ئەو ماڵە بوون باشترە ، خۆ ئەگەر دەرچێت بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردنی لەسەری دروستە وئاساییە.

٩) پەلە بکرێت لەناشتنی مردوودا.

١٠) ئەوانەی کەسوارن لەدوای جەنازەکەوە ڕێ بکەن.

١١) خۆ پاراستن لەو شتانەی کەدروست نین.

١٢) دانەنیشتنی ئەو کەسانەی کەمردووەکە دەنێژن تاوەکو مردووەکە دادەنرێت.

١٣)ئەو کەسەی کەمردووەکە دەخاتە گۆڕەوەبڵێت : ( بسم الله وعلى سنة رسول الله).

١٤) بەچاکە باس بکرێت گەر ئەهلی چاکە بوو.

١٥) داوای لێخۆش بوون بۆ کردنی ، وداوا لەخوا کردن بەوەی دامەزراوی بکات لەوڵامدانەوەی پرسیارەکانی نێو گۆڕدا ، بەڵام سوننەتی پێغەمبەر ﷺ وخولەفای ڕاشدین نیە بەکۆمەڵ ولەلای گۆڕ بۆ مردوو پاڕانەوە وئەوانی تر آمین بکەن ، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ ئامۆژگاری موسوڵمانانی دەکرد بەوەی موسوڵمانان لەبەر خۆیانەوە داوای لێخۆش بوونی بۆ بکەن ، وداوا بکەن خودا دامەزراوی بکات لەوڵامدانەوەی پرسیارەکانی نێو گۆڕدا .

## ٥٤- ئادابی سەردانی کردنی گۆڕستان وتەعزیە:

### یەکەم : ئادابی سەردانی کردنی گۆڕستان:

١) سوننەتە سەردانی کردنی گۆڕستان.

٢) سەلام کردن لە گۆڕستان.

٣) دوعا وپاڕانەوە بۆیان.

٤) دوور کەوتنەوە لەهەموو ناشەرعیەکان ، لەوانە دانیشتن لەسەر گۆڕ.

٥) هاتن ونەچون لەنێو گۆڕەکاندا بەقۆندەرەوە.

٦) دانەگیرساندنی گڵۆپ لەسەر گۆڕ ، ونەکردنی بەمزگەوت

٧) داوای یارمەتی نەکردن لەمردوو .

### دووەم : ئادابی تەعزیە:

١) سوننەتە تەعزیە کردنی کەسی توش بوو بەڵا.

٢) دروستە سەفەر بکرێت لەپێناو تەعزیەدا گەر کەسەکە خزمی زۆر نزیک بوو ، وە گەرسەفەر نەکردنەکەی بەبچڕاندنی سیلەی ڕەحم لێک بدرێتەوە.

٣) ئامۆژگاری کردنی کەس وکاری مردوو بەئارام گرتن وڕازی بوون بەقەدەری خوا وچاوەڕێ کردنی پاداشت.

٥) دەست هێنان بەسەر هەتیو وڕێز لێ گرتنیان.

٦) دروست کردنی خواردن بۆ کەس وکاری مردوو.

٧) دروست نییە جلێک تایبەت بکرێت بەتەعزیەوە ، وەک جلی ڕەش، بەڵکو ئەو کارە سەرپێچی وبیدعەیە ، چونکە وادەگیەنێک کەسەکە ڕازی نییە بەقەدەری خودا .

٨) دروست نییە تەعزیە کردنی ئەهلی کتاب وکافران گەر کەسێکیان لێ مرد ، ودروست نییە ئامادەی ناشتنی مردووەکانیان بیت.

٩) هیچی تێدا نییە قەبوڵ کردنی تەعزیەیی ئەهلی کتاب وکافران لەحاڵەتێکدا کەموسوڵمانێک دەمرێت ودوعای هیدایەتیان بۆ دەکرێت .

## ٥٥- ئادابی نیکاح وزەواج کردن :

١) کردنی نوێژی ئیستخارە.

٢) تەماشا کردنی ئەو کەسەی کەدەیەوەێ بیکاتە خێزان یاخود مێردی خۆی.

٣) باشتر وایە کەسی دیندار هەڵبژێردرێت.

٤) باشتر وایە کچ هەڵبژێردرێت.

٥) باشتر وایە کەسی ڕوو خۆش وئەوانەی کەلەبنەماڵەیەکن منداڵیان زۆر دەبێت هەڵبژێردرێت.

٦) گەر کەسێک هاتە داوای کچەکانتان لەدین وڕەوشتی ڕازی بوون ئەوا بیدەنێ هەرچەند هەژاریش بێت.

٧) ڕازی بوونی هەردوو ڕەگەز.

٨)کوڕ داوا لەوەلی ئەمری کچ بکات کچەکەی بداتێ.

٩) زیادەڕەوی نەکردن لەمارەییدا.

١٠) خەڵوەت نەکردن لەگەڵ ئەو ئافرەتەی بەتەمایە مارەیی بکات مادام هێشتا مارەیی نەبڕیوە.

١١) سوننەتە وەلیمە کردن وخواردن دروست کردن بۆشاییەکەی.

١٢) ڕەچاو کردنی ئادابی شەوی گواستنەوە :

وەک ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژ پێش چونە لای ، وپاشان (بسم الله)کردن ، ودوعا کردن وپاڕانەوە بەم دوعایە : (اللهم جنبنا الشیطان وجنب الشیطان ما رزقتنا) .

## ٥٦- ئادابی ژن ومێرد :

١) هەریەک لەژن ومێرد خۆیان بۆئەوی تر بڕازێنێننەوە.

٢) سوور بوون لەسەر جێ بەجێ کردنی سوننەتەکانی فیترەت.

٣) ئافرەت دوور کەوێتەوە لەخاڵ کوتان لەلاشەی ، وکردنی برۆ وباریک کردنەوەی ددان ؛ چونکە هەموو ئەمانە حەڕامن و لەسەر زاری پێغەمبەرەوە صلی االله علیه وسلم لەعنەتیان لێکراوە .

٤) ژن ومێرد بەیەکەوە دوو ڕکات نوێژ بکەن ، لە ابن مسعودەوە رضي االله عنه هاتووە فەرمانی بە ئەبو حەریز کرد کاتێ دەچێتە لای خێزانی دوو ڕکات نوێژی جەماعەت بکەن.

٥) پیاو دەستی لەسەر نێو چەوانی خێزانی دابنێت وپاشان ناوی خودا بێنێت وبپاڕێتەوە بەبەرەکەت وبڵێت : ((اللهم إني أسألك من خيرها وخير ما جبلتها عليه )).

٦) پیاو کاتێ دەچێتە لای خێزانی لەبیری نەچێت بڵێت: بسم الله، اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتنا .

٧) سوننەتە کاتێ کەسەر جێی دەکەن ولەشیان گران دەبێت دەست نوێژ بگرن ئەوکات بنون بەڵام گەر خۆیا بشۆن ئەوا باشترە.

٨) هەستانی هەردولا بەجێبەجێ کردنی مافی ئەوی تر .

## ٥٧- ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتدا :

١) تەئیکید کردنەوە لەزەواج.

٢) بەچاک مامەڵە کردن.

٣) نەرم ونیان بوون لەگەڵ ئافرەتدا.

٤) یاری کردن لەگەڵی ودڵخۆش کردنی.

٥) ئارام گرتن لەسەر خێزان ، وچاو پۆشی کردن لەکەم وکورتیەکانی.

٦) جووت بوون لەگەڵ خێزاندا یەکێکە لەمافە واجبەکان لەسەر مێرد.

٧) حەڕامە ئاشکرا کردنی نهێنی ژن ومێردایەتی مەگەر بۆ مەسڵەحەتێکی شەرعی نەبێت.

٨- واجبە دادپەروەر بوون لەنێوان خێزاندا بۆ کەسێک کەزیاد لەخێزانێکی هەبێت .

## ٥٨. ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ خزمەتکاردرا :

ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ خزمەتکاردا بەو شێوەیە دەبێت کەپێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلى آله وسلم، هەڵس وکەوتی لەگەڵ خزمەتکارەکانیدا دەکرد .

لەصەحیحی بوخاری وموسلیم دا هاتووە مەعرور دەڵێت : لە ڕەبزە گەیشتم بە ئەبو زەڕ جلێکی لەبەر وخزمەتکارەکەشی هەمان جلی لەبەر بوو منیش لەو بارەیەوە واتە (چۆن هەمان جلی خۆی کردۆتە بەر خزمەتکارەکەی) پرسیارم لێ کرد ، ئەویش گوتی : قسەم بەدایکی کرد ، پێغەمبەر - ﷺ - پێی گوتم : (یا أبا ذر! إنك امرؤ فيك جاهلية إخوانكم خَوَلكم جعلهم الله تحت أيديكم فمن كان أخوه تحت يده فَلْيُطْعِمْه مما يأكل ولْيُلبِسْه مما يلبس ولا تُكَلفوهم ما يغلبهم، فإذا كلفتموهم فأعينوهم).

واتە : ئەی ئەبو زەڕ تۆکەسێکی عادەتی زەمانی جاهلیت تێدا ماوە ئەوانە برای ئێوەن خودا خستویەتیە ژێر دەستی ئێوە ، هەرکەسێک لەئێوە براکەی کەوتە ژێر دەستی با لەو خواردنەی بداتێ کەخۆی دەیخوات وجلی بۆ بکات لەو جلەی خۆی لەبەری دەکات وکارێکیان پێ مەسپێرن کەلەتوانایاندا نەبێت ، گەر کارتان پێیان سپارد یارمەتیان بدەن .

وە لەصەحیحی بوخاری وموسلیم دا هاتووە ئەنەس دەڵێت : ئەبو تەڵحە دەستی گرتم وبردمی بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ وگوتی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنەس منداڵێکی زیرەکە با خزمەتت کات ، دەڵێت : لەماڵ ولەسەفەردا خزمەتم دەکرد ( فَوَاللَّهِ مَا قَالَ لِي لِشَيْءٍ صَنَعْتُهُ لِمَ صَنَعْتَ هَذَا هَكَذَا وَلَا لِشَيْءٍ لَمْ أَصْنَعْهُ لِمَ لَمْ تَصْنَعْ هَذَا هَكَذَا).

واتە : سوێند بەخوا هیچ کارێکم نەکردووە بڵێ ئەوە بۆ ئەو کارەت کردووە ؟ وهیچ کارێکم واز لێ نەهێناوە بڵێت ئەوە بۆ فلان کارت نەکردووە ؟ .

وەهەروەها لەصەحیحی موسلیم دا هاتووە ابن مسعود دەڵێت : خزمەت کارێکم هەبو لێم دەدا لەپشتەوە گوێم لەدەنگێک بوو دەیگوت : ((اعْلَمْ أَبَا مَسْعُودٍ لَلَّهُ أَقْدَرُ عليكَ مْنَك عَلَيْه فالتفتُ فَإِذَا هُوَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ فَهُوَ حُر لِوَجْهِ اللَّهِ، فَقَالَ: أما إن لَوْ لَمْ تَفْعَلْ لَمَسَّتكَ النَّار)) .

واتە : بزانە ئەی باوکی مەسعود خودا بەتوانا ترە بەسەر تۆدا لەتوانای تۆ بەسەر ئەو منداڵەدا ، ئاوڕم دایەوە کاتێ پێغەمبەری خودایە ﷺ گوتم : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ دەی ئەوە ئازادبێ لەپێناوی خودادا ، فەرموی : گەر ئەو کارەت نەکردبایە توشی سزای ئاگر دەبووی .

## ٥٩. ئاداب لەگەڵ حەیواناتدا :

١) سوپاسی خودا بکات لەسەر ئەو نیعمەتە :

ئەوەش بەجوانی بەکار هێنان وسوود لێ وەرگرتنی دەبێت ، ودانی مافەکانی خودا بەدانی زەکات وخێر کردن لێی .

٢) بەڕەحم بوون بەرانبەر ئاژەڵان :

پێویستە موسوڵمان ئاو وخواردنی گونجاو بۆ حەیوان دابین بکات ، عەرەب گرنگیان زۆر بەئەسپ دەدا وڕایان دەهێنا وپێغەمبەر - ﷺ - بەجلەکەی سەر وچاوی ئەسپەکەی دەسڕی .

وپێغەمبەر - ﷺ - هەواڵی پێداوین ئافرەتێک بەهۆی پشیلەیەکەوە چووە دۆزەخەوە بەوەی نەخۆی خواردنی دەدایە ونەبەرەڵاشی دەکرد خواردن بۆ خۆی پەیدا بکات ، هەروەک فەرموویەتی: (دخلت امرأة النار في هِرَّة ربطتها، فلم تطعمها، ولم تدعها تأكل من خشاش (حشرات الأرض) [متفق عليه].

١) بار نەکردنی بەشتێک کەلەتوانایدا نەبێت :

پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی : (إن الله- تبارك وتعالى -رفيق يحب الرفق، ويرضى به، ويعين عليه ما لا يعين على العنف، فإذا ركبتم هذه الدواب العجم (التي لا تتكلم) فأنزلوها منازلها (أريحوها في المواضع التي اعتدتم الاستراحة فيها أثناء السفر) [مالك].

واتە : خودا نەرم ونیانەو نەرم ونیانیشی خۆش دەوێ ولێی ڕازیە ، وە شتێک ڕێک دەخات بەو هۆیەوە وە نابێتە یارمەتی دەر لەسەر توند وتیژی ، هەرکات سواری ئەم ئاژەڵانە بوون کەقسە ناکەن لەو جێگایانە ئیسراحەتیان بدەنێ کەجێگای ئیسڕاحەت پێدانیانە .

٢) ئازار نەدانی حەیوان :

پێغەمبەر - ﷺ - شارە مێرولەیەکی بینی هاوەڵان سوتانبوویان ، فەرمووی : (من حَرَّق هذه؟) فقالوا: نحن. قال: (إنه لا ينبغي أن يعذِّب بالنار إلا رب النار) [أبوداود].

واتە : کێ ئەمانەی سوتاندووە ؟ گوتیان : ئێمە . فەرمووی : ناکرێت ونابێت هیچ کەس وشتێک بەئاگر سزا بدرێت مەگەر لەلایەن خاوەن ئاگرەوە نەبێت .

وەپێغەمبەر - ﷺ - بەلای گوێدرێژێکدا تێپەڕ بوو کەدیاری کرابوو ودەم وچاوی داخ کرابوو ، فەرمووی : (لعن الله الذي وسمه) [مسلم].

واتە : لەعنەتی خودا لەو کەسەی کە دەم وچاوی داخ کردووە .

وەدایکی باوەڕداران عائشة -رضي الله عنها- لەسەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوداﷺ دەرچوو ، وسواری وشترێک بوو ، جا عائیشە زۆر بەتوندی لێی دەخوڕی ، پێغەمبەری خوداﷺ پێی فەرموو -: (عليك بالرفق) [مسلم].

واتە : نەرم بە لەگەڵی ولەسەر خۆبە .

٣) دانەنانی وەک نیشان بۆ تیر تێگرتن :

عبد اللەی کوڕی عومەر بەلای چەند گەنجێکی قوڕەیشدا تێپەڕ بوو کە لەجێگەیەکی بەرز باڵندەیەکیان بەستبووەوە ، وتیریان تێ دەگرت ، جا کاتێ عبد اللەی کوڕی عومەریان بینی ڕایان کرد ، عبد اللەی کوڕی عومەر گوتی : ئایا ئەمە چی کردووە ؟!

لەعنەتی خودا لەو کەسەی ئەم کارەی کردووە . پێغەمبەری خوا - ﷺ - لەعنەتی کردووە لەو کەسەی ڕوح لەبەرێک دەکات بەنیشان . [مسلم].

وەهەروەها ئەنەس چەند منداڵێکی بینی مریشکێکیان بەستبووەوە ، تیریان تێ دەگرد ، ئەنەس فەرمووی : (نهى النبي - ﷺ - أن تُصَبَّرَ البهائم (أي تُتخذ هدفًا). [البخاري].

واتە : پێغەمبەری - ﷺ - ڕێگری کردووە لەوەی حەیوانات بکرێنە هەدەف ونیشان .

٤)لێک بڕنەکردن وجودا نەکردنەوەی باڵندەی بچوک و حەیوانات لەدایکیان :

پێغەمبەری خوا - ﷺ - لەسەفەرێکدا بوو لەگەڵ هاوەڵاندا ، هاوەڵان تەیرێکی هاوشێوەی چۆلەگەیان بینیەوە کەدوو بەچکەی بچوکی لەگەڵ بوو ، بەچکەکانیان گرت ، باڵندەکە هات بۆ جێگەی بەچکەکان

وبەتوندی باڵەکان دەجوڵاند ، وەک ئەوەی شکایەتی حاڵی خۆی لای پێغەمبەر ﷺ بکات.

پێغەمبەر - ﷺ -لەمەبەستی باڵندەکە تێگەیشت ، وفەرمووی : (من فجع هذه بولدها؟ ردوا ولدها إليها) [أبوداود].

واتە : کێ ئازاری ئەمەی داوە ؟ بێچووەکەی بۆ بگێڕنەوە.

٥) نەشێواندنی ئاژەڵ :

پێغەمبەر - ﷺ - فەرموویەتی (من مَثَّل بحيوان فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين) [الطبراني].

واتە : هەرکەسێک ئاژەڵێک بشێوێنت ئەوا لەعنەتی خودا وفریشتەکان وهەموو خەڵکی لێ بێت .

٦) نەکوشتنی مەگەر بۆ زەڕووڕەت نەبێت.

٧) چارەسەر کردنی ئاژەڵ کاتێ کەنەخۆش دەکەوێت ، ومامەڵە کردن لەگەڵی بەلەسەر خۆییەوە .

## ٦٠. ئادابی نوستن وخەون بینین :

### یەکەم : ئادابی نوستن :

١) داخستنی دەرگاکان ،وکوژاندنەوەی گڵۆپ وئاگر پێش نوستن .

٢) دەست نوێژ گرتن پێش نوستن بەتایبەت گەر لەشی گران بوو.

٣) تەکاندنی جێگا پێش پاڵ کەوتن لەسەری.

٤) دڵی پاک کاتەوە لەهەموو ڕق وکینەیەک بەرانبەر بەموسڵمانان.

٥) موحاسەبەی نەفسی خۆی بکات ، وتەماشای کردەوەکان وقسەکانی ڕابردووی بکات .

٦) پەلە بکات لەتەوبە کردن لەهەموو تاوانەکان ، وداوای لێخۆش بوون بکات .

٧) نوستن لەسەر لای ڕاست، دانانی ڕومەتی لەسەر دەستی ڕاستی.

٨) خوێندنی شتێک لەقورئان : وەک و (آية الكرسي ) وکۆتایی( سورة البقرة)وخوێندنی سوڕەتی (تبارك والسجدة)، وکۆکردنەوەی دەست وخوێندنی سوڕەتی ( الناس والفلق والإخلاص) لەگەڵ فوو کردن پێیدا وهێنانی دەست بەلاشەدا سێ جار.

٩) خوێندنی هەندێ زیکر ودوعا وەک : (سبحان الله)(الحمد لله) و ( لا إله إلا الله ) کردن .

١٠) بینینی خەو وئەوەی دەیڵێت ودەیکات لەکاتی خەو بینیندا .

١١) باش نییە نوستن لەسەر دەم.

١٢) نەنوستن پێش عیشا وقسە نەکردن لەدوایەوە.

١٣) باش نییە لەسەر بانێک بنوێت کەشوورەی نەبێت.

١٤) با کۆتا قسەی ئەم پاڕانەوەیە بێت : ((باسمك اللهم وضعت جنبي وباسمك أرفعه، اللهم إن أمسكت نفسي فاغفر لها ، وإن أرسلتها فاحفظها بما تحفظ به عبادك الصالحين، اللهم إني أسلمت نفسي إليك، وفوضت أمري إليك، وألجأت ظهري إليك، أستغفرك وأتوب إليك، آمنت بكتابك الذي أنزلت ، وبنبيك الذي أرسلت، فاغفر لي ما قدمت وما أخرت، وما أسررت وما أعلنت، وما أنت أعلم به مني، أنت المقدم وأنت المؤخر، لا إله إلا أنت، رب قني عذابك يوم تبعث عبادك)).

١٥)کاتێ کەشەو بەخەبەر دێت سوننەتە بڵێت: ((لا إله إلا الله الواحد القهار، رب السموات والأرض وما بينهما العزيز الغفار )).

١٦)گەر توشی دڵەڕاوکێ بوو بەشەو ویاخود داچەڵەکا بابڵێت: ((أعوذ بكلمات الله التامات من غضبه وعقابه، وشر عباده، ومن همزات الشياطين وأن يحضرون)).

١٧) چاو ڕەشتن لەکاتی نوستندا .

**دووەم : خەو بینین :**

١) کاتێ خەوێکی بینی کەپێی خۆش بوو ئەوا سوپاسی خوا دەکات لەسەری وبۆکەسی ناگێڕێتەوە جگە لەو کەسانە نەبێت کەخۆشەویستین .

٢) وەئەگەر خەونی ناخۆشی بینی ئەوا پەنا دەگرێ بەخودا لەشەڕی ئەو خەونە ، وسێ جار تف دەکات بەلای چەپیدا ،و پەنا دەگرێ بەخودا لەشەیتان ، ئەو لایەی دەگۆڕێت کەخەونەکەی لەسەر بینیبوو ، وەلای کەس باسی ناکات ، وبا هەستێت وئەوندەی بۆی کرا نوێژ بکات چونکە ئەوە باشتر وتەواو ترە .

# ناوەڕۆک

پێشەکی..........................................................٥
١. ئەدەب لەگەڵ خودادا :...........................................١٥
٢. بەئەدەب بوون لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ :....................٢٥
٣- بەئەدەب بوون لەگەڵ نەفسی خۆتدا :.............................٣٠
٤- ئادابەکانی هەستان لەخەو :.......................................٣١
٥. ئادابەکانی دەس بەئاو گەیاندن وچوونە سەرئاو :.................٣١
٦- ئادابەکانی دەس نوێژ...............................................٣٣
٧- ئادابی خۆشوشتن ومەلە کردن:.....................................٣٤
٨- ئادابی جل لەبەر کردن :...........................................٣٤
٩-. ئادابی خۆ جوان کردن :...........................................٣٦
١٠- ئادابی لەپێ کردنی پێڵاو...........................................٣٨
١١- ئادابی ڕێکردن بەڕێگادا............................................٣٨
١٢- ئادابی چوون بۆ مزگەوت...........................................٣٩
١٣- ئادابی ڕۆژی هەینی :...............................................٤١
١٤- ئادابی سەلام کردن :...............................................٤٢
١٥- ئادابی ڕوخسەت خواستن و ئیزن وەرگرتن :.........................٤٦
١٦- ئادابی سیلەی ڕەحم :...............................................٤٨

١٧- ئادابی گەیشتن بەدۆست وبرادەر :...................................٤٩
١٨-ئادابی سەردانی کردنی برایان :..........................................٤٩
١٩- ئادابی هاوڕێیەتی...........................................................٥٠
٢٠- ئادابی میوان دارێتی :......................................................٥١
٢١- ئادابی مەجیلس :.............................................................٥٥
٢٢- ئادابی قسەکردن :...........................................................٥٧
٢٣- ئادابی خواردن :..............................................................٥٩
٢٤- ئادابی ئاو خواردنەوە :......................................................٦٣
٢٥- ئادابی زیکر ویادی خوا :...................................................٦٥
٢٦- ئادابی خوێندنی قورئان :....................................................٦٦
٢٧- ئادابی سەفەر :................................................................٦٩
٢٨- ئادابی چوونە ماڵ.............................................................٧٣
٢٩. ئادابی دیار وهەدیە :..........................................................٧٣
٣٠- ئادابی سوار بوون وڕێ کردن :............................................٧٤
٣١- ئادابی ڕێگا وبان :.............................................................٧٥
٣٢- ئادابی دراوسێ :..............................................................٧٥
٣٣- ئادابی پژمین وباوێشکدان :.................................................٧٦
٣٤- ئادابی هاوڕێیەتی وهەڵس وکەوت لەگەڵ برادەران :.................٧٨
٣٥- ئادابی فەرمان کردن بەچاکە وڕێگری کردن لەخراپە :..............٨٣

٣٦- ئادابی دوعا وپاڕانەوە :..........................................٨٥
٣٧- ئادابی نوێژ کردن :.............................................٨٨
٣٨- ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ دایک وباوکدا :..............٩٥
٣٩- ئاداب لەگەڵ منداڵ................................................٩٦
٤٠- ئادابی خوێندن وقوتابخانە :......................................١١٣
٤١- ئادابی عالم ومامۆستا وفێر خواز :..............................١١٧
٤٢- ئادابی ڕۆژوو :...................................................١٢٠
٤٣- ئادابی دوو جەژنەکە :.............................................١٢١
٤٤- ئادابی زەکات وسەدەقە :.........................................١٢٢
٤٥- ئادابی حەج وسەردانی کردنی ماڵی خودا :.......................١٢٣
٤٦- ئادابی کار کردن وکڕین وفرۆشتن :.............................١٢٦
٤٧- ئادابی گەشت وگوزار :............................................١٣٥
٤٨- ئادابی ئامۆژگاری :................................................١٣٧
٤٩- ئادابی بانگوازی وبانگ کردنی خەڵک بۆلای خودا : ............١٤١
٥٠- ئادابی حیوار وگفتوگۆ :...........................................١٥١
٥١- ئادابی نەخۆشی وسەردانی کردنی نەخۆش : ......................١٥٤
٥٢- ئادابی سەردانی کردنی نەخۆشێک کەلەسەرە مەرگدایە : ....١٥٨
٥٣- ئادابی جەنازە :.....................................................١٥٩
٥٤- ئادابی سەردانی کردنی گۆڕستان وتەعزیە:........................١٦١

٥٥- ئادابی نیکاح وزەواج کردن :.................................١٦٣

٥٦- ئادابی ژن ومێرد :.........................................١٦٥

٥٧- ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتدا :.................١٦٦

٥٨. ئادابی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ خزمەتکاردرا :..............١٦٧

٥٩. ئاداب لەگەڵ حەیواناتدا :.....................................١٦٩

٦٠. ئادابی نوستن وخەون بینین :..................................١٧٣